# بۆ یەکەمینجار بەدرخان شوناسنامەی ئەمین عالی بەدرخان بڵاودەکاتەوە




بەدرخان

Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

هەفتەنامەیەکی ڕۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٤٧)، یەک شەممە، ئابی ٢٠١٠/٨/٢٢ زایینی - بەرانبەر بە گەلاوێژی ٢٧١٠ی کوردی - ساڵی دەیەم


## دەقی وەرگێڕدراوی شوناسی ئەمین عالی بەدرخان لە زمانی عوسمانلییەوە

**خوێندنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: حەمید بەدرخان**



ئەو بەڵگەنامە گرنگەی کە شوناسی ئەمین عالی بەدرخان پاشازادەیە لە ئەرشیفی شازادە سینەم خان جەلادەت بەدرخان پارێزراوەو ئەویش پاش زیاتر لە سەدەیەک پاراستوویەتی و بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو شوناسە و بە مەبەستی زیاتر ناساندنی "ئەمین عالی بەدرخان پاشا" کە ناو و نازناو و ناوی باوک و دایک و شوێنی نیشتەجێ بوون و ڕۆژی لەدایک بوون "بەداخەوە دیار نییە، بەڵام بەپشت بەستن بە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی کە کتێبی "بدرخانیو جزیرە بوتان" کە لە نووسینی مالمیسانژ"ە ڕاستی مێژووی لەدایکبوونەکەیمان خستۆتەڕوو "١٨٥١- ١٩٢٦"ە، لەگەڵ خاسیەتەکانی کەسێتی کە بریتین لە:"درێژی، چاو، روخسار، ژمارەی گەڕەک و ناوی گەڕەک و کۆڵان و ..هتد" تێدا هاتووە، کە ئەو شوناسە بە مێژووی رومی نووسراوە ٢١ی تەموزی ٣٢٤" دیارە لەو ڕۆژە ئەمین عالی بەدرخان ئەو شوناسەی دەرهێناوە، دیاریشە کە ئەوکات سەردەمی حوکمرانی عوسمانلییەکان بووە، ئەو لە شاری حەما ژیاوە و لە پاشان لە ساڵی ٣٣٠ی رومی چۆتە ئەستەنبوڵ لە قەزای ئوسکدار ژیاوە، کە لەبەشی ڕۆژئاوای ئەستەنبوڵ نیشتەجێ بووە.

لەو بەڵگەنامەیەی کە بۆ یەکەمجارە بەدرخان بڵاوی دەکاتەوە، دەقی وەرگێڕدراوی شوناسی ئەمین عالی بەردخان بە زمانی کوردی و عوسمانلی بڵاو دەکەینەوە، کە لە ئەرشیفی تایبەتی شازادە سینەم خان جەلادەت بەردخان وەرگیراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ل١٤

## ئەحمەد موفتی: بەکارهێنانی وزەی خۆر ئابووری کوردستان پێش دەخات

**ئا: بەدرخان**

ئەحمەد ئیحسان ڕەشاد موفتی، ئەو گەنجەی لە مەملەکەتی خۆی"کوردستان"زیرەک و لێهاتوو، لە وڵاتی غەریبانیش"هۆڵەندا"هەر زاناو دانا، ئەو کوڕی بنەماڵەیەکی خوێندەواری دنیا دیدەی ئاپینپەروەرو نیشتیمانپەروەرە، ئەحمەد ئیحسان ڕەشاد موفتی هەولێری، پاش تەواوکردنی خوێندن لە وڵاتی هۆڵەنداو وەرگرتنی پسپۆری لەبوارەکانی وزەو کارەباو نەوت، دەگەڕێتەوە کوردستان و لەبەرامبەر سەلیقەو چەندین پرۆژەی جیا جیا، کە لای گەلاڵە بووە، بەدرخان لە بەشی یەکەم بەباشی زانی ئەو دیدارەی لەگەڵ ئەنجامبداو بەچەندین پرسیار ئەحمەد موفتی بجوڵێنێ و بیهێنێتە قسەو زۆرجاریش دەیگوت: من بۆ دیداری ڕۆژنامەنووسی زۆرم ماوە، بەڵام قسەکانی موفتی ئەوەندە ئەکادیمی و زانستیانە بوو، هەر دەتگوت چەندین ساڵە لەوبوارە کاردەکات..

ئەحمەد ئیحسان ڕەشاد موفتی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨١ی شاری هەولێرە، لە ئامادەیی کوردستان لە هەولێر تاکو پۆلی چواری ئامادەیی خوێندووە، دواتر لە هۆڵەندا ئامادەیی تەواو کردووە.

ئەحمەد خۆی باسی ئەوە دەکا کە لەوێ ویستوویەتی بچێتە زانکۆ، لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ ٢٠٠٢ ئامادەیی تەواو کردووەو لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە لە ئەندازیاری کیمیا، لە هەمان کاتدا لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٧ دوو ساڵ دبلۆمی باڵای وەرگرتووە لە زانستە سیاسییەکان، دوای ئەوە بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئیدارەی سامانە سروشتییەکان و ژینگە، پسپۆڕایەتیشی وەرگرتووە لە بواری وزە.

وەکو کارکردنیش لە کۆمپانیای "Shell" نەوت کاری کردووە، لە کۆمپانیای "Akzo-Nobel"، لە کۆمپانیای "DHV" کە یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی ڕاوێژکاری ئەندازیارییە، دواکاری لە پەیمانگای "TNO" لێکۆڵینەوەی ستراتیژی وەرگیراوە ئەویش دوای ئەوەی ٦ تاقیکردنەوەی پراکتیکی و ٤ تاقیکردنەوەی ئەزموونی ئەنجامداوەو تاکە بیانی بووە لەو پەیمانگایە لەناو ٢٢٠٠ بەشداربوو بۆ ١٢ پۆست وەرگیراوە.



**لە دیدارێکی بەدرخاندا چەند پرسیارێکمان بەرەو رووی کردەوە. لەم بارەیەوە لە ل٣ دیدارەکە بخوێنەرەوە.**

## راگەیاندراوێک لە لیژنەی باڵای هەشتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە پاریس

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بەنیازە لە رۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی ٢٠١١/٤/٢٢ لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا هەشتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان بۆ ڕۆژنامەنووسی و کەلتووری سازبدات، بۆیە داوا لەسەرجەم نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و لێکۆڵەران و هونەرمەندان و فیلمسازانی کورد بە هەردوو رەگەزی نێر و مێ دەکات، کە تا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ سەربوردەنامەی خۆیان و کورتەیەک لەو بەرهەمەی کە بەنیازە بەشداری لە فێستیڤاڵ پێبکات، ڕەوانەی نووسینگەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بکات، بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن و بڕیار لەسەردان، تاوەکو باشترین و شایستەترین بەرهەم و کەسایەتی لەم فێستیڤاڵە بەشداربن.

**لیژنەی باڵای هەشتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان**
**٢٠١٠/٨/٢٢**


لەم ژمارەیەدا

* کێ بەرپرسیارە لەو گرانییەی ڕووی لەبازاڕەکان کردووە؟ ل٢
* دەردو مەینەتییەکانی بازاڕی پیرەژنان لە ڕیپۆرتاژێکی بەدرخاندا. ل٢
* ئارایشگاو پێشوازی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە. ل٥
* زیرەک... ژیانێک .. پڕاو پڕ لە داهێنان .. لێوانلێو لە دەربەدەری. ل١٢-١٣
* زۆری دۆبلاژ کراوەکان لەڕاگەیاندنەکانی کوردی. ل١٨
* ئایا کچانی دەرچووی ڕاگەیاندن، تاچەند ئامادەن خزمەت بەبوارەکەیان بکەن؟ ل١٨
* عەلی حەسەن و هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان لەشۆڕشی ئەیلول لەمەدالیای ئیفتیخاریدا. ل٦
* باوکم بۆی گێڕامەوە گوتی: Kurdistan is hot point (کوردستان خاڵێکی گەرمە). ل٩
* لە چلەی شۆڕشگێڕی ماندوونەناس مام عەریف سلێمان. ل٧
* تاکە تاوانیان عەشقێکی ڕاستەقینە بوو. ل٥


## دوو هونەرمەند لە پێشانگایەکی هاوبەشدا





**کاکۆ/ بەرلین**

لەم ڕۆژانە لەشاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا، هەردوو هونەرمەند فەهمی باڵایی و مەنسوور بەکری پێشانگایەکی شێوەکاریان کردەوە. ئەم پێشانگایە لە هۆڵی یانەی ڕافیدینی عێراقی خرانەڕوو.

ل١٠

## ئەو ڕۆژەی بابا نۆئیل گریا ...
## فیلمێک دەبێت هەمووان بیبینن

**هەوراز محەمەد**



ئەم فیلمە لە بەرهەم و دەرهێنانی (ڕەحیم زەبیحی)یە. هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی هەڵەبجە، لە دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر کارەساتەکەدا. لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانێکەوە کە بەهۆی لەدەستدانی خێزانەکەیەوە لە بارێکی پەشێویی دەروونیدا دەچی و ژیانی بریتییە لە ڕابردوو. زەمان بۆ ئەو بریتییە لە چرکەیەکی تێپەڕیوو و لە هەمانکاتیشدا وەستاو. تێپەڕیو وەک ئەوەی کۆتایی پێهاتووە. وەستاو وەک ئەوەی بەردەوام ئەم کارەکتەرە لەو چرکەساتانەدا دەژی و ناتوانێت قبوڵی زەمانێکی جیاوازتر بکات، ناتوانێت قبوڵی ئەوە بکات ئاهەنگی سەری ساڵ بگێڕێت و ژن و منداڵەکەی لەگەڵ نەبێت.

ل١١

## ڕازاو بۆ یەکەمجار
## لە پێشانگاکەی خۆیدا لەپاڵ تابلۆ و پەیکەر گۆرانی فۆلکلۆری چڕی

**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

ڕێزان عومەر ڕەزا ناسراو بە ڕازاو، ئەگەرچی خۆی دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانییە، وەلێ لە سەرەتاوە ئەو وەک گۆرانیبێژەک دەرکەوتووە، سەرەتای کاری لە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان بوو، کە لە ئاوازی عەدنان کەریم بوو، دواتر سلێمانی جێهێشتووەو لەگەڵ ئاکۆی هاوسەری ڕوویکردۆتە هەندەران و لەوێ نیشتەجێ بوونە، لەو گەشتەیدا بۆ کوردسان بەنیازی کردنەوەی پێشانگایەکی کارە دەستییەکان و کلیپکردنی گۆرانییەکی گەڕاوەتە کوردستان.

ل١٠



www.arsivakurd.org

ژمارە (١٤٧) ئابی ٢٠١٠/٨/٢٢ زایینی
گەلاوێژی ٢٧١٠ی کوردی

ئاراستەی سێیەم



سمکۆ عەبدولکەریم

## هەموومان وەک یەک بیر دەکەینەوە

لە وڵاتێکدا دەژین، خۆشیت بێت و ناخۆشیت بێت، دەبێت هەموومان وەک یەک بیربکەینەوە، بەڵام مەرج نییە وەک یەک بژین، یانی ناکرێ ئەگەر هەرچەندە کەسانێک هەبن لە کەسانێک شیاوترو لایقتریش بن، بەڵام بەهەر هۆیەکەوە بێت لەشوێنی شیاوی خۆیان دانەنراون، مانای وابێت لەم وڵاتەدا دادپەروەری نییە، چونکە هەر هەموومان بە سیاسی و ناسیاسییەوە، بە پرۆفیسۆرو ئوستادو رۆشنبیرو خوێندەوارو نەخوێنەوارەوە وەک یەک تێدەگەین و بیردەکەینەوە، ئەگەر واش نەبێت، هەر دەبێت قەناعەت بە خۆمان بێنین بۆ ئەوەی وەک یەک بیربکەینەوە، هەرنا دەکرێ لەسەرەوە جیاواز بین و لە ژێری ژێرەوەش وەک یەک بین و وەک یەک بیربکەینەوە.

زۆرجاریش پیاو ناچار دەکرێت وەک یەک بیربکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەمنی قەومی وڵات پارێزراو بێت، بۆیە بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە گشتییە پێویستە هەموومان وەک یەکبیربکەینەوەوهەموومان ببینە بەشێک لە دەسەڵات و دەسەڵاتیش ببێتە بەشێک لە جەستەی کۆمەڵگا، ئەوکاتەش دەکرێ لانی کەم هەموومان وەک یەک بژین و خێرو بەرەکەتەکە بۆ هەمووان بێت.

هەموومان لە یەک کاتدا ببینە خاوەنی ڤێلاو ریزە دوکان و کۆمپانیاو پرۆژەی وەبەرهێنانی زەخم زەخم، دەشتوانین هەم سیاسی بین، هەم بازرگان، ئەمە جگە لەوەی دەشتوانین لە یەک کاتدا هەم بەشداربین لە دەسەڵات، هەم بەشێک بین لە موعارەزە، لە هەمووشی خۆشتر دەتوانی قسە لەسەر عەرش و قورشی دنیاش بکەیت کەس تێت هەڵنادات.

ئەگەر وەک یەک بیربکەینەوە دەتوانی بچیتە وڵاتێکی ئەوروپی و لەسەر شەرەفی دەسەڵات بەبێ موشکیلە مافی پەنابەری وەربگریت و یەکسەر بگەڕێیتەوە وڵاتەکەشت.

لەوە خۆشتر هەیە لەیەک کاتدا ئەهلی و سەربەخۆو ئازادو هەموو شتێک بیت و هیچیش نەبیت، لەوەخۆشتر هەیە، هەبێت بە کەیفی خۆی قسە بکات، هەشبێت بە کەیفی خۆی باڵەخانەی بەرز بەرز، بەرز بکاتەوە.

جا کە هەموومان وەک یەک بیر دەکەینەوە و وەک یەک هەین قەی چی دەکا با سەندیکای رۆژنامەنووسانیش هەندێ جار بەرگری لە دەسەڵات بکات، خۆ دنیا کاول نابێت، هەندێ جاریش هەندێ کەس بە جۆرێک قسە دەکەن وەک بڵێی ئەوان وەک یەک بیرناکەنەوە، ئاخر ئەتو هەر لە سەرەتاوە وتووتە سەندیکای رۆژنامەنووسان سەندیکای حزبەو ئامادەش نیت ببێتە ناویەوە، ئێ خێرە لە سەر بەیاننامەیەک دنیات لێ وێک هاتۆتەوەو دەڵێی سەندیکای رۆژنامەنووسان بە قسەی حزب بەیاننامە دەردەکات.

smkobsat@yahoo.com

# کێ بەرپرسیارە لەو گرانییەی ڕووی لەبازاڕەکان کردووە؟

## گرانی بازاڕ لەڕەمەزان هاووڵاتیان نیگەران دەکات

ئا: ساکار کەمال حوسێن*

ئەگەر هات و بەشێوەیەکی وردبینانە سەیری جموجۆڵی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین جۆرە پەرش و بڵاوی و بێ سەروبەری و بێ کۆنترۆڵییەک لەژێر ناوی بازاڕی ئازاد بەرچاو دەکەوێت.

هەر فرۆشیارێک بەجۆرێ نرخ لە سەر شتومەک دادەنێ، لەڕەمەزانیشدا نرخەکان بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، لەتوانای خەڵکی فەقیرو هەژار نامێنێت، ئەمەش نیگەرانی لای هاووڵاتیان دروست دەکات بەجۆرێک کەجۆرەها کەل و پەلی بێ کەڵک و ماوە بەسەرچوو و کوالێتی نزم دروستکراو بەرچاو دەکەوێت، سەرەڕای بەرزی نرخەکەشی هۆکارەکەی نەبوونی هیچ پلان و پێشنیاز و بڕیارێکی حکومەتە بۆ ئەم بارودۆخەی بازاڕ و ئەگەر هەشبووبێت بەشێوەیەکی کەم و لاواز بووەو کاریگەری نەبووە، هاوردەکردنی کەل و پەل لای بازرگانەکان کەتەنها بیر لەبەرژەوەندی خەڵک ناکەنەوە، ئەمەش وایکردووە هەزارەها جۆر لەکەلوپەلی بێ کەڵک بێتە ناو هەرێم بەبێ هیچ چاودێرییەک کە دەبێتە هۆی ڕوودانی هەڵاوسان و نەبوونی هۆشیاری لای خەڵک بۆ ئەوەی وریابن لە کوالێتی کەلوپەلەکان لەکاتی کڕیندا.

بە پێویستمان زانی لەم ڕیپۆرتاژەدا بۆچوونی خەڵک و فرۆشیاران وەربگرین سەبارەت بە هۆکارەکانی گرانی بازاڕ لەڕەمەزان، کە بۆچی دەگەڕێتەوە و چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی چارەسەربکرێ؟

(جەلال حەسەن) وەک کڕیارێک باسی لەو گرانبوونەو هۆکارەکەی کردو وتی:( تەماعی خەڵکە لەم مانگە کەچی ژەمێک لەخواردن کەمبۆتەوە، بەڵام خەڵکەکە زیاتر شتومەک دەکرێ و بۆ ژەمی ئێواران چەندین جۆر لەخواردن دادەنێت، کەچی تەنها یەک جۆری بۆ دەخورێت، زیادە مەسرەفییە، دوکاندارانیش ئەم هەلە دەقۆزنەوە بەگران شتەکان دەفرۆشن تا هەندێکیان سوێندیش دەخۆن، کە لەشوێنی خۆی ئاوا گرانە ئەی بۆ پێشتر وانەبوو، بۆیە داوا لەلایەنی بەرپرس دەکەم چاودێرییەکی ڕێکوپێکی بازاڕەکان بکات بەدانانی نرخ لەسەر شتومەک،فرۆشیارانیش کەمێک ویژدانیان هەبێ بەتایبەتی لەم مانگە بەرەحمەتە، چونکە خەڵکی دەوڵەمەند بەهەر نرخێک بێ دەتوانێ شتومەک بکڕێ تەنها بێبەشکردنی خەڵکی فەقیرو لێقەوماوە لەم شتومەکانە، کە توانای نییە بیانکڕێ).

مامۆستا (دلڤین) خەریکی کڕینی زەیت بوو کاتێ پرسیارمان لێکرد، بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:(ئێمە خۆمان بە نەتەوەیەکی موسڵمان دادەنێین، بەڵام بەداخەوە ئەو گرانییەی لەبازاڕ دەبینین نیشانمان دەدات کە چەندە موسڵمانین، لەجیاتی ئەوەی یارمەتی هەژارو کەمدەرامەتان بدەین بەداخەوە هەڵدەستن شتومەک گران دەکەن و بازاڕ دەشێوێنن هەرچەندە مووچەش زۆرە، بەڵام فریای ناکەوین پێویستە حکومەت یاسایەکی هەبێت نرخ لەسەر شتومەک دابنێت).

خاتوو (لەنجەی) تەمەن (٣١)ساڵ بەنیگەرانییەوە باس لە بێ ویژدانی دوکانداران و فرۆشیاران دەکات و دەڵێت:(داواکارم ڕەمەزان بەم شێوەیە بەکارنەهێنرێت و بازرگانان و دوکانداران وەک هەل نەیقۆزنەوە، بەڵکو بەویژدانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و نرخ دابنێن لەسەر کاڵا یان هەروەکو پێش ڕەمەزانی لێ بکەن ئەگەر ئامادەنین داشکاندنیش بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی کەمدەرامەت توانای کڕینی هەبێت).

دوکاندارانیش بۆچوونی خۆیان هەیە و بەم جۆرە هۆکارەکانی گرانی بازاڕەکان لەرەمەزان دەخەنەڕوو، (ئەحمەد عەزیز) لە دوکانەکەیدا هەموو جۆرە کەل و پەلێکی دەفرۆشت بە تاک و بەکۆ لەبازاڕی شێخەڵڵا وتی:(بازرگانان بەگرانی شتەکان دەفرۆشنە ئێمە دەبێ دوکانداریش قازانجی خۆی هەبێت، خەڵکیش شتومەک زۆر دەکڕێت و ئەزمەی زۆر پەیدادەکات ئەمە هۆکارەکەیەتی).

(گرانی کەل و پەل لەدەست ئێمە نییە بازرگانان بەگران بەئێمەی دەفرۆشن ئێمەش شتێک دەخەینە سەری بۆ قازانجی خۆمان) ئەوە بۆچوونی (جەمیل ئیسماعیل)ی خاوەن دوکان بوو لەبازاڕی شێخەڵڵا.



دیمەنێک لە بازاڕ

یەکێک لەخاوەن دوکانەکان خەڵک بەهۆکاری بەرزبوونەوەی نرخەکان دادەنێ، بەبڕوای ئەو خەڵک لەپێویستی خۆی زیاتر شتەکان دەکڕێ : (گرانبوونی کەل و پەل لەدەست ئێمە نییە، لەشوێنی خۆی گرانبووە، بۆ نموونە کارتۆنی ئاوەتەماتە (٢) دۆلار گرانبووە و کارتۆنی زەیت (٤) دۆلار گرانبووە، تەنەکەی ڕوونیش گران بووە، خەڵکەکەش هۆکارێکن بۆ دروستکردنی ئەم گرانییە یەک تەنەکە ڕوونی دەوێ (٤) تەنەکە دەکڕێ، یەک کارتۆن زەیتی پێویستە (٥) کارتۆن بەسەر یەکەوە دەکڕێ)، ئەوانە ڕای (ئیسماعیل عەزیز)ە کە بە قەناعەتێکی تەواوەوە ئەو قسەیە دەکا.

خاوەن مارکێتەکان بۆچوونی خۆیان هەیە، بەم شێوەیە باس لەگرانی بازاڕ دەکەن لە ڕەمەزان، (هەژار چەتۆ ) لە سوپەرمارکێتەکەیدابوو خەریکی فرۆشتنی شتومەک بوو وتی: (شتومەک زۆرە و ڕێگری لێ ناکرێت و سانسۆری لەسەر نییە بە تایبەتی لەنرخ جیاوازی هەیە، هەیە جۆرە کاڵایەک بە (٤) هەزار دەفرۆشێ هەیە هەمان جۆر بە (٢) هەزار دەفرۆشێ یان ئەگەر جۆرە کاڵایەک داواکاری زۆری لەسەربێ و لەبازاڕیش کەم بێ نرخەکەی گران دەبێت).

(زانکۆ سەلمان) خاوەنی سوپەرمارکێتی گوڵان لە شەقامی (٢٠)مەتری هەڤاڵان بەم جۆرە بۆمان دوا :(لەبەرئەوەی مارکێتەکان شتومەک زیاتر خەزن دەکەن، بازرگانەکان بەگران پێمان دەفرۆشن وخەڵکیش تاڕادەیەک شتومەک زۆر دەباتەوە بۆ ڕەمەزان خەزنی دەکات و داواکاری زۆری لەسەرە بۆ ماوەی مانگێک وەکو: برنج، هێلکە، ماست ... هتد).

خاوەن سوپەرمارکێتێک وێڕای پشتراستکردنەوەی ڕایەکانی پێشوو، ئەو بازرگانان بەبێ ویژدان ناودەبات:(بێویژدانی بازرگانەکانە هۆکاری تریش گرانبوونی نرخەکەیەتی یان داواکاری خەڵک زۆرە بۆ کاڵا لەم کاتەدا بۆ نموونە زەیتی زێر پێشتر کارتۆنی بە (٢٩) هەزاربوو ئێستا بە (٣١) هەزارە جگە لەوەی لەبازاڕەکان زۆر زۆر بەکەمی دەست دەکەوێت) ئەوەش بۆچوونی (مەهدی محەمەد) خاوەنی سوپەرمارکێتی (میدیا) بوو.

گۆشتیش یەکێکە لەو کەلوپەلانەی گرانبوونی نرخ دەیگرێتەوە، (عوسمان عەبدولڕەحمان) خاوەنی چێشتخانەی قەساب بەم جۆرە ئاماژە بەوە کرد:(بازرگانەکان گۆشت بەگران بەئێمە دەفرۆشن، ئێمەش ناچارین گرانی بکەین، ئەمرۆ بازاڕ ئازادە هەرکەسەو بەرژەوەندی خۆی دەوێت و تەنها خەڵکی فەقیر لەم ناوەدا زەرەر دەکات).

(مەجید حاجی فەهیم) وەکو بازرگانێک باسی لە مەسەلەی گرانبوونی شتومەکەکان کرد لە مانگی ڕەمەزان، ئەو ئاماژەی کرد بۆ :( خەڵک گلەیی لەئێمە دەکات کە شتومەک گرانە، بەڵام لەڕاستیدا خەتای ئێمە نییە شتومەک هەیە لەشوێنی خۆی گرانە هەشە هەرزانە، جگە لەوە لە ئێستادا کرێی هێنانی کەل و پەلیش لەدەرەوە زیادی کردووە لەچاو جاران، بۆیە کابرای بازرگان دەبێت نرخی شتومەکەکان گران بکات، ئەگەرنا بۆی دەرناهێنێ).

مامۆستا (مەلاخالید عومەر ئەحمەد) وەک مامۆستایەکی ئایینی لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە باس لەو کەسانە دەکا کەنوێژدەکەن و بازاڕ گران دەکەن:(ئەو کەسانەی کە نوێژ بەجەماعەت دەکەن و تەراویح دەکەن و واجبەکانی تر جێبەجێ دەکەن لەهەمان کاتدا شتومەک گران دەکەن بەراستی ئەوە تاوانە، چونکە مانگی ڕەمەزان مانگێکی پڕ لەخێرو بەرەکەتە، دەبێت هەرزانی و خۆشی بخاتە ناو شارو بازاڕ لەبەرئەوەی خەڵکی فەقیرمان زۆرە تا شتومەکی زۆریان پێبکرێت، چونکە نەفسیان تێدا هەیە ئەگەر گران بوو پێیان ناکرێت و لەهەمان کاتدا بەرۆژییەو برسیەتی، بۆیە هەموو جۆرە دوعایەک دەکات، بۆیەش ئەوکەسە تاوانبارە کە دەچێتە نوێژ و شتومەک گران دەکات خودای گەورە لەقورئان دەفەرموێت "ئەو کەسانەی نوێژدەکەن دەبێت ئەم نوێژە دوورتان بخاتەوە لە کاری خراپ و تاوان" ئەو کەسەی کەبازاڕ گران دەکات یەکێکە لەم تاوانانەی کە خودای گەورە باسی دەکات بۆیە نابێت لەسنووری ئیسلام بچێتە دەرەوە، لە وڵاتانی تر لەبۆنەکانی تایبەت بەخۆیان خۆشی و هەرزانی دەهێننە ناوخۆیان، لە بەرئەوەی پلەی مرۆڤایەتییان هەیە ڕاستە لەئیسلام دوورن، بەڵام خۆشەویستییان بۆ یەکتری هەیەو یارمەتی یەکتری دەدەن، نەوەک پشتی یەک لە عاردی بدەن خودای گەورە دەفەرموێت: "ئەی بەندەکانم من زوڵم لەسەر نەفسی خۆم حەرام کردووە، ئێوەش لەنێوان خۆتان زوڵم لەیەکتری مەکەن" بازاڕگرانکردنیش یەکێکە لەم زوڵمانەی کەخودای گەورە باسی کردووە) .

لەکۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین پێویستە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی حکومەتی هەرێم چەندەها یاساو ڕێنمایی دەربکات بۆ بازرگانەکان، گرنگیشە پابەندبن بەرێساو ڕێنماییەکان و لەکاتی جێبەجێنەکردنی ڕێوشوێنی پێویست و توند بەرامبەریان بگیرێتەبەر، بەداهاتنی هەربۆنەیەک نرخ دیاری بکرێت و لەسەر کەل و پەلەکان دابنرێت، ڕۆژانە لێژنەی چاودێری سەردانی بازاڕەکان بکەن، بۆ ئەوەی جموجۆڵی بازاڕەکان ببیستن و هەر کارێکی نەشیاو بەپێچەوانەی ڕێنماییەکان بێت کاری پێویستی بۆ بکرێت و کەسەکە سزابدرێت تاوەکو دووبارە نەبێتەوە و بازاڕەکان بەشێوەیەکی ئاسایی جموجۆڵ بکەن.

وێڕای ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەهی لەوجۆرەکارانەو قۆرخکردنی بازاڕ کردووە، هاووڵاتیانیش نیگەرانن بەوکارە .

*دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ٢٠٠٩-٢٠١٠

# دەردو مەینەتییەکانی بازاڕی پیرەژنان لە ڕیپۆرتاژێکی بەدرخاندا

هەر شارێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بگرین، بازاڕی کۆنە فرۆشان دەبینین، شاری هەولێریش شارێکە لەم شارە کۆنانەی کە لە دێر زەمانەوە بازاری کۆنە فرۆشانی تیایە بە ناوی (بازاری پیرەژنان) کە مانای فرۆشیارە بە تەمەندا چووەکان دەگەیەنێت.
هەرچەندە هەولێر تا عەیامێکی دوورودرێژ مەڵبەندی شەڕوشۆڕ ئاژاوەی ڕۆژگار بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەمسەرێکی گرنگی جۆرەها بازرگانی بووە.
لەم ریپۆرتاژە ئاماژە بەو ئافرەتانە دەکەین کە ساڵانێکە خەریکی فرۆشتن و کڕینی شتە کۆنەکانن...

ئا: بەناز عەبدولقادر پیرخدری*

دایکی عەلی یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە چەندین ساڵە خەریکی ئەم کارەیە، پیرێژنێکی بە تەمەنە و دایکێکی جەرگ سووتاوە بە چاوی پڕ گریانەوە دەستی خستە سەر کولمی بە دڵێکی پڕ لە خەمۆکی باس لە ژیان و نەهامەتییەکانی خۆی دەکات، بە قسە پڕ ماناکانی ئەم بازارەی لە خۆ کۆکردبووەوەو دەیگوت بەڵکو حکومەت چارەسەرێکم بۆ دەکات، من فەرمانبەر بووم لە بەغداد، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تووشی نەخۆشی شەکرە بووم وای لێ کردووم کە هەر دوو چاوم لە دەست دەم، چیتر نەمتوانی بەردەوام بم لە کارەکەم، ئێستا چاوەکم عەدەسەیەو ئەویتریشم کوێرو نابینام و ماوەی (١٩) ساڵە بەم نەخۆشیە دەناڵێنم، پێویستم بە دکتۆرو دەرمان هەیە دەچمە هەر نەخۆشخانەیەک دەڵێن دەرمان نییە برۆ لە دەرمانخانەی دەرەوە بیکرە، بەڵام من پارەم نییە پارەش نەبێ چۆن بیکڕم، بەر لە ٣٥ ساڵ لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری ڕژێمی بەعس بووم، دوو جاران دەربەدەر کراوم، جارێکیان بۆ ئێران جارێکیان بۆ باشوور ماڵ و حاڵیشم ئەوەی هەمبوو هەموو تاڵان کراو و بردرا، دوای ڕاپەڕین کە گەڕامەوە هەولێر خۆم لە ناو بازاڕی پیرێژنان دیتەوە، ٢٧ ساڵە لەبن دیواری کەوتیمە دوو کوڕ و پیاویشم بێکارن، کچێکی جوانم هەبوو پار سووتا، ئاخۆ دەبێت کەسێک هەبێت کەمێک لە ئازاری ئەم دایکە جەرگ سووتاوە کەم بکاتەوە، ئێستاش لەبن ئەو دیوارە دەرم دەکەن شارەوانی و چاودێرەکان دێن هەموو شتەکانمان تێهەڵدەدەن، هیچ ڕێزێکمان لێ ناگرن، شتەکانمان فڕێ دەدەن بۆ ناو حاویەی زبڵ دەڵێن بڕۆن لێرە، من بۆ کوێ بڕۆم گەر پێویستم نابێت بە هاوین لەبەر گەرما و بە زستان لەبەر سەرما بۆچی ئەم کارە دەکەم، خاوەن خێزانێکم بژێوی ژیانیان لەسەر منە، خانووم هەیە درۆ ناکەم بەڵام هیچ مووچەیەکم نییە تەنها (٥٠) هەزاری کوێرانە نەبێ، کە ئەم بڕە پارەیە لەم سەردەمەی ئێستا هیچ بەهایەکی نییە. لەهەر شوێنێک کارێم هەبێ گوێم لێ ناگرن، کەس بێزی نایەت قسەم لەگەڵ بکات. قەدری پیرێژن و پیرەمێرد نەماوە، لەم سەردەمە لەبەر ئەو گەنجە ملوانکە لە ملانە بەخوا عەیبە، بۆچی ڕێز لە بە تەمەنەکان ناگرن، ئێمە ئیسلامین دەبێت لەسەر دین و بڕوای خۆمان بڕۆین.


دایکی عەلی دەستی لە ژێر چەناگەی داناوەو بیر لە خەمەکانی دەکاتەوە

* دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ٢٠٠٩-٢٠١٠

# ئەحمەد موفتی: بەکارهێنانی وزەی خۆر ئابووری کوردستان پێش دەخات


ئەحمەد ئیحسان رەشاد موفتی

**ئەحمەد ئیحسان رەشاد موفتی، ئەو گەنجەی لە مەملەکەتی خۆی"کوردستان"زیرەک و لێهاتوو، لە ولاتی غەریبانیش"هۆڵەندا"هەر زاناو دانا، ئەو کوڕی بنەماڵەیەکی خوێندەواری دنیا دیدەی ئایینپەروەرو نیشتیمانپەروەرە، ئەحمەد ئیحسان رەشاد موفتی هەولێری، پاش تەواوکردنی خوێندنی لە ولاتی هۆڵەنداو تایبەتمەندێتی لەبوارەکانی وزەو کارەباو نەوت، دەگەڕێتەوە کوردستان و لەبەرامبەر سەلیقەو چەندین پرۆژەی جیا جیا، کە لای گەلاڵە بووە، بەدرخان لە بەشی یەکەم بەباشی زانی ئەو دیدارەی لەگەڵ ئەنجامبداو بەچەندین پرسیار ئەحمەد موفتی بجوڵێنێ و بیهێنێتە قسەو زۆرجاریش دەیگوت: من بۆ دیداری رۆژنامەنووسی زۆرم ماوە، بەڵام قسەکانی موفتی ئەوەندە ئەکادیمی و زانستیانە بوو، هەر دەتگوت چەندین ساڵە لەوبوارە کاردەکات..**

**ئەحمەد ئیحسان رەشاد موفتی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨١ی شاری هەولێرە، لە ئامادەیی کوردستان لە هەولێر تاکو پۆلی چواری ئامادەیی خوێندووە، دواتر لە هۆڵەندا ئامادەیی تەواو کردووە.**

**ئەحمەد خۆی باسی دەکا کە لەوێ ویستوویەتی بچێتە زانکۆ، لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ ٢٠٠٢ ئامادەیی تەواو کردووەو لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە لە ئەندازیاری کیمیا، لە هەمان کاتدا لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٧ دوو ساڵ دبلۆمی باڵای وەرگرتووە لە زانستە سیاسییەکان، دوای ئەوە بڕوانامەی ماستەری وەرگرت لە بواری ئیدارەی سامانە سروشتییەکان و ژینگە، ئیختیساسیشی وەرگرتووە لە بواری وزە.**

**وەکو کارکردنیش لە کۆمپانیای "Shell" نەوت کاری کردووە، لە کۆمپانیای "Akzo-Nobel"، لە کۆمپانیای "DHV" کە یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی ئیستیشاراتی هەندەسیە، دواکاری لە پەیمانگای "TNO" دیراساتی ستراتیژی وەرگیراوە ئەویش دوای ئەوەی ٦ تاقیکردنەوەی پراکتیکی و ٤ تاقیکردنەوەی ئەزموونی ئەنجامداوەو تاکە بیانی بووە لەو پەیمانگایە لەناو ٢٢٠٠ بەشداربوو بۆ ١٢ پۆست وەرگیراوەو .**

**لە دیدارێکی بەدرخاندا چەند پرسیارێکمان بەرەو رووی کردەوە...**

## ئا: حەمید بەدرخان

*** تۆ لەوێ کێشەی زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندیت نییە؟**

- کێشەی هیچ یەک لەو زمانانەم نییە، تەنانەت لەزمانی عەرەبی و تورکی و کوردیش کێشەم نییە.

*** لەبواری وزە خوێندووتە بیرت لەوە کردۆتەوە رۆژێک لە رۆژان لە کوردستان لە پرۆژەیەکی بواری وزەو خزمەتگوزاری باش کاربکەی؟**

- بەڵێ، زۆریش وەکو کارکردن لە بواری وزەی خۆر، چونکە ولاتی ئێمە ولاتێکی زۆر بەتوانایە بۆ وزەی خۆر، بۆ نموونە لە کوردستان ستوونێکی کارەبا تەکلیفەکەی ٦٠٠ دۆلارە، وەزارەتی کارەبامان بە ملیۆنەها دۆلار خەرج دەکا بۆ ئەوەی کارەبا بگەیەنێتە یەک لە لادێکان، سێ چوار لادێ بەیەکەوە تێکەڵ بکە ناکاتە وزەی یەک گەڕەکی هەولێرێ، ئەگەر بێتوو وزەی خۆر بۆ یەکێک لە گوندەکان بەکاربێنین و سەربەخۆ بن، خاڵی یەکەم مەسرەفەکەی زۆر زۆر کەمترەو پێویست بە سیانە ناکا، پێویست ناکا حکومەت هەموو ساڵی خەریکی محەویلەو کارەباو سیانەو شتی وابێ، لەوکاتەی کە وزەی خۆرمان بەکارهێنا پێویست بە شتی واناکا.

## عێراق، بەتایبەتی کوردستان پێویستی بە ستراتیژیای وەبەرهێنانی دوای نەوتی " Post Oil Investment" هەیە

*** کارکردن بە وزەی خۆر پێویستی بە کۆمەلگایەکی وشیار نییە؟**

- یەکەم خاڵ پێویستی بە کۆمەلگایەکی وشیارە، دووەم دەبێ کارەکە شتێک بێ خەڵک بیناسی، ئەوکارە لای خەڵک شتێکە تەقریبەن دیارنییە، کەچی لە دنیادا رۆژ بەرۆژ زیاتر بەرەو پێش دەچێ و پێشبینی دەکەم ١٠ ساڵی دیکە لە کوردستان چۆن وەستای سەتەلایت و ئۆتۆمبێل پەیدابووە ئاوا وەستای وزەی خۆر پەیدا بێ، چونکە هەر ئەوەندە بازاڕەکەی گەرم و بێ و بڵاودەبێتەوە، ئەوکاتە خەڵک هەموویان چاوی لێدەکەن.

*** ئەو کارە پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆر دەبێ؟**

- نەخێر پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆر نییە، دەتوانی دوو وەبەرهێنان بکرێ یەک لەلایەن تاکەوە و دووەم لەلایەن حکومەتەوە، ئەوجا ئەوە لە ئەوروپا پێی دەڵێن "تۆپ داون" یانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، یەکیشیان تاک بۆ خۆی بچێ خەریکی ئەوەبێ ئەو وزەیە لەسەر ماڵەکەی خۆی دابنێ، یانی ئەگەر حیسابی پارەی گازو بەنزین و ئەو شتانە بکەی بە ٥ تا ١٠ ساڵی دیکە پارەکەی دەرهاتۆتەوە.

*** لە پاڵ ئەو وزەی خۆرە پێتوانییە دەسەڵاتی کوردی خۆی بە نەوت و بیرە نەوتەکان سەرقاڵ بکا، پێتوانییە داهاتی زیاتر بێ؟**

- ئەوە دوو شتە، خۆ ئەو نەوتەی دەریدێنن هەمووی بەکارنایەنن، ئێمە دەریدێنین و دەیفرۆشینەوە، ٨٠٪ی نەوتی عێراق بۆ عێراق نییەو بەڵکو دەچێتە ئاسیاو ئەمریکاو ولاتانی پیشەسازی، ئەگەر بمانەوێ نەوتی عێراق بۆ پێداویستی عێراق بێ، یەک بیرە نەوت بەشی هەموو پێداویستییەکانی عێراق دەکا، بەڵام شتەکە ئابوورییە بۆ ئەوەی عێراق باری دارایی باش بێ. دووەم ئەگەر باسی نەوت بکەین دوو کەرتمان هەیە، کەرتێک ئەوەیە تۆ بەکاریدێنی وەکو وەبەرهێنەرێک بۆ داهاتوو، کەرتێکیش هەیە بەکاریدێنی بۆ وەبەرهێنانی ئەمڕۆکەت بۆ پێداویستی ناوخۆ. عێراق تاکو ئێستا بیری لەوە نەکردۆتەوە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان نەوت نرخەکەی هەرزان بێ چی دەکا؟ ئەوکات تووشی وەزعێکی زۆر خراپ دەبێ، چونکە ٩٠٪ی بودجەی عێراق لە فرۆشتنی نەوتە، ئەوەش خاڵێکی زۆر ترسناکە، چونکە ولاتانی رۆژئاوا بە ملیارەها دۆلار خەرج دەکەن بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئیدمانیان بێنن لە نەوت، ئەو رووداوەی لە خەلیجی مەکسیک روویداوە من بە سەرەتای کۆتایی تەمەنی نەوتی دەزانم، هەروەکو لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو سەرەتای کۆتایی پیشەسازی جگەرە هات، ئۆباما خۆشی ئەو قسەیەی کردووە. دووەم کێشەکە گەشەسەندنی دانیشتوانی جیهانە، کە بە بەردەوام لە زیادبووندایە، ولاتانی وەکو "بەرازیل، هیندو چین" ئەوانە تینووی نەوتن، نەوتەکە بۆ ئەوانیش دەڕوا، بە پێشبینی من زۆر ناخایەنی، هەموو سیناریۆکان خوێندۆتەوە، پسپۆرە گەشبینەکان دەڵێن تەمەنی نەوت ٧٠ ساڵ دەخایەنێ و پسپۆرە رەشبینەکان دەڵێن ٢٠ ساڵ دەخایەنێ، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە ٤٠ ساڵ بخایەنی و زیاتر نا، ٤٠ ساڵیش بۆ ولاتێک کە دەیەوێ خۆی پێبگەیەنێ کەمە، چونکە پێویستی بە وەبەرهێنانی دووربین هەیەو پێویست دەکا بزانێ دوای نەوت چی لەپێشە.

هۆکارەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ پێشکەوتنی زۆر بەهێزی تەکنۆلۆژیا، ٧٠-٨٠٪ بەکارهێنانی نەوت لە کەرتی هاتووچۆیە، ئەگەر هەر پێشنیازێک رووبدات لەم کەرتە لە رووی ئابوورییەوە بەمەرجێک قازانجی زیاتر بێ لە بەکارهێنانی نەوت، ئەوا نرخی نەوت تووشی شکاندنێکی زۆر بەهێز دەبێت. بۆ نموونە پێش دروستکردنی ئۆتۆمبێل نەوت بەکاردەهات تەنها بۆ رووناککردنەوە، ئەوەش تەنها بۆ لەمپاکان بوو، کاتێک ئەدیسۆن پێشنیازی کارەبای کرد، نرخی نەوت زۆر بەهێز شکاو پیشەسازی نەوتی تووشی مردنێکی کاتی کرد، تاوەکو ئەندازیار فۆرد کۆنسێپتی ئۆتۆمبێلی دروست کردو بوو بەهۆی دووبارە گەشەپێدانی پیشەسازی نەوت. ئیتر هەر لە سەرەتای پیشەسازی تاکو ئێستا ئابووری نەوت بەندە بە کەرتی هاتووچۆ، ئەمەش بەرای منەوە بەرەو کۆتایی دێت و نابێ وا بمێنێت، چونکە هۆکاری نەمانی زۆر زیاترن لە هۆکاری مانەوەی.

**بەشی یەکەم**


VERKLARING
Statement of Authenticity
HU HOGESCHOOL UTRECHT
VERKLARING

بڕوانامەی بکالۆریۆس لە ئەندازیاری کیمیا


ئەحمەد موفتی لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ عەدنان موفتی، مەحمود عوسمان و سەید کاکە


ئەحمەد موفتی لەگەڵ پرۆفیسۆرێکی هۆڵەندی

## مێژوو


د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور

## زانیاری گرنگ کە زۆربەمان نایزانین

١- رۆژی جومعە "هەینی"
بۆیە ناوی جومعەی لێنراوە چونکە خەڵک بۆ نوێژکردن لەو رۆژەدا کۆدەبنەوە.

٢- ژمارە شەست و سێ:
پێغەمبەر "د.خ" لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا مردووە، ئەبووبەکر سەدیق لەتەمەنی شەست و سێ ساڵیدا مردووە، عومەری کوڕی خەتاب لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا مردووە، عەلی کوڕی تالب لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا مردووە.

٣- یەکەمین گوناە
یەکەمین گوناە لە ئاسماندا حەسوودی بوو، کاتێک ئیبلیس حەسوودی بە ئادەم برد یەکەم گوناە لەسەر زەویش هەر حەسوودی بوو، کاتێک یەکێک لە کوڕەکانی ئادەم حەسوودی بە براکەی برد.

٤- تەمەن
حەسانی کوڕی سابتی شاعیری پێغەمبەر "د. خ" سەدو بیست ساڵ ژیاو هەروەها باپیری باوکیشی سەدو بیست ساڵ ژیابوو.

٥- ئۆغەندە
ئۆگەندە تاکە وڵاتە کە کاتی رۆژوو شکاندن تیایدا بە هاوین و زستان ناگۆڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەکەوێتە سەر هێڵی یەکسانی، بە جۆرێک کە بە درێژایی ساڵ درێژی شەو رۆژ تیایدا یەکسان دەبێت بەبێ گۆڕانێکی ئەوتۆ شایەنی باسکردن بێت.

٦- دکتۆر
وشەی دکتۆر لاتینییە بەمانای ئەندازیار یان مامۆستا دێت، یەکەم زانکۆش ئەم نازناوەی بە خشیبێ زانکۆیەکی پۆلۆنی-ئیتالی بوو، ئەوەبوو نازناوی دکتۆریان بەدەرچوویێکی یاسا دابوو.

٧- هەشتانە
خەلیفە موعتەسەم بە ژمارە هەشت ناودار بوو، ژمارە هەشت رۆلێکی گرنگی لە ژیانی ئەودا گێڕابوو، ئەو هەشتەمین خەلیفەی عەباسی بوو، هەشت ساڵ خەلیفە بوو، لە راستیدا هەشت ساڵ و هەشت مانگ خەلیفە بوو، لە سەردەمی ئەودا هەشت وڵاتگیریی سەربازی روویدا، هەشت کوڕو هەشت کچی لە دوا بەجێما، لە ساڵی ١٠٨ی کۆچی لە مانگی هەشتەم "شەعبان" لە دایکبوو، لە تەمەنی چل و هەشت ساڵیش مرد.

٨- رەنگی سوور
رەنگی سوور بۆ ئاماژە و ئاگادارکردنەوە بەکاردێت و رەنگی تر بۆ ئەم مەبەستە بەکار ناهێندرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی رەنگە جۆربەجۆرەکان شەپۆلی جیایان لە رووی درێژییەوە هەیە، درێژی شەپۆلەکانی رەنگی سوور لە درێژی شەپۆلەکانی رەنگەکانی تر پترە، بۆیە لە ماوەیەکی دوورەوە دەکرێت ببیندرێت، بەمەش دەکرێ رابوەستی و ئاگات لەخۆت بێت.

٩- محەمەد
ژمارەی ئەو کەسانەی پێش پێغەمبەر "د. خ" ناوی محەمەدیان هەبوو هەشت کەس بوون، یەکێک لەوانە بە سەردەمی ئیسلام راگەیشت و موسڵمان بوو، ئەویش "محەمەد بن سەلمە"بوو.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**


Faculty of Earth and Life Sciences

بڕوانامەی ماستەر لە کارگێڕی سامانە سروشتییەکان و ژینگە

# ئەو وێنانەی پاش تەمەنێک، یادەوەرییەکانیان دەگێڕنەوە

**لە ئەرشیفی: حەمید ڕەشاش**



حەمید ڕەشاش، حەمە بچکۆل، دکتۆر حەسەن، بارام سادق دانیشتییە، دکتۆر حوسێن، سیامەند – ١٩٦٥/٣/١٤ هەمەدان – سەیران



مام جەلال، نەناسراوەو حەسەن کەوەڵە ئەوەی وەستاوە ئەم وێنەیە بۆ یەکەمینجار بلاو دەکرێتەوە- دۆڵی سووورداش ١٩٦٢



لە زستانی ١٩٦٢لە ئەشکەوتی مالومە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی، من و پێشمەرگەکان دارمان هێنا بۆ سوتاندن، ئەوەی دارە گەورەکەی لەسەر شانە حەمید ڕەشاشە



عەلی حاجی قادر، سیامەند محەمەد، د. حوسێن ئیسماعیل، د. حەسەن ئیسماعیل، حەمید ڕەشاش- هەمەدان ١٩٦٤



بارام سادق، حەمید ڕەشاش، هەمەدان ١٩٦٤



مەلا حەسەن، بارام سادق، حەمید ڕەشاش، هەمەدان ١٩٦٤



مامۆستا عومەر دەبابە، حەمید ڕەشاش، عەبدولرەحمان رووتە، مەلا ناسیح،مامە عەبدی خەیلانی، میرۆ خەیلانی، ئەحمەد بارزانی، نەوزاد سدیق – ڕۆژی جەژنی ساڵی ١٩٦٢ گوندی زەرزی



حەمید ڕەشاش، د. حوسێن، د. حەسەن، عەلی حاجی قادر، جەوهەر محەمەد، سیامەند محەمەد. هەمەدان ١٩٦٤ - عەباس ئاباد



حەمەدەمین مەلا خەلیل، جەوهەر محەمەد، حەمید ڕەشاش، هەمەدان ١٩٦٥



جەعفەر عەبدوالواحێد، جەوهەر محەمەد- کڵاو لەسەر، سیامەند محەمەد، حەمید ڕەشاش، هەمەدان ١٩٦٤



حەمید ڕەشاش، شێخ عوسمان باراوی، گوندی زەرزی ١٩٦٥



ڕۆژی نەورۆزی ١٩٦٨ لەکاتی ئاهەنگگێڕان



مەلا حەسەن، وەستا ڕەحمان هەریری، حەمید ڕەشاش، جەعفەر عەبدولواحێد، سیامەند محەمەد، جەوهەر محەمەد- هەمەدان



د. حەسەن ئیسماعیل، حەمید ڕەشاش، شەهید جەعفەر عەبدولواحید، هەمەدان ١٩٦٤

# ئارایشگاو پێشوازی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە

لەگەڵ ئەوەی کە ئارایشگاوم ەکیاژکردن یەکێکە لە گرنگترین ڕێگاکانی جوانکاری و ڕازاندنەوە لای کچان و ژنان، بەڵام بەپێی سەرچاوە زانستی و قسەی کەسانی پسپۆڕ بە بوارەکە زیادەڕەویش لە بەکارهێنانیدا زیان بە دەم وچاو دەگەیەنێت ولابردنی ئەم مکیاژەش بە شێوەیەکی نا تەندروست بەهەمان شێوە زیانێکی زۆر بە پێست و دەم و چاو دەگەیەنێت.

**ئا: دەریا عومەر عەزیز***

(فریشتەی شەهدی) کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو تەمەنی (٢٩) ساڵە خاوەنی ئارایشگای (ئەستێرەی پایتەخت)ە لە هەولێرمۆڵ، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکا ماوەی (٦) مانگە هاتۆتە کوردستانی عێراق ماوەی (١٢) ساڵە کاری ئارایشگا دەکات، ئەوئیشانەی لە ئێران دەیکرد ئێستا دەیەوێ لێرە ئەنجامی بدات.

فریشتە باس لە سەرەتاکانی تێکەڵبوونی خۆی بە مکیاژ و ئارایشتگا دەکاو دەیگەڕێنێتەوە بۆ تەمەنی ٥ ساڵی خۆی "تەمەنم (٥) ساڵان بوو دایکم ئارایشگای هەبوو لەوکاتەوە زۆرم حەز لە کاری ئارایشگایی بوو، دواتر هەوڵمدا تا گەورەبووم و مانگ مانگ دەمخوێند بڕوانامەم لە مکیاژ و کاری ئارایشگا وەردەگرت، زۆر ماندووبوومە تاوەکو فێربوومە".

فریشتە باس لە بڕوانامەکانی خۆی و هەوڵدانی زیاتری بۆ فێربوون و گەشەسەندنی کارەکەی دەکاو دەڵێ:"ئێستا خاوەنی هەشت بڕوانامەمە لە بواری ئارایشگاو مکیاژ، کە لە چەند وڵاتێک وەرمگرتووە، لەوانە (دارشتنامەی چەهرەسازان لە ئیران، تەهران، گرینی سینەمایین تورکیا، کۆمپانیاکانی مکیاژ، چۆنیەتی مکیاژکردن، چۆنیەتی تەسریحەکردن، مووهەڵگرتن بە شەمعە، بنای ئەمەریکا، لەدوبەیش بڕوانامەم وەرگرتووە، بەوەندەش کۆڵنادەم هەموو ساڵێک لەبوارێک دەخوێنم تا بڕوانامە وەربگرم.

ئەو پیشەیەی فریشتەخان وەک پیشەیەکی باوو پێشوازی لێکراو لەلایەن کۆمەڵگا هەڵدەگرێ چەند پرسیارێکی لەمەڕ بخرێتە بەر باس، بۆیە فریشتە وەڵامی داینەوە.

لە دەستپێکی وەڵامەکاندا فریشتە خان باسی لە تاتۆی برۆ کردو گوتی: کاتێ تاتۆ بۆ موشتەری دەکەم یەکەمجار برۆکەی بۆ هەڵدەگرم ئینجا ئەو برۆیەی بۆ دەکەم بزانم لێی دێ یان نا، چونکە برۆ دەمێنێتەوە و کەسایەتی کەسەکە پیشان دەدا، کە کەسێکی چۆنە ئەگەر پێی جوان بوو ئەم شێوازەی لەسەر دەم و چاویشی پیادەدەکەم.

تاتۆش هەیە دەیکەین لەسەربرۆی خۆیان، هەندێک کەس برۆیان تەنکە داوادەکەن لەسەر برۆی خۆیان بۆیان بکەین و بۆیان دەکەین.



فریشتە بەپێی ئەزموونی کارکردنی خۆی باس لە جۆرەکانی پێست و ڕەفتارکردنیان لەگەڵ تاتۆ دەکا:"دوو جۆر پێست هەیە کاتێ تاتۆی بۆ دەکەین جۆرێکیان زوو تاتۆ دەگرێ و درەنگ بەری دەدات،جۆرەکەی دیکەش درەنگ دەیگرێ و زوو بەری دەدات.

تاتۆ هەیە بۆ ماوەیەکە، ئێمە تاتۆ دەکەین زیاتر لە (٦) مانگ دەمێنێ، بەمەرجێ دەرمانی ئەمەریکی باشی بۆ بەکاربهێنین، ئەوا بۆ ماوەی چەند ساڵێک دەمێنێتەوە، بەمەرجێک کە خۆی ڕەنگی کاڵ هەڵنەبژێرێ، چونکە ڕەنگی کاڵ زوو دەڕوا، ئەگەر ڕەنگی تۆخیش هەڵبژێری ئەوا وردە وردە کاڵ دەبێتەوە زوو ناڕوا، ئەوانە هەمووی دەگەڕێتەوەبۆ باشی دەرمانەکان کە تا چەند ئەسڵن.

پێویستە ئەو کەسانەی کە تاتۆ دەکەن داوا لە خاوەن ئارایشگایەکە بکەن کە لەبەرچاوی خۆیان دەرزیەکە بشکێنن، چونکە ئەگەر دەرزیەکە کۆن بێ واتە بۆچەند کەسێکی دیکە کاری پێکردبێ ئەوا دەبێتە هۆی نەخۆشی وەکو (ئایدز) بۆیە دەبێ بەتەواوی لە دەرزی و دەرمانەکان دڵنیابێ، ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە نابێ تاتۆ بکەن، چونکە برینیان زوو چاک نابێتەوە،هەروەهائافرەتی دووگیانیش، چونکە ئەو منداڵەی ناوسکی لە هەموو شتێکی دایکەکە دەخوات، تاتۆکردنیش ئازاری هەیە و بەنجیش بەکاردێت، بۆیە نابێ وابکات.

ڕێگاکانی پاک کردنەوە یا لابردنی تاتۆ چەند ڕێگایەک هەیە بۆ لابردنی تاتۆ، یەکێک لەوانە لێزەر، بە بڕوای من بە لێزەر لە هەموویان باشترەو کاریگەریشی نییە بۆ پێست، هەروەها ئێستا دەرمانێکیش هاتووە بەناوی (ماچیک کلەیەر)، بەڵام دەبێ بۆ ماوەی مانگێک لە شوێنی تاتۆکەی بدات، جۆرە دەرمانەکی تریش هەیە هەر بەهەمان ئامێری تاتۆکردنەکە بۆی دەکەین، بەڵام جێگاکەی بەدیاردەکەوێ و ئافرەت کاتێ شتێک دەکات حەزدەکات دەم و چاوی جوان بێ، نەک لەکە لەسەر دەم و چاوی دروست بێت.

فریشتە باس لە جۆرێکی دیکەی تاتۆ دەکا، ئەویش تاتۆکردنی لێوە: "تاتۆکردنی لێو زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ تاتۆکردنی برۆ، تاتۆی لێو دەکەین هەندێک کەس دەمی بچووکە حەز دەکات کەمێک لێوی گەورەبێت ئێمە لە دەرەوەی لێوی تاتۆی بۆدەکەین بۆ ئەوەی گەورەتر دیار بێت، زۆرکەس هەیە کاتێ قسە دەکات لێوی خواردەبێ، ئەوا دەبێ بە خاوەن ئارایشگایەکە بڵێ، چونکە زۆر هەستی پێناکرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بۆی چارەسەر بکات، ئەمەش زۆرباوە لەناو هەر (١٠٠) کەسێک (١٠)کەس ئەم حاڵەتەیان هەیە، داوایەکم لەو ئافرەتانە هەیە کاتێ دەچنە لای ئارایشگا خاوەنی ئارایشگاکە بە مەحرەمی خۆی بزانێ، کێشەکانی خۆی بڵێ بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبێ.

مەساجیش وەک کارەکانی تر بۆ دەم و چاو، زۆر پێویستە کاتێ مەساج کردن ئەو زیوانە ڕەشانە هەیە دەردێ لەگەڵ زیپکە بە لێزەر بۆی دەردێنین ئیلتیهابەکەی وشک دەبێ و جۆرە پیسییەکیش هەیە لەسەر دەم و چاو پاک دەکاتەوە.

فریشتە باس لەو دەرمانانە دەکا کە بەکاری دێنێ:"ئەو دەرمانانە چەند دەرمانێکە خۆم تێکەڵیان دەکەم هەمووی لە دەرەوە بۆم دێ لە ئێران و تورکیا و دوبەی و هەروەها ئەوروپاش دەرمانی باش بەکاردەهێنم.

هەروەها سەبارەت بە مێشیش هەموو جۆرە میشێک دەکەین وەک: (سلیکۆن، ئەستێرە، کوڵاو، گوڵە بەڕۆژە) هەموو ڕەنگێکیش ئەوانەی لە دەرەوە دەکرێ ئێمە لێرە دەیکەین.

شێوازی پرچ بڕینیش ئێمە بۆردەیان پیشاندەدەین بە ئارەزووی خۆیان بۆیان دەبڕین. برۆکردنیش زۆرکەس حەزدەکات برۆی درێژبێ، بەڵام ئێستا زۆربەی ئەو گەنجانەی دێنە لامان زیاتر برۆی سپۆرت داوادەکەن ئەم شێوازە لەگەڵ دەم و چاوو مکیاژیان دێ و زۆریان لێدێ.

کاری ئارایشگا هەرئەوە نییە کەمێک پارەت هەبێ بتوانی هەندەک مکیاژ و شت دابنێی، خەڵکی سەقەت بکەی بەبێ ئەوەی شارەزایت هەبێ لە کارەکە.

لە کۆتایی دیدارەکەدا فریشتە باسی لەوە کرد، کە لەماوەی ئەو ٦ مانگەدا خەڵکێکی زۆری ناسیوەو دەڵێ لەوانە نییە لە ٥ ساڵی ڕابردوو بەقەد من خەڵکیان ناسیبێ.

*** دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ٢٠٠٩-٢٠١٠**

---



## مرۆ (١٣٢)

**حەمید بەدرخان**



وێنەی دارفۆرییەکان لە مۆزەخانەی هۆلۆکۆست

# نووسەرانی کوردو هۆلۆکۆست

لە زەمانی زوو و لە سەدەی ڕابردوودا هەردەم مشتومڕ لە نێو نووسەرانی کوردی ڕەسەن گفتوگۆکان بە ئاقاری ئەوەدا دەچوو کە ئاخۆ کێ دەقێکی جوان و نووسینێکی باش و شاکارێک لە دووتوێی ڕۆمانێک یا شیعرێک دانسقە دەنووسێ و زمانزانانی کوردیش لە کاتێکی دیاریکراودا وەریبگێڕنە سەر زمانەکانی بێگانە، لێرەو لەوێ زۆر لە نووسەرانی عەرەب و ئینگلیزو ئەمریکی و ئێرانی و تورکی و میللەتانی دیکە زۆر جار لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی خۆیاندا بە نووسەرانی کوردیان گوتووە ئەو تراژیدیایەی "جینۆسایدی گەلی کورد" ئەگەر بەسەر میللەتی ئێمەدا بهاتایە، ئەوکاتە نووسەرانمان و هونەرمەندانمان و ڕۆماننوسانمان بە سەدان فیلم و سیناریۆو ڕۆمان و چەندین نووسینیان دەنووسی و هەر ڕۆژە لە سینەمایەک یا وڵاتێک کۆڕمان دەگێڕا، بەڵام ئەفسوس ئەمڕۆ دەبینین نووسەرانی کورد ئەوانەی ڕەسەنن لەگەڵ ئەوەی پێشووتر زۆریان خاوەنی هەڵوێست بوون، چەندین نووسین و دەقی جوانیان هەیە، بەڵام حەیف و مخابن، کاتێک لەگەڵ د. ئازاد حەمە شەریف سەردانی مۆزەخانەی هۆلۆکۆستمان لە واشنتۆن دی سی کرد، هیچ نووسین و دۆکۆمێنت و وێنەیەک نەبوو کە گوزارشت لە جینۆسایدکردنی کوردان بکات بوونی نەبوو، ئەگەرچی کوشت و بڕی دارفۆرییەکان و بۆسنییەکان زۆر پاش جینۆساید کردنی کورد بوون، بەڵام ئەوان لە ڕێگای حکومەت و نووسەرو وەرگێڕو وێنەگرەکانیانەوە ئەو کارەساتانەیان کردبووە بەڵگەنامەو نووسین و نیشانی نەوە نوێیەکانی خۆیان و میللەتانی دنیایان دەدا.

دیسان حەیف و مخابن نووسەرانی کورد ئاخۆ ئێستا نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی کاریگەر کار لەسەر ئەو کارەساتانە بکەن کە دوژمنانی کورد بەسەر کوردیان هێناوەو هەروەها نەشیانتوانیوە بەڵگەنامەکان جینۆسایدکردنی کورد بگەیەننە شوێنی مەبەست.

ڕووی پرسیارم لە کاکە مەم بۆتانی و سەرجەم دەستەی کارگێڕی نوێی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.

ئاخۆ دەبێ ئەوان چیان لە هەگبە دابێ بۆ دوارۆژای کورد و ناساندنی کەلتووری کوردی و کێشە ڕەواکەی بە هەموو جیهان؟

هەر لێرەشەوە دەڵێم هەرچەندە من دەمڕاستی نووسەرانی کوردی نیم، بەڵام پێویستە لەمەودوا "ی. ن. کورد" زۆر بەجەرگ سۆزییەوە هەوڵ بدات نووسەرانی ڕاستەقینە لەخۆی نزیک بخاتەوە، چونکە ئەوانن دەتوانن دەنگی کورد بەگوێی هەموو نەتەوەکانی دنیا بگەیەنن، ئەگینا ئەگەر دەستەی ئێستا هەر خۆی لە قاوغی ناوچەگەرییدا قەتیس بکات، ئەوا دنیا بەهیچ شێوەیەک لە ئێمە ناگات.

لەیەکەم هەنگاودا لەسەر ڕاسپاردەی هەڤاڵ مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق بانگهێشتی یەشار کەماڵ کراوە بۆ کوردستان بەمەبەستی زیاتر لێکترنزیکردنەوەی نووسەرانی کوردو نووسەرانی دنیا.

بۆیە جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین، کاتێ نووسەرانی کوردستان، ژیانیان لە پێناو کوردستانێکی ئازاد لە چیاکان بەخت دەکرد، ئەوکات پاداشت گیانی خۆیان بوو، دەق و شیعرەکانیان ڕێزلێنان بوو لەلایەن خەڵکانی دڵسۆزی ناو شارەکان و ئەوان لەوە دەترسان نەوەکو لەلایەن قەڵەم فرۆشەکانەوە ئاشکرا بکرێن و تووشی زیندانی بن...

ئەمڕۆش لە سایەی کوردستانی ئازاد، کە بەری ڕەنجی شەهیدانی ڕێگای کوردستان و قەڵەمە دەڵێم:

"بژی داهێنان، بژی ئازادی، بژی نان، بژی هەڵوێست".



لە مۆزەخانەی هۆلۆکۆست لە واشنتۆن دی سی

---

# تاکە تاوانیان عەشقێکی ڕاستەقینە بوو

**وەک هەمیشە لە کلتووری کورد گوناهترین شت خۆشەویستییە، سارا و سۆران قوربانی ئەو کلتوورەن، سۆران کفری نەکرد سارای خۆشویست و دوای ٧ساڵ خۆشویستن بەیەکگەیشتن، وەلێ هەڕەشەکانی خزم و کەسی سارا بۆ سۆران و حاشای ماڵی باوکی سارا ژیانی ئەو دوو عاشقەی ناخۆشترکردبوو، تادوا جار سارا نەخۆش کەوت و سۆران وەک عاشقێکی بە ئەمەک وەک منداڵ خزمەتی سارای دەکرد، دوا جار خەم و خەفەت سارای کوشت، ئەوە کورتەیەکە لە ڕووداوی ڕاستەقینەی دوو عاشق و بەربەستەکانی بەردەمیان لە ژیان.**

**ئا: پەروەر کەریم قەڵادزەیی***

### دەسپێک و عاشق بوون

سەراپای ئەم ڕووداوە ڕاستەقینە لە دەمی (شەیدا)ی خوشکی سۆران بۆمان گێردراوەتەوە، شەیدا باس لەسەرەتای عاشق بوونی سارا و سۆران دەکاو پاش ئاخ هەڵکێشانێک گوتی: سۆران کاسبکار بوو لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵ (سارا)ی بینیبوو، خۆشیویست پەیمانی بە سارادا بوو ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێ دەیهێنێ، هەرچەندە بەڵێنەکان لەژیانی هەر تاکێک بە نهێنی بڕیاری لەسەر دەدرێ و کەس پێی نازانێت، بەڵام بە باسکردنیان فێری خۆشەویستی و بەڵێن دەبین.

### سۆران هەموو هەوڵێکی گەیشتن بوو بە سارا

خۆشەویستی زۆر بەنهێنی خۆی دەخزێنێتە ناو دڵەکانمانەوە بە هێواشی دەبێتە میوانی هەموو دڵێک، سۆران نموونەی ئەو خۆشەویستییەیە، سۆران هەموو جۆرە کارێکی دەکرد گوێی بە خۆی نەدا دەیویست بڕە پارەیەکی باش کۆبکاتەوە بۆ ژن هێنانەکەی، پاش ٧ ساڵ بەسەر خۆشەویستییەکەیان تێپەڕی، سۆران داوای لێکردین بچین بۆ خوازبێنی سارا، بەڵام خۆزگە ئەو ڕۆژە لاقم شکابا و نەچووبام، هەر لە یەکەم ڕۆژی داواکارییەکەوە کێشەی زۆری تێکەوت، دایکی سارا ئافرەتێکی زۆر خراپ بوو، یەکەم جاری داواکارییەکە دەری کردین، گوتی کچم نییە تا بە مێردی بدەم، ئەو ڕۆژە سۆران دەستی لەسەر دڵی بوو نەچوو بوو بۆ سەر کار، دەیگوت دەستم هیچ شتێ ناگرێ، کە چووینەوە لەبەر دەرگاکە وەستا بوو، هیچ قسەیەکی نەکرد، سارا بە تەلەفۆن هەموو شتێکی بە سۆران گوتبوو.

### خەونی ٧ ساڵ بەیەکگەیشتن و حاشا لێکردنی ماڵە باوانی لە سارا

ئەو خوشکەی سۆران بە قورگی پڕ لەگریانەوە بەردەوام دەبێ لەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکەو دەڵێ:"پاش سێ مانگ جارێکی دیکە چووینەوە بۆ خوازبێنی سارا، بەڵام دایکی سارا داوای شتی زۆری دەکرد مەرجی قورسی بۆ دادەنایین، بەڵام ناچاربووین قبوڵی بکەین، سارا هەوڵی زۆری دابوو لەگەڵ دایکی لێی پاڕابۆوە تا ڕازی بکا، ئینجا دوای ماوەیەک وەڵامیان بۆ ناردین گوتیان وەرن مارەی بکەن، بەڵام خۆشییەکانی ئەو دوو عاشقە زۆر ناخایەنێ، وەک ئەوەی خوا خۆشی بە نسیب نەکردبن، ئەوەتا سارا ماڵی بابی کردە قوربانی عەشق، هەمووشمان دەزانین سەنگی ماڵە باوان قورسە، پاش ئاهەنگی گواستنەوەیان هیچ کەسێک لەماڵی بابی سارا هاتووچۆیان نەدەکرد، بەڵام سۆرانی لە پشت بوو نەیدەهێشت خەفەت بخوا هەموو جار سارا دەیگوت سۆران شاخێکی زۆر بەرزو قایمە بۆ من ئەگەر ئەو شاخە خۆشەویستییەم نەبا ئێستا دەمێک بوو مردبووم.

### هەڕەشە سۆران لە خۆشەویستی سارد ناکاتەوە

ئەم دوو عاشقە بەیەکگەیشتووە تەنیا مانگێک ژیانی هاوسەریان خۆش بوو، ئیتر بیانووی سەیر سەیریان پێ دەگرتن، خوشکەکەی سۆران یەکێک لەو بیانووانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە ساراو سۆرانیان گرتووە " شەوێک لە باخچە دانیشت بووین کوڕێک خۆی کرد بە ژوورەوە، سارا گوتی کوڕی پوری من چ دەکات لێرە؟ یەکسەر چووە لای سۆران گوتی: هەر ئێستا دەبێ سارا تەڵاق بدەی، موڵکی تۆ نییە بەبێ پرسی من مێردی بەتۆ کردووە، سۆران زۆر تووڕە بوو زللەیەکی لێداو پێی گوت بڕۆ لێرە مەمێنە دەنا دەتکوژم، سارا گریا گوتی سۆران نەکەی بەقسەی بکەی، سۆران بە دەنگی بەرز هاواری کردو گوتی: ئەگەر بزانم ئێستا دەمکوژی تەڵاقی نادەم، ماڵی بابی سارا هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر ئێمە نەبوو، ئێمەش لەبەر خاتری سارا هیچمان نەکرد، لێیان دوورکەوتینەوە نەمان دەویست ناویشیان ببیستین.

### منداڵێک ئومێدی دنیای بەسارا بەخشی

ساڵێک دوای ئەو ڕووداوە خوا کچێکی جوانی بە سۆران و سارا بەخشی، ئەو ڕۆژەی منداڵەکەی بوو سارا زۆر گریا، گوتی: دەڵێی هەتیوم نە دایکم نە خوشکم کەسم لەپاڵ نییە، خوایە دەبێ چیم کردبێ لە ژیانم چ گوناهێکم کردبێ ئاوا بە تەنیا و بێ کەس ماومەتەوە، بەڵام (لەنیا)ی کچی بووە خەمڕەوێنی هەموو خەمەکانی، سارا بە کچەکەیەوە خەریک ببوو ئەوەندە بیری لەماڵە بێ ڕەحمەکەی دایکی نەدەکردەوە. سارا خۆشەویستی دایک و خوشک و براو کەس و کاری دابووە سۆران و منداڵەکەی.

### خۆشی لە چارەنووسیان نەنووسرا بوو

دیارە قەدەری ئەم دوو عاشقە بەیەکگەیشتووە ناخۆشی بووە، ئەگەرچی خۆشی گەورەی ئەوان بەیەکگەیشتنیان بووە، وەلێ ناخۆشی و چەرمەسەرییەکانی ژیان نەیهێشتووە ئەوان بە سەرفرازی بژین:"کاتێک لەنیا تەمەنی بووە ٥ ساڵ سارا منداڵێکی دیکەی بوو، وەک ئەوەی خوا قەت خۆشی بە نسیبی سۆران و سارا نەکردبێ پاش ئەوەی منداڵەکەی بوو دکتۆر پێی گوتین دەتوانن منداڵەکە ببەنەوە، بەڵام سارا دەبێ بمێنێتەوە حاڵی زۆر خراپ بوو، دکتۆر پێی گوتین نەدەبوو منداڵی بووایە چونکە نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە، کەس نەیزانی بوو تووشی ئەو نەخۆشییە بووە، کە دکتۆر وایگووت سەیرمان پێ هات، سۆران گوتی دکتۆر بزانە هەڵەنی؟ شێرپەنجەی چی؟ بەڵام هیچ لە دەستی کەس نەدەهات تەنیا دەمانتوانی دوعای بۆ بکەین، سۆران نەیهێشت کەس هیچ بە سارا بڵێ چووە ماڵی خەسووی، بەڵام ئەوەی زۆر سەیرم پێ دەهات بێ ڕەحمی دایکی بوو، کە دایکی سارام دیت پێمگوت سارا نەخۆشی بن دەستی تۆیە.

### سۆران بە ئەمەک بوو

دوای ئەوەی دکتۆر ڕێگەی نەدا سارا لە نەخۆشخانە بیبنە دەرەوە، سارا ٤٠ ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە، سۆران خۆی خزمەتی دەکرد، چۆن دایک خزمەتی منداڵێکی ساوا دەکات سۆرانیش ئاوا خزمەتی سارای دەکرد، بۆیەی لە دەستی دەدا، قژی دادەهێناو جلی دەگۆڕی، سارا نەیدەهێشت دایکی نزیک بێتەوە لێی، دەیگوت نابێ دەستم لێ دەی، سارا مردیش هیچ کام لە خوشکەکانی سارا نەهاتن بۆ نەخۆشخانە و سەری لێدەن، زۆرجار بە سارام دەگوت تۆ چۆن کچی ئەو بنەماڵەیەی، چونکە هیچ سیفەتێکی خراپ لە سارادا نەبوو.

### دواجار مەرگ بۆ لای پەلکێشی کرد

سەرباری نەخۆشییەکەی و بێ ڕەحمی خوشک و براو دایک و بنەماڵەکەی، وەفاو خزمەتی سۆران هیوایەکی دیکەی ژیانی دایەوە بەر سارا، وەلێ بەداخەوە پاش ئەو ٤٠ ڕۆژەی دکتۆر بۆی دانا بوو سارا مرد و بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان کرد، خەمی زۆری بە دوای خۆیدا بەجێ هێشت، (لینا) کچی دووەمی سارایە، خەمی لینا زۆر گەورەیە، منداڵێک هەست بە خۆشەویستی دایکی نەکا و شیری دایکی نەخوا، ژیان زۆر زەحمەت دەبێ بۆی . لەو ڕۆژەی سۆران لەگەڵ سارا هاتوونەتە دەرێ بچن بۆ خەستەخانە سۆران نەچۆتەوە ماڵێ . ئێستا خۆی و دوو کچەکەی لەنیاولینا لەماڵی منن کە دەگرین لە باوەشی باوکیان ژێر دەبنەوە وەک ئەوەی بۆنی دایکیان لە باوەشی باوکیان بکەن.

*** دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ٢٠٠٩-٢٠١٠**

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان



سابیر سەڵتە مەخمووری

## سەرۆک کۆماری عێراق جەنابی جەلال تاڵەبانی
## سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی مەسعود بارزانی
## سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان د. کەمال کەرکوکی
## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح



**کەریم عوسمان زێندین دیبەگەیی**

**سڵاوێکی گەرمتان لێبێت**

ئەرکی نیشتمان پەروەریە کەخەباتمان لە پێناویدا بەرپا کردو ئاورێک لەدەڤەری قەزای مەخموور بدەینەوە کەقەراج و کەندێناوە و شەمامک لەخۆدەگرێ بزانین بژێوی ژیان و ئاوەدانی و رەوشەکەیان چۆنە لەم قۆناغە هەستیارەدا، ئەم دەڤەرە بەهۆی خەبات و تێکۆشانی مافی بەسەر پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە کەلەیاد نەکرێ و ئاورێکی لێبدرێتەوە، گیرو گرفتەکانیان چارەسەربکرێت هەرچەندە بەزوڵمی زۆردار خراوەتە سەر موسڵ. ئەم ناوچەیە زۆربەپیت وبەرەکەتە گەرباران بیگرێتەوە. لەبەرئەوەی بەراوی نییەو خەمخۆری نەبووە ئاوی بۆ پەیدابکرێ چ بە هۆی پرۆژەکانی ئاودێرییەوە. بۆ ناوچەکە بۆیە خەڵکی ناوچەکە ئۆقرە ناگرن و داناورێنەوە لەناوچەکەیان خۆیان خەریکی کشتوکاڵ بکەن سەرەڕای ئەوەش شوێنی نیشتەجێیان نییەو گوندەکانیان ئاوەدان نەکراوەتەوە بۆیە هەموو پەرت وبڵاون. هەرچەندە ئاوەدان نەبوونەوەی ئەم گوندانەی لەم دەڤەرە هەن زیانێکی گەورە بە ناوچەکە دەگەیەنێ لەرووی ئابووری و نەتەوایەتیەوە چونکە سنووری ئەم ناوچەیە پڕە لەبیری نەوت و پەسند نییە وابە تاڵ و بەشێوەی بیابان بمینێ و ئاوەدان نەکرێتەوە، هۆی سەرەکی دواکەوتنی ئەم دەڤەرە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەک دەنگی و بڕیاری بەکۆمەڵ بۆ دەڤەرەکەیان. ناوچەی مەخموور لە چەندین تیرەی هەمەچەشن پێک هاتوون ئەوانەی بەکۆمەڵی بچووکن لەناوچەکە ئەم تیرانەن ( سیان + مامەسێنی + بندیان + گەردی + شیروانی + ساڵەیی + گەلاڵی + سوورچی + بلباس + سارمەمی + سنجاوی + لەک + دزەیی ) ئەم پارچە پارچەیە یەکگرتوو نەبوونە بۆیە خەمیان لێ نەخوراوە سەردەمی رژێمە لەناوچووەکانیش گوێرایەڵی رژێمەکانی سەرکوتکەر نەبوونەو ئێستاش ئەوانە گردنین و بەگردی ناتوانن داوا بکەن و کورتیەکانیان چارە بکرێ. بەرچاوە ( ئەوەی کردی بردی ) ئەوەی شایەنی

باسە ئەم دەڤەرەی مەخموور زۆرکارەساتی کاولکاری بەخۆوە دیوە بەهۆی رۆڵە شۆڕش گێرەکانی، کە بەشداریان لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن کردوەو لەچیای قەرەچوغ بەچەند پێشمەرگەیەک بەژمارەی پەنجەکان خەوو خۆراکیان لە دوژمن حەرام کردبوو وەک شەهیدان (سابیر سەڵتە و محەمەد سەڵتە و هەڤاڵان عەلی شەریف لاوەری و حوسێن کادر شامامەری و ئەحمەد مەحمود و مەحموود سەلمان و یاوەرەکانی) هەزاران سڵاو لەگۆڕەکانیان. ئەم دەڤەرە لەبەر ئەوەی کاری پێشمەرگایەتی شۆڕشگێری تیادا کراوە توشی چەندین پەلاماری هێزی دوژمن بوونە لە کودەتای رەشی (٨)شوباتی حەرەس قەومی (١٩٦٣) کەرژێمی عەبدولکەریم قاسم روخاو حەرەس قەومی دەسەڵاتی گرتە دەست شارۆچکەی مەخموور کەوتەبەر شاڵاوی گرتن و تاڵانکردن و دەربەدەری و ماڵ وێرانی و یەکەم شاڵاو کەدەستی پێکرد لە دەڤەرەی مەخموور بوو بۆیە لە سنووری ناوچەکە عەرەب هەڵیان کوتایە سەردەڤەرەکە وەکو درندە بەفەرمانی حەرەسی قەومی شۆڤینی خوێنرێژ . کەبەدەم تاڵان کردنەوە دەیان گووت ( نحن عرب صاحب غیره نمحی اکراد من الدیره)و دەیان گوت (احنا بدو وین عدو....) عربی ناوچەکە هەمووی بوونە جاش بەناوی (فرسان الولید) سەرۆکی گەورەیان لەناوچەکە (شێخ حەنێشی تائی)بوو کە لە گوندی هەوێرە دادەنیشت هەموو ناوچەکەیان تاڵان کرد بە دیبەگەشەوە بەمەش نەوەستان



محەمەد سەڵتە مەخمووری

پێی خۆش بوو، بەڵکو نەدەهاتە هاوکاریان هێزی پێشمەرگەی لقی(٣) پارتیزان هێزی کاوە لە پایزی (١٩٦٣) لە کاتژمێر(٨)ی بەیانی تاکو (٧)ی ئێوارە لەچیای قەرەچوغ لە عەرەبی شێخ عەواسی ئەدا زیاتر لە(٦٠) جاش کوژران و لاشەکانیان لەگۆڕەپانی گوندی دارە خورماو گەوەرە شاخی سەربەرزی قەرەچوغ لێرەولەوێ کەوتبوون بەڵام هەندێ جاشی بریندار لە ناو لاشەی کوژراوەکان خۆیان مراندبوو نەیان توانیبوو رابکەن بۆیە دوو پشمەرگەی قارەمان دەچنە سەرلاشەکان بۆ ئەوەی بریندارە جاشەکان تیمار بکەن و ئەوانیش لێیان دەدەن هەردووکیان بە سەختی بریندار دەکەن. کە ئێمە چووینە سەریان مابوون (شەهید عەبدولڕەحمان گەزنە وشەهید مام سمایل گردەسۆری سیانان )زۆری پێنەچوو هەردوو قارەمان شەهید بوون.

بەسرا بۆ بەغدا بەهۆی قونبەلەیەک کە بەعسیەکان لەناو فرۆکەکە دایاننابووەوە "عەبدولسەلام"و دارودەستەکەی ئەوەی لەناو فرۆکەکە بوون هەمووی سوتان و مردن عەبدولڕەحمانی برای بووە سەرۆک کۆمار و ئینجا گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەستی پێکردەوە بەناوی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦ ئەوەی زیندانی بوو هەمووی ئازادکرا، ماوەیەک بەهۆی نەمانی "عەبدولسەلام عارف" وگفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بارزانی نەمر ئارامی وسەقام گیری لەناوچەکە جێگیر بو بەڵام بەهۆی کودەتای ١٧ – ٣٠ تەمووزی ١٩٦٨ رۆژی رەشی دەسەڵاتی حەرەس قەومی یەکەم هەنگاوی بەعس ئەوەبوو کەوتە پەلاماری ناوچەکە و بەبەعس کردنیان وگرتنیان ودەربەدەرکردنیان لەناوچەکە . کە شەڕی ئێران – عێراق کۆتایی هات لە ١٩٨٨/٨/٨ حزبی بەعسی فاشست دەستی کرد بەتێکدانی گوندەکانی دەڤەری قەزای مەخموور و دیبەگەش گوێزرایەوە ناحیەی خەبات (کەلەک) تاکو ڕوخانی رژێمی سەدام لە ٢٠٠٣/٤/٩ خەڵکی دیبەگە ئەوەی خانووی نەرووخابو گەڕایەوە دیبەگەو ئەوەی خانووی رووخابوو چاوەڕوانی قەرەبوو دەکات و ماددەی "١٤٠" جێ بەجێ بکرێ و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بگەڕێتەوە سەر کوردستان و سنووری کوردستان دیار بکرێ ئەم ناوەندە پڕە لەبیری نەوت، ئەوەی جێگای داخە خەڵکی دەڤەری مەخموور پسولەی خۆراکیان

دەستی عەرەبی شۆڤینی ) ئێستا ئەم ئازادیەی کەوەدەست هاتیەو ناوچەکەش وێرانە و خانووەکانی رووخاون لەدیبەگەی باوو باپیر ناهێڵن خانوێک بۆخۆت بکەی لەسەرزەویەکەت کە پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە چەندین ساڵە ئەم زەویە موڵکی خۆیەتی هەروەک پاداشتێک پێشکەشی بکرێ چونکە ناوچەکە شایستەی ئەوەیە زیاتری بۆ بکرێ هەرچەندە زەویەکە موڵکی خۆیەتی ئەگەر دڵمان بەکاول کاری بسوتێ نابێ رێگر بین لەئاوەدانی بەهەر شێوەیەک پێویستە دیبەگە ئاوەدان بکرێتەوەو هاوکاری بکرێ لەبەر ئەوەش ئەم ناوەندە هاو سنوورە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی (عێراقی فیدراڵ) .

کە بە زوڵمی زۆردار خراوەتەوە سەر موسڵ کەدوورە لە عادات و نەریتی مرۆڤایەتی چونکە قەزای (مەخمور) نابێ وەک (شەنگال و خانەقین و کەرکوک) بژمێردرێت، چونکە بەبڕیاری رژێمی لەناوچوو ئەم کارە نەگریسە کراوە دەبێ بەبڕیاری پەرلەمانی بەغداو سەرۆک وەزیرای عێراقی فیدراڵ بڕیارەکانی رژێمی سەدام هەمووی هەڵبوەشێتەوە بۆیە خەڵکی دەڤەری مەخموور بێ سەر دەسوڕێنەوە، چونکە نازانن تاکەی ئەم سەفاو مەروایە دەکەن، بۆیە پێشنیاز دەکەم ئەم بەشە خۆراک و نەوتەی خەڵکی دەڤەری مەخموور کە لەهەولێرگەڕاوەتەوە مەخموور بگوازرێتەوە سەر هەولێر تاکو مادەی"١٤٠" جێ بەجێ دەکرێ و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان دەگەڕێنەوە سەر کوردستان و کێشەمان لەگەڵ حکومەتی

نەبێ، زەوی بدرێ بەو جووتیارەی دەچێتەوە گوندەکەی، سەت حەیف ومخابن دڵم نایە ئەوە بڵێم ( ئەگەر دەڤەری مەخموور هەروا بەم شێوەیە بە چۆڵی بمێنێتەوە و خزمەت گوزاری بۆ نەچێ و گوندەکان ئاوەدان نەبنەوە خەڵکەکەش هەرلە هاتوچۆی رێگای مەخموور بێ بۆهێنانی بەشە خۆراکی بائیعی پاش دوو ساڵی دیکە دەڤەرەکە کەسی تیا نامێنێ و بەرەو شارەکان هەڵدەکشێن ) من خەڵکی ناوچەکەم هەست و هەڵوێست وئارەزووی خەڵکەکە وادەگەینێ . بۆیە لەرێگای



ئەحمەد مەحموود دیبەگەیی

بەرپرسیەتی نەتەوایەتیەوەجۆشی کوردا یەتی ودوور تەمەشاکردنی جموجۆڵی نەیارانی کورد لە ناوچەکە کە هەرچواردەوری داوە. لەبەر ئەوەی دەڤەری مەخموور ژمارەیەکی زۆر بیری نەوتی هەیەو زەویەکەش بەپیت وبەرەکەتەو ناحەزا نمان چاویان لێیەتی بۆیە نابێ بەهەندهەرنەگیرێ وبەچۆڵی وبەم شێوەی بەرچاوە بمێنێ ناوچەکەمان لە دەست دەچێ. بۆیە ئەرکە هەوڵ بدرێ بەجدی بۆ گەڕانەوەی ناوچەکە بۆ سەر کوردستان و گوندەکان ئاوەدان بکرێنەوە . خەڵکەکەی لەم سەفاومەروایە رزگاربکەن بەشە خۆراکیان لەگەڵ بەشە نەوتیان بگوازنەوە هەولێر. هەرکەسە بۆ بائعی خۆی خەڵکی دەڤەری مخمور شایستەی ئەوەن کارئاسانیان بۆ بکرێ نەک ئەو هات وچوونەی نەزانێ تاکەی وا بێ سەرو بەری نادیار. هەرکاتێ ناوچەکە ئاوەدان کرایەوە ئەوکاتە رێنمایی بۆ خەڵکی دەڤەرەکە دەربچێت بەیاسا . خەڵکەکە بەزۆر بگەڕێتەوە ئەو جێگایەی لێی لە دایک بووە . کە سم لێ زوێر نەبێ ئەگەر ئەوە نەکرێ ناوچەکەمان لە دەست دەچێت و تاوانەکەشی ئەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەهەتاهەتایە لەبیر ناچێتەوە، ئێمەی دەڤەری مەخمور لەبێ کەسی وامان لێهاتووە هەروەک گوتوویانە "بین حانة ومانة ضیعنا لحانا"

## ئێمەی دەڤەری مەخمور لەبێ کەسی وامان لێهاتووە هەروەک گوتوویانە "بین حانة ومانة ضیعنا لحانا"

گوندەکانی کەندێناوەیان دەرکردو تاڵان کردو عەرەبی بەدوی (شێخ عواس الصدید)یان لەگوندەکان جێگیرکرد .ئەوەی ئاگادارەو لەیادی ماوە دەزانێ چیان لەناوچەکە کرد بەڵام خۆشبەختانە ئەم شێخەی بەدووی وەحشی بێ ئەقڵ وغرور پەلاماری حکومەتی عەبدولسەلام عارفی ئەدا ئەو حەرەس قەومیانەی لە عەبدولسەلام عارف هەڵگەرابوونەوە یاخی ببوون یان لە سجن رایان کردبوو یان بڕیاری گرتنیان دەرچووبوو وەک سەدام حوسێن وئەو بەعسیانەی لەگەڵی دەهاتن بۆ لای (شێخ عواس الصدید) لەوێوە رەوانەی سوریا دەکران ئاغاکانی ناوچەی دزەییاتی سەدام حوسێنیشیان لەماڵی (شێخ عیادە الصدید) دیبوو.

ئەوەی شایانی باسە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەلاماری عەرەبی (شێخ عواس)ی ئەدا حکومەتی عەبدولسەلام عارف

لەگوندی چاڵە گردەڵەی سەیدانمان شاردنەوە . لەگەڕانەوەمان دوو دیلی عەرەبمان لەگەڵ خۆمان هێنابوو رەوانەی قەڵادزێ کران لەوێ بەبڕیاری سەرۆک بارزانی خوالێخۆشبو ئازاد کران و رەوانەی ناو ماڵ و منداڵی خۆیان کرانەوە پارەو جل و بەرگیان پێدابوون جێگای ئاماژە پێکردنە لەم شەڕە دووردرێژە نەمان دیت هێزی حکومی بەهانای جاشەکانی شێخ عەواس ئەلسەدیدەوە بێن دیارە ئەگەر هێزی میری بهاتایە هاوکاریان ئێمە زیانێکی زۆرمان دەبوو لەبەر ئەوەی چیای قەرەچوغ بێدارو بارو عاسی نییەو کراوەیە زۆر بەئاسانی دەگیرا. ژمارەی پێشمەرگە لە(١٠٠) پێشمەرگە زیاتربوو سەرلقیش خوالێخۆش بوو مەلا غەریب مەخمووری بوو لێرەدا مەبەستی من ئەوە نییە باسی چۆنیەتی ومەبەست لەشەرەکە بکەم، چونکە دوورودرێژە داوای لێبوردن دەکەم . مەبەستم ئەوەیە ناوچەکە داگیر کرابوو تاکو شوباتی (١٩٦٤) کەگفتوگۆ پەیدا بو لەنێوان "عەبدولسەلام عارف" وو سەرۆکایەتی شۆڕشی کورد خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی بڕیاریدا عەرەبی "شێخ عواس الصدید" لەناوچەکە دەربکرێن بەم بۆنەیە کوردی ناوچەکە گەڕانەوە گوندەکانیان بەبێ ئەوەی زیانیان بدەنەوەو باروبۆ بکرێن و خانوەکانیان نۆژەن بکرێتەوەو خزمەت گوزاریان بۆ بچێ لەنیسانی ١٩٦٦ عەبدولسەلام عارف لەرێگای

گەڕاوەتەوە مەخموور دەبێ بێن بچن بۆ وەرگرتنی بەشەخۆراکیان تائێستا زۆر لەخەڵکەکە ماوەی ساڵێک زیاترە تەنها بەرمیلێک نەوتی وەرگرتیە هەیە هەروەری نەگرتیە لەبەر ئەوەی وەرگرتنی بە زەحمەتەو خەرجی زۆری دەوێ لەسەرقەردار دەبێتەوە بۆیە وەری ناگرێ و نازانی کەی ئەم نەوتە دابەشدەکرێ و لەکاتێکدا خۆی لەهەولێرە. لەگەڵ ئەوەش ئەم دەڤەرەی مەخموور لەوەتەی حکومەتی عێراق دامەزراوە قەزای مەخموور وهەرسێ ناحیەکەی هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەدیوە بەهۆی ئەوەی گوێرایەڵی رژێمی بەعسی کۆکوژی کورد نەبوونەو کۆی ناوچەکە جاشایەتی رەتکردۆتەوەو جم وجۆڵی کادران وپێشمەرگەی کوردستانی لێ نەبڕاوە بەتایبەتی ئەو گوندانەی ناو قەرەچوغ هیچ کاتێک لە شۆڕش دانەبڕابوون، وەک گوندی ناسر کوژرای کەچەندین پێشمەرگەی لێ بەدیل گیران و شەهیدکران، لەکەندێناوە گوند نییە شەری پێشمەرگەو رژێمی گۆڕبەگۆڕی تیا نەکرابێ هەربەم هۆیە رژێمی سەدام ناوچەکەی پشت گوێ خست بۆیە ئەرکە لەسەر ئێمە کە بەم ئەزمونەو ئەو ئازادیەی لەکوردستان هەیە ماندوبووین هەقە رێزی بگرین و ئەوناوچانەی زیان و نەهامەتیان دیوە بەهۆی هاوکاری پێشمەرگەی کوردستان پشت گوێ نەخرێن وەک ( دیبەگەی خەبات و هەڵمەت و قوربانی — دیبگەی داگیرکراوی

ناوەندی (عێراقی فیدراڵ) کۆتایی دێت هەر لەئێستاوە دەست بکرێ بەئاوەدان کردنەوەی گوندەکانی دەڤەری(مەخموور) پاش ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان و دابینکردنی پێویستیەکانی خزمەت گوزاری بۆ ناوچەکە، ئەو کاتە حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی لە رێگای پاراستنی ناوچەکە و نەتەوایەتیەوە بەزۆر خەڵکی دەڤەرەکە بگەڕێنتەوە گوندەکانیان لەژێر رێنماییەکانی ماف پەروەری و رێک و دروست چونکە ناوچەکە سنوورە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی فیدراڵ . بەپێچەوانەوە ئەوەی نەگەڕێتەوە شوێنی باب وباپیری ئەو گوندەی لێی لە دایک بووە مافی وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی



لە چەپەوە مەحمود سەلمان و سابیر کادیر



مەحمود سەلمان و هاوەڵەکانی - شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١

بلاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٥٦ - ١٤٧، ٢٠١٠/٨/٢٢ی زایینی

هونەری بەدرخان
Bedirxan

# دوو هونەرمەند لە پێشانگایەکی هاوبەشدا



هونەرمەند مەنسوور بەکری



هونەر مەند فەهمی باڵایی

**کاکۆ/ بەرلین**

لەم رۆژانە لەشاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا، هەردوو هونەرمەند فەهمی باڵایی و مەنسوور بەکری پێشانگایەکی شێوەکاریان کردەوە. ئەم پێشانگایە لە هۆڵی یانەی رافیدینی عێراقی خرانەڕوو.

نووسەرو بیرمەندی عیراقی ناسراو دکتۆر کازم حەبیب کە وەک میوانی شەرەف بانگهیشتی پێشانگاکە کرابوو لەسەرەتای کردنەوەی پێشانگاکە وتەیەکی پێشکەش بە میوانانی ئامادەبوو کرد، لەم وتەیەدا وێرای دەستخۆشی لە هونەرمەندان خۆشحاڵی خۆی بەم بۆنەیەوە دەربڕی، باسی لە رۆڵی هونەری شێوەکاری عیراقی کرد لە بنیاتنانی شارستانیەتی هاوچەرخی ئەمڕۆی عیراق و قوڵکردنەوەی هەستی مرۆڤایەتی لای تاکی عیراقی.

دوابە دوای ئەمە هونەرمەند مەنسوور بەکری پاش بە خێرهینانی میوانەکان لە وتەکی کورتدا ئەوەی خستە ڕوو کە کاری هونەری شێوەکاری لە قەڵەم و فڵچەیەکەوە دەست پێدەکات پاش ئەوەی ئەم قەڵەم و فڵچەیە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی هەستی پاک و مرۆڤستانەی هونەرمەند. هەروەها لە وتەکەیدا وتی کە زۆر خۆشحاڵە بەوەی ئەمرۆ لە دووری وڵات وەک هونەرمەندێکی عێراقی لە گەڵ هونەرمەندێکی کورد پیشانگایەکی هاوبەش دەکەنەوە، ئەمە هەنگاوێکە بۆ قووڵکرنەوەی هەستی برایەتی لەسەر ریگەی پەرە پێدان بە پێشخستنی هونەری شێوەکاری عێراقی. شایانی باسە تابلۆکانی مەنسوور تایبەت بوون بە پۆرترێتی کەسایەتیە جیهانییەکانی بواری هونەرو ئەدەب و سیاسەت بە شێوازێکی کاریکاتێری.

هەروەها هونەرمەندی کورد فەهمی باڵایی کە بە چەندین تابلۆی رەنگین بەشداری پێشانگاکەی کردبوو، چیرۆک و سەرگوزشتەکانی خۆسەویستی ناو کوردەواری بابەتی سەرەکی تابلۆکانی بوو،ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین ڕەمزو هێمای ئاشنا بە سەلیقەی مرۆڤی کورد، کە ئاماژەیان بە رابردووی پڕ لەنەهامەتی خەڵکی کوردستان دەکرد. فەهمی باڵایی لە روونکردنەوەیەکی تایبەتیدا ئەوەی پێ ڕاگەیاندین کە ئێستاکە لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ پێشانگایەکی تایبەت بە چیرۆکەکانی عەشق و خۆشەویستی لەناو کەلتوری کوردەواری، بەو پێیەی کەتاکو ئێستا ئەو سەرگوزشتانە بە بەند و لاوک و حەیران گوتراون ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بە وێنەو ڕەنگ تەعبیریان لێ بکرێ. شایانی باسە فەهمی باڵایی پێشتریش بەشداری لە چەندین پێشانگای جۆراوجۆری شێوەکاری کردووە لە کوردستان وئەڵمانیا.



تابلۆیەکی هونەر مەند فەهمی باڵایی



تابلۆیەکی هونەرمەند مەنسوور بەکری

## پرۆفیشناڵ



**مەسعودی مەلا هەمزە**

## دراماو کەناڵەکان

بۆتە کلتوور و نکۆڵی لێ ناکرێ کە رەمەزان هات بینەری کورد چاوەڕێی درامای کوردی و فیلمی کوردی دەکا، جا ئەو کلتووره چۆن دروست بوو و کێ دروستی کرد، ئەوە بابەتێکەو دەیهێنێ قسەی زیاتری لەسەر بکرێ.

لە نووسینی دیکەشمدا ئاماژەم پێ کردووە یەکێک لەو کەناڵە پێشەنگانەی پێموایە رۆڵێکی یەکجار گرنگی هەبوو لە کەلتووری دروستکردنی نمایشکردنی دراما لە رەمەزان کەناڵی کوردسات بوو، کە هەموومان بە بەردەوامی دەمانبینی کاری نوێیان هەبوو، بە تایبەتی کارەکانی هونەرمەندی هەمیشە لەیادو کۆچکردوو حوسێن میسری کە رەمەزانان دەبوونە میوانمان و ماندوویەتی رۆژویان لەبیر دەبردینەوە.

وەلێ بەداخەوە ئەمساڵ دەبینین کوردسات وەکو جاران نییەو درامایەکی ئاوا سەرنجراکێشی نییە بینەر بۆ خۆی پەلکێش بکا، بەڵکو زۆر لەوە خەتەرتر ئەوەیە کەناڵەکان هانای بۆ درامای دۆبلاژکراو دەبەن، ئەگەرچی دۆبلاژەکەی زۆر جوان و رێک و پێکە، بەڵام ئەوە منی بینەرم داوای درامای جوانی وەکو "گەڕان بەدوای سێبەرەکان، وەسیەتنامە، ژیلەمۆ، رەشەی پۆلیس، خۆرنەوازان، حەسەنە فەنی..." دەکەم، جا بۆ ناهەقم دەگرن، خۆ ئێوە فێری ئەو کلتوورەتان کردم.

کە باس لە کەناڵی کوردسات دەکەم ئەوە مەبەستمە بڵێم ئەو کەناڵە کەناڵێکی چالاک بووە بۆچی ئێستا وەکو جاران نییە، ئەی چی بکرێ باشە بۆ ئەوەی ئەو کەناڵە وەکو جاران ببێتەوە میوانی ماڵەکانمان، ئەگینا ئەوە هەریەک لە کەناڵەکانی "زاگرۆس، گەلی کوردستان، جەماوەر، کەناڵ ٤، کۆڕەک، ڤین تیڤی" ئەوانەش بەدەرن لە نمایشکردنی درامای کوردی دانسقە، کە ببێتە جێگای رەزامەندی بینەر، بەڵکو بەداخەوە زۆرێک لەو کەناڵە یان درامای دووبارە پەخش دەکەنەوە یانیش چەند درامایەکی تورکی و عەرەبی و ئەجنەبیان هێناوە و دۆبلاژیان کردووەو پێمانی دەفرۆشنەوە، کە بە بڕوای من ئەگەرچی بوونی کاری دۆبلاژ و ژێرنووس کارێکی باشە، وەلێ بەو شێوەیە هیچ خزمەتێک بە هونەری کوردی ناکا، چونکە ئەوە کارکردنە لەسەر حیسابی هونەری کوردی.

دواخاڵ دەمەوێ دەستخۆشی لە هەموو کەناڵە کوردییەکان بکەم بەتایبەتی کوردستان تیڤییە، کە ئەوان جیا لە زۆربەی کەناڵەکانی دیکە ئەمساڵ درامای گەمەی باڵندەکانیان پێشکەش کرد، کە دیارە ئیدی لە پلان و بەرنامەی کوردستان تیڤیدایە بایەخ و گرنگی بە درامای کوردی بدا.

ئیتر بەهیوام هەموو کەناڵە کوردییەکان بگەنە ئەو ئاستەی لەخەمی هونەری کوردی و بەرەو پێشبردنی درامای کوردیدابن.

# رازاو بۆ یەکەمجار لە پێشانگاکەی خۆیدا لەپاڵ تابلۆ و پەیکەر گۆرانی فۆلکلۆری چڕی

**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

رێزان عومەر رەزا ناسراو بە رازاو، ئەگەرچی خۆی دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانییە، وەلێ لە سەرەتاوە ئەو وەک گۆرانیبێژەک دەرکەوتووە، سەرەتای کاری لە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان بوو، کە لە ئاوازی عەدنان کەریم بوو، دواتر سلێمانی جێهێشتووەو لەگەڵ ئاکۆی هاوسەری روویکردۆتە هەندەران و لەوێ نیشتەجێ بوونە، لەو گەشتەیدا بۆ کوردسان بەنیازی کردنەوەی پێشانگایەکی کارە دەستییەکان و کلیپکردنی گۆرانییەکی گەڕاوەتە کوردستان.

لە لێدوانێکی تایبەت بە هونەری بەدرخان رازاو باسی لەدوا کاری



رازاو عومەر رەزا

خۆی و گەڕانەوەی ئەمجارەی بۆ کوردستان کردو گوتی: گەڕانەوەی ئەمجارەم زیاتر بۆ کردنەوەی پێشانگایەکی کاری دەستی بوو، کە بە دار کردوومن، کە پێشانگاکەم لە سلێمانی و دهۆک کردەوە، لە پێشانگاکەدا لەگەڵ تیپی فۆلکلۆری کوردی بە سەرپەرشتی سەباحی سەنتوور توانیم چوار گۆرانی فۆلکلۆری نمایش بکەم، یانی ئەوە یەکەمجارە لەناو پێشانگایەکدا گۆرانی و تابلۆو پەیکەر نمایش بکرێ، لە دهۆکیش بەهەمان شێوە لەگەڵ کردنەوەی پێشانگاکە گۆرانی فۆلکۆری و بادینیم گوت.

رازاو باسی لەدواگۆرانی خۆی کردو گوتی: دواکارم بەهاوکاری گروپێک لە کەناڵی گەلی کوردستان کلیپ دەکەم، گۆرانیەکە بەناوی "شێوە"یەو لە ئاوازی خۆم و شیعری کەمالییە، مۆسیقا نیاز نوری کردوویەتی و تۆمارکردنی دەنگ و مۆسیقا کارزان مەحمود لە سوید کاری بۆ کرد، ئێستاش کلیپەکە لە دەرهێنانی هاوڕێ بەهجەت کار بۆ کلیپەکەی دەکەم.

لە کۆتاییدا رازاو گوتی: جگە لەو گۆرانییە ٣ گۆرانی دیکەم بەدەستەوەیە، کە گۆرانییەکیان فۆلکلۆرەو دوو گۆرانیشیان بەرهەمی تازەیە پەنا بەخوا لە سوید کاری بۆ دەکەم.

لە ژمارەکانی داهاتووی بەدرخان دیدارێکی تێروتەسەلی رازاو بخوێننەوە.



گرتەیەک لە کلیپی شێوە لە دەرهێنانی هاوڕێ بەهجەت

# ئەو ڕۆژەی بابا نۆئێل گریا ...
## فیلمێک دەبێت هەمووان بیبینن

**هەوراز محەمەد**

ئەم فیلمە لە بەرهەم و دەرهێنانی (ڕەحیم زەبیحی)یە. هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی هەڵەبجە، لە دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر کارەساتەکەدا. لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانێکەوەکە بەهۆی لەدەستدانی خێزانەکەیەوە لە بارێکی پەشێویی دەروونیدا دەچی و ژیانی بریتییە لە رابردوو. زەمان بۆ ئەو بریتییە لە چرکەیەکی تێپەڕیوو و لە هەمانکاتیشدا وەستاو. تێپەڕیو وەک ئەوەی کۆتایی پێهاتووە. وەستاو وەک ئەوەی بەردەوام ئەم کارەکتەرە لەو چرکەساتانەدا دەژی و ناتوانێت قبوڵی زەمانێکی جیاوازتر بکات، ناتوانێت قبوڵی ئەوە بکات ئاهەنگی سەری ساڵ بگێڕێت و ژن و منداڵەکەی لەگەڵ نەبێت.

زۆر خاڵ لەم فیلمەدا هەن، کە دەکرێت قسەیان لەبارەوە بکرێت، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە، ئەوەیە کە چۆن هونەرمەند دەتوانێت کارەسات لە کردەیەکی داهێنەرانەی وەک سینەمادا تەوزیف بکات. ئایا ڕووداوی کیمیابارانی هەڵەبجە چۆن دەکرێتە ماتریاڵێکی سەرکەوتوو بۆ سینەما؟



گرتەیەک لە فیلمە سینەماییەکە

کارەسات دەتوانێت گەلت بۆ بەرهەم بهێنێت، دەوڵەتت بۆ دروست بکات، بتکاتە کیانێکی سەربەخۆ، بەڵام لەکاتێکدا نەتەوەی کارەساتبار لە ئاستێکی ئاگایی و هۆشیاریدا بێت، کە خودی کارەسات بکاتە هەوێنی ئەوەی کە دەیەوێت بیکات. کارەسات دەوڵەتی بۆ جوولەکە دروست کرد، بەڵام ئەمە لەکاتێکدایە کارەکتەری جوولەکە هەست بە کارەسات دەکات و دەتوانێت تێی بگات، دەتوانێت خۆی لەسەر بونیاد بنێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کارەکتەری کورد هەست بە کارەسات دەکات؟ دەتوانێت تێی بگات؟ لەئاستە روکەشییەکەیدا بەڵێ دەتوانێت. بەڵام لە ئاستە فیکرییەکەیدا هێشتا مرۆڤی کوردی لەوە شەرمنترە لە کارەساتەکانی تێبگات، لەوە بێ یادەوەریترە کارەسات بکاتە هەوێنی بەرهەمێکی نوێ. من پێموایە چۆن لەئاستە سیاسییەکەیدا کارەسات دەیتوانی زۆرشت بۆ کورد بکات بەکیانی سەربەخۆشەوە، بەڵام کەسایەتی کوردی نەیتوانی ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، هونەرمەندانی کوردیش تا ئەمساتەش کە ئێمە تیایدا قسە دەکەین مەستی ڕووداون، نەک لە ڕووداو تێبگەن، کارەسات وەک گشت دەبینن و توانای تێگەیشتنیان لێی نییە، بۆیە بەگشتی ئەو فیلمانەی کە باس لە کارەساتەکان دەکەن تارادەیەکی زۆر لاوازن و نەیانتوانیوە کەشفی تازە بکەن، گوتاریان هەبێت. بەڵام ئەوەی لە فیلمی (ئەو ڕۆژەی بابانوئێل گریا)دا بینیمان، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی باش کاری لەسەر کارەسات کردووە و جوان ڕووداوی تەوزیفکردوە لە کردە داهێنانیەکەدا.

کاتێک لەئاستە فیکریەکەیدا هونەرمەند نەتوانێت لە کارەسات تێبگات، ناتوانێت سیناریۆیەک بنووسێت بتوانێت گوزارشت لە کارەساتەکان بکات. یەکێکی تر لەو کێشانەی، کە هەستی پێدەکرێت لەم جۆرە فیلمانەدا خودی کارەسات دەبێتە پاڵەوان تیایاندا و پاڵەوان دەبێتە پاشکۆی ڕووداو، لەکاتێکدا کە ئەمە شێوازێکی نادروستە و فیلم ئەرکی گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانە لەچرکەساتی کارەساتدا، نەک باسکردن لە کارەسات و تیایدا چیرۆکی پاڵەوان. لەسیناریۆدا پاڵەوان ڕۆڵی هەیە لە ڕووداودا و کاریگەری دروستدەکات و ڕووداو بە چواردەوری پاڵەواندا دەخولێتەوە، ئەمە هەمان ئەوکارەیە کە (ڕەحیمی زەبیحی) کردوویەتی و زۆر جێگای دەستخۆشییە..

ئەمە جگە لە خاڵێکی گرنگی تر کە بریتییە لەو هەوڵە ماندوونەناسانەی (ڕەحیم)، کە دروستکردنی فیلمێکی درێژ لەسەر ئەرک و توانای مادی سادە و ئاسایی خۆی و ستافە ماندوونەناسەکەی. کە دەبێت هونەرمەندانی تریش چاو لەم هەوڵە بکەن و چاوەڕێی بودجەیەکی زۆر نەکەن. چونکە زۆرن ئەو فیلمانەی بە بودجەی زۆر دروستکراون و جوانییان زۆر کەمترە لە جوانییەکانی ئەم فیلمە، کە لەسەر گیرفانی دەرهێنەر دروستکراوە.

لێرەدا نابێت خاڵێکی گرنگی وەک نواندن لە بیر بکەم کە هەردوو هونەرمەند (شوان عەتووف و سەلاحەڕەش) بە جوانترین شێوەی نواندنی سینەمایی نواندنیان کرد و پڕیان کردین لە جوانی.

دەستخۆشی و ڕێزی بێپایان بۆ ئەو ستافە و ئەم جۆرە کارانە.




# تیپی هونەری میللی سلێمانی لە فێستیڤاڵی هونەری میللی نەتەوەکان لە وڵاتی پۆڵۆنیا

**ئا: بەدرخان**

ئەم فێستیڤاڵە بۆ ماوەی ١٣ ساڵە لە وڵاتی پۆڵۆنیا بەردەوامەو تا ئێستا نزیکەی ١٠٠ وڵات بەشداری تێداکردووە،، ئەمساڵ تیپی هونەری میللیەکانی سلێمانی بانگهێشت کرا بۆ بەشداری کردن لەو فێستیڤاڵەکە لەژێر ناوی

13th International Festival Of Ethnic And National Minorities"World Under Kyczera"In Poland(Legnica)From 2th Of July To 12th July 2010،

بوو توانیمان بە ئاڵای کوردستانەوەو بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە شان بە شانی دەوڵەتەکانی تری بەشداربووی وەک: یۆنان –فەڕەنسا – ئۆزبێکستان – تایوان – سلۆفاکیا – ڕوسیا – نوێنەری هیندستان – سێ گروپی هەرێمە جیاوازەکانی پۆڵۆنیا بەشداری بکەین.

گروپەکەمان پێکهاتبوو لە ٢٣ کەس لەکۆمەڵێک شارو شارۆچکەو گوندو هەندێک دامودەزگای حکومەت چالاکییەکانی خۆی نواند.:

پرۆگرامی تیپەکەمان بریتی بوو لە:

١/تابلۆی (گوڵی خوێناوی) لە ئامادەکردن وڕاهێنانی (عەبدولعەزیز مەجید)و دانان و ئامادەکردنی مۆزیکی (سەلاح حەمەعەزیز)

٢/تابلۆی (خاک) لە ئامادەکردن و ڕاهێنانی (عەبدولعەزیز مەجید)و دانان و ئامادەکردنی مۆزیکی (زانا مەحموود هەژار)

٣/تابلۆی (مامە پیرە) لە ئامادەکردن و ڕاهێنانی (بوشرە ئیبراهیم عارف)و دانان و ئامادەکردنی مۆزیکی (توانا خورشید)

٤/تابلۆی (ملوانکە) لە ئامادەکردن و ڕاهێنانی (ئازاد سەعید)و دانان و ئامادەکردنی مۆزیکی (زانا مەحموود هەژار)

٥/تابلۆیەکی هەڵپەرکێ بۆ نمایشی سەرشەقامەکان لەکاتی ڕێپێوانەکاندا لە ئامادەکردن و ڕاهێنانی (عەبدولعەزیز مەجید)و ئامادەکردنی مۆزیکی (سەلاح حەمەعەزیز)

شێوازی پرۆگرامەکە بە سێ جۆر بوو: ١/ڕێپێوان و نمایش کردن لەناو شەقام و بەناو خەڵکیدا ٢/سەر شانۆ لە شارە گەورەکان ٣/ لەگۆڕەپان و گوندو فەرمانگەی وەک خەڵوەتگەی پیری و قوتابخانەو مارکێتە گەورەکان.

لەڕووی هونەریشەوە بە دوو شێوەبوو: ١/بە مۆزیکی زیندوو ٢/بە play back



تیپی هونەری میللی سلێمانی لە پۆڵۆنیا

دەبێت بوترێت کە سەرجەم ئەندامانی شاندەکەی تیپی هونەری میللی سلێمانی، کە نوێنەرایەتی کوردستانیان دەکرد لەو فێستیڤاڵە بە شێوەیەکی هونەریانە توانیان کارەکانیان نمایش بکەن، هەربۆیەش گروپەکەو کارە هونەرییەکانی بووە مایەی سەرنجڕاکێشانی خەڵکی ئەوێ و گروپە بەشدارەکانی ترو تەنانەت سەرۆکی فێستیڤاڵەکە
mr. Jerzy Starzński

لە نیوەڕۆخوانێکدا کەبۆ شاندەکەی کوردستانی ساز کردبوو ڕایگەیاند، کە زۆر حەزی کردووە کاتێکی زیاتر لەگەڵ ئەم گروپەدا بەسەربەرێ و بەیەکێک لەهەرە گروپە پرۆفیشناڵەکانی فێستیڤاڵەکە ناوزەدی کردو ڕۆژانە لەپێش جەماوەردا نزیکەی چارەکە کاتژمێرێک باسی کوردو کێشەی پارچەکردنی و ڕاپەڕین و تراجیدیاکانی ئەم گەلەو ئەزموونی دەسەڵات و شێوازی ئێستای حوکمی دیموکراسی و پەرلەمانی وڵاتەکەمانی دەکردو پێگەی گەلەکەمانی لەسیستەمی فیدرالی عێراقی نوێدا بەرز دەنرخاندو زۆر فەخری بەوە دەکرد، کە خۆی لەکەمایەتییەکی بچووکی پۆڵەندایەو توانیویەتی گروپێکی کوردی لە وڵاتێکی دووری وەک عێراقەوە بگەیەنێتە ئەو فێستیڤاڵە.

شایانی باسە لە میانەی بەشدارییەکاندا گروپەکەمان بە نوێنەرایەتی (عەبدولعەزیز مەجید – سەلاح حەمەعەزیز- بوشرە ئیبراهیم – ئازاد سەعید)لەگەڵ نوێنەرانی گروپەکانی تر کۆبونەوەیەکی فەرمیان لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی
Legnica
سازکرد لە ئۆفیسەکەی خۆیداو لە میانەی چالاکییەکانیش سێ بڕوانامەیان وەرگرت، کە یەکێکیان دیپلۆمی هونەری بوو هەروەها کۆمەڵێک CDگروپەکەمان کە بەدەنگ و ڕەنگ بوو هەندێک کاری هونەری گروپەکەمانی لە فێستیڤاڵەکانی کوردستاندا لەخۆ گرتبوو درانە بەڕێوەبەرانی فێستیڤاڵ و سەرۆکی شارەوانی و گروپە بەشداربووەکان و هەندێک ڕۆژنامەنووس و دامودەزگای ڕاگەیاندن و لەگەڵیشیدا کۆمەڵێ دیاری کلتووری میللەتەکەمان وەک کڵاوی کوردی – کڵاشی هەورامی – زەمیلەی گوندنشین – مشکی – تەزبێح .....هتد بەسەر هەموو لایەکیاندا دابەشکران.

ئەم فێستیڤاڵە بەنیسبەت گروپەکەمانەوە یەکێک بوو لەهەرە فێستیڤاڵە گرنگەکان ئەویش بەهۆی ئەوەی:

١/گروپەکەمان بەئاڵای کوردستانەوە بەشداری کرد شان بەشانی ئاڵای وڵاتەکانی ترو لەڕووی ڕامیارییەوە کاریگەریی هەبوو بۆ ناساندنی زیاتری بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بەهەموو لایەک و نیشاندانی زیاتری پێگەی ئەم کەلە لەکۆمەڵگەی عێراقی نوێ و لەجیهاندا.

٢/بووە هۆکارێک بۆ گەیاندنی کلتووری گەلەکەمان لە هەڵپەرکێ و سەماو گۆرانی و مۆزیک و جل و بەرگ و کلتووری کوردەواری و ناساندنی بە گەلی پۆڵەنداو گەلانی تر لەڕێگەی کروپە بەشداربووەکانی ترەوە.

٣/لەمیانەی ئەم فێستیڤاڵەدا گروپەکەمان سوودی زۆری لەو ئاڵو گۆڕە کلتوورییە بینی لەڕووی هونەری سەماو مۆزیک و لایەنە هونەرییەکانی ترەوە، کە ئەویش لە تێکەڵبوونی چەند کلتوورێکی جیاواز لەیەک کات و شوێندا خۆی دەنەخشاند.

ئەمەش بووەهۆی دروست کردنی هێڵی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردن و گەورەکردنی بازنەی جوڵانەوەی ئەم گروپەو ڕەنگە لە پاشەڕۆژدا ئەمانە سوودی گەورەیان هەبێت بۆ بەشداری کردنی زیاتر لە فێستیڤاڵ و چالاکیە هونەرییە نێودەوڵەتییەکاندا.



تیپی هونەری میللی سلێمانی لە پۆڵۆنیا



تیپی هونەری میللی سلێمانی لە پۆڵۆنیا

# حەسەن زیرەک

**بڵاوکراوەیەکی هونەریی تایبەتە بە یادی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ**

بەسەرپەرشتی: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

**ژمارە ٦ - ١٤٧، ٢٠١٠/٨/٢٢ی زایینی**


# ژیانێک.. پڕاو پڕ لە داهێنان.. لێوانلێو لە دەربەدەری!؟



**د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**یەکێ بێ گەورەبێ و بەڕەڵڵا بێ**
**وەک منی لێ دێ و زەحمەتە چابێ**

**(زیرەک)**

**چونکە کوردبووم هونەر بۆمن هیچ بەهرەیەکی نەبوو**

**(زیرەک)**

**خۆم ئەزانم چۆن دڵخۆشیان بکەم**

**(زیرەک)**

**هەر کەسێکی ئەمن بناسێ دەزانێ هیچ کاتێک دۆستایەتی و پیاوەتیم بە پارە نەگۆڕیوەتەوە**

**(زیرەک)**

**دەمەوێ چۆن بەخۆشی هاتوون، ئاواش بەخۆشی بڕۆنەوە**

**(زیرەک)**

**دانیشتنێکی مێژوویی**

میرزا کەریم خۆشناو، بە نووسینەوەو چاپکردنی ئەم بەسەرهاتانەی زیرەک کارێکی زۆرجوان و مەزنی کردووە، شارەزاییکی مێژوو، لە کتێبی "کورد لە مێژووی دراوسێکاندا یان سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی" دا دەنووسێ: خۆزگە هەموو داگیرکەرێک کە دەهاتە کوردستان، ئەولیا چەلەبییەکی لەگەڵ دا دەبوو، چونکە ئەوەی ئەولیا چەلەبی، لە بارەی ئەمارەتی بەدلیس و شەرەفخانی بەدلیسییەوە نووسیویەتی! نووسینێکی بێ وێنەیە، ئێمە ئەمڕۆ لە ڕێگای ئەم نووسینەی ئەولیا چەلەبی، کە کاتبی عوسمان پاشای عوسمانلی بووە و بە چاوی خۆی داگیرکردن و وێرانکردنی، بەدلیس پێشکەوتو و جوانی دیوە! زۆربەوردیش هەتا رادەیەکی زۆر باشیش بە ویژدانەوە شتەکانی نووسیوە، کورد لە خوێندنەوەی ئەو نووسینەوە شارەزای مێژووی ئەو رۆژگارەی خۆی دەبێ ئێمەش لێرەو لە باسی زیرەکدا، دەڵێین خۆزگە میرزا کەریم هەموو ژیانی لەگەڵ زیرەک بوایە، بۆ ئەوەی ئاوا بەوردی ئاگاداری وردو باریکی ژیانی ئەو هونەرمەندە بواین. ئەوەی کە میرزا کەریم نووسیویەتی، هەر تەنیا ئەوە نییە کەباسی ژیانی هونەرمەندێکی مەزن دەکات، ئەم نووسینە میرزا کەریمشی کردووە، بە نووسەرێکی گرنگ و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ژیان و هونەری زیرەک.

هەموو گۆرانییەکی زیرەک چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو دانیشتن و تۆمارکردنی کاسێتێک. چیرۆکی خۆی هەیە، ئەو کاسێتەی زیرەک کە بەبۆنەی سەردانی "ئەبوو سەباح"ەوە تۆمارکراوە، چیرۆکێکی یەکجارگرنگی هەیەوئەوچیرۆکەش میرزا کەریم بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەو چیرۆکەش گەورەیی زیرەک لە روویێکی تردا دەردەخات، گەورەیی زیرەک وەکو "مرۆڤ". زیرەک لە شوێنێکدا دەفەرمووێ: "هەر کەسێ ئەمن بناسێ دەزانی هیچ کاتێک دۆستایەتی و پیاوەتیم بە پارە نەگۆڕیوەتەوە" لە تۆمارکردنی ئەم کاسێتەی، زیرەک رێک و راست، ئەو کارەی کردووە و دۆستایەتی و پیاوەتی بە پارە نەگۆڕیوەتەوە. سەیرکە! بۆ رێزگرتن و گرنگی دان بە خزم و برادەرەکانی میرزا کەریم، زیرەک دەستی لەو پارە زۆرە هەڵگرتووە، کە "بازرگانی ئاواز" ئامادەبوون بە زیرەکی بدەن، بەڵام، زیرەک بۆ رێزگرتن لە خزم و برادەرەکانی میرزا کەریمی برادەری ئەو گرنگییەی بەوان نەداوەو بەدوای ئەوپارە زۆرە دانەچووە، هەروەها نەی ویستووە، میوانەکانی میرزا کەریم ئەمە بزانن، نەوەک هەست بە خەجاڵەتییەک بکەن، وەک زیرەک خۆی دەفەرمووێ: "بابە دڵ خۆشییەوە بگەڕێنەوە" بەڵێ: ئەم دڵخۆشییەی ئەوان لەسەر حیسابی زیرەک بووە، زیرەکێک کەمافی خۆی بووە، لەبەرامبەر هونەرەکەی مافی خۆی "پارەیەکی زۆر" وەربگرێ. بەڵام زیرەک بەکردەوە جارێکی تر دەیسەلمێنێ کە ئەو دۆستایەتی و پیاوەتی بە پارە ناگۆڕێتەوە، لە کاتێکدا زیرەک لەوکاتەداو لە هەموو کاتەکانی ژیانی دا ئەو پەڕی پێویستی بە پارە هەبووە! بەتایبەت پارەیەک لە هونەرەکەی خۆی، هونەرە بەرزەکەی خۆی دەستی بکەوێ!

ئێمە لێرە، ئەوەی کە میرزا کەرم لە بارەی تۆمارکردنی ئەم کاسێتە، کە بەکاسێتی "ئەبوو سەباح" ناسراوە، جارێکی تر بڵاودەکەینەوە، کە لە زۆر رووەوە بۆ ناسینی کەسایەتی زیرەک و هونەری زیرەک گرنگە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ. زیرەک سەرەتا بە دڵێکی پڕ لە ژانەوە چەند قسەیەک دەکات، میرزا کەریم قسەکانی زیرەکی بەدڵ نابێ و دەڵێ: دوایی دەیانسڕمەوە! زیرەک داوا دەکات نەیانسڕێتەوە و بابمێنن! "ئەمە یادگارییە بۆتۆ" بەڵێ، ئەم یادگارییەی زیرەک بۆ میرزا کەریم بۆ ئەبوو سەباح، یادگارییە بۆ میللەتی کورد، بۆ دوا رۆژی هونەری کوردی. یادگارییە بۆ مێژوو.

**هاتنی هەولێرییەکان و رۆیشتنی تەهرانییەکان**

میرزا کەریم ئاوا چیرۆکی تۆمارکردنی کاسێتی ئەبو سەباح دەگێڕێتەوە.

بۆ رۆژی دوایی لەگەڵ میوانەکانم تەسجیل و کامێرامان هەڵگرت و چووینەوە کانی مەلا ئەحمەد. کە لە ماشێن دابەزین هەروەکو جاران زیرەک بەرەو پیرمانەوە هات و دەست و مستی لەگەڵ هەرسێکمان کردو روومان کردە بن هەیوانی چایخانەکە. میوانەکان لە هەیوانەکەدانیشتن و من و زیرەکیش چووینە ژووری چایخانەکە لێم پرسی:

باشە کاکە ئەتۆ بۆچی لەگەڵ ئەم تەهرانییانە نەڕۆیشتی؟ لە دڵم بۆتە گرێیەکی گەورە.

وتی: "کاکە تەهرانییەکان رۆیشتن لێیان عادز بووم، چونکە قسەیان دەکرد شێوە ئەمرێک بوو، ئەوان لە ئەوانی تر راهاتوون هەرچی بڵێن دەبێ بڵێین بەسەرچاو. منیش لەشتی وا رانەهاتووم. ئەوا دانوومان ناکوڵێ پێکەوە و لەیەک دوور دەکەوینەوە. منیش زۆرم پێ خۆش بوو کەلای میوانەکان لێت نەپرسیم سەبەبی رۆشتنەوەیان چی بوو..

**چونکە میوانەکانی تۆ بەم وەزعەیان بزانیایە کە لەسەر ئەوان لەم دوو کابرایە عادز بووم و دەستم لەو پارەو پوولە زۆرەی ئەوان هەڵگرتووە، ئەوا هەستیان بەشەرمەزاری دەکرد کە ئەوان بوون بەباری زەحمەت لەسەر من و لەسەر تۆ. لەبەر ئەمە دەمەوێ چۆن بەخۆشی هاتوون ئاواش بەخۆشی بڕۆنەوە، نەک بە دڵشکاوی هەرکاتێ منیان بیربکەوێتەوە لەسەر ئەم شتە گچکەیە ویژدانیان ناڕەحەتیان بکات."** بە پەلە ئەم قسانەمان لەگەڵ یەک کرد پێکەوە هاتینەوە دەرەوە و هەریەک لەسەر کورسیێ دانیشتن..

وا دیار بوو میوانەکان وایان پێ خۆش بوو لەسەرەتادا لەگەڵ زیرەک هێندێ وێنە بگرن و ئینجا چەند گۆرانییەک تۆمار بکەن لەپاشان هێندێکی تر وێنە بگرنەوە. زیرەک کە هەستی بە مەبەستی وان کرد کامێراکە لەسەر مێز دادەنێن و هەڵیدەگرنەوە. وتی: کاکە با هەندێ وێنەی یادگاری بگرین.

هەڵسایین هێندێ وێنەمان گرت و دانیشتینەوە.

منیش شریتەکەم ئامادەکرد و مایکرۆفۆنەکەم لە بەردەمی زیرەک داناو پەنجەم داگرت و دوگمەی تەسجیلەکە و پاشان ئستوپەکەم گرت.

وەک پێشتر وتم ئەوسا تەسجیلی کاسێت کەم بوو. من تەسجیلێکی "نیڤاکۆ"م هەبوو کە گوایە زۆر شتی چاک بوو! ئەم شریتەش کە پاشان تۆمارمان کردو ئێستا لە زۆربەی کوردستاندابڵاوبۆتەوەلەم‌تەسجیلە "نیڤاکۆ"یەیەو تا ئێستایش ئەسڵی شریتەکە لای من ماوەتەوە.

زیرەک کە شریتی لەسەر تەسجیل و تەسجیلی لە بەردەمی خۆی دیت، چووە ژوورەوە و دەفە بچکۆلەکەی دەرهێناو هاتەوەو دەستیدا مایکرۆفۆنەکەو وتی:.

"ئەمن لێرە لەکێوو شاخێکدا چۆن لە هەموو ئێران و عێراق هیچ رێگام و جێگام نەبووە شوێنێکم نەبوو تیا بژیم، لەبەینی دوو سێ کێودا چایخانەیەکی پڕتووکاو و ناخۆش و عەجایبم هەیە، ئەگەر بێن تەماشا بکەن تەعەجوب دەمێنن کە من چۆن لێرە دەژیم.

نە! پێم خۆشەو کاسبی لێدەکەم. چونکە هونەر لە نێو کورد دا قەدری نەما هونەر بۆمن بەهرەیەکی نەدا، هونەر بۆمن کارێکی نەکرد کە بەشوێنێ دا بچم. چۆن کوردم و بە زبانی کوردی قسەدەکەم.

ئەوا خەریکم دوو سێ گۆرانی بەم زەمانی پیریمە دەڵێم بۆ عالەم بۆ ئاخیری مەرگم کە نێزیکە و زەمانێکە خواحافیزی یەکجاری بکەم بچمە ژێر گڵەوە. "لێرەدا من و میوانەکان وتمان خودا نەکات **ئینشائەڵڵا" بچمە ژێر گڵەوە کە بە شەری کورد نەبینم!!"**

منیش هەر چاوەڕوان بووم کە قسەکانی کۆتایی پێ بێنێ و شریتەکە بسڕمەوە.

چەند جاریش رابە خانمی خێزانی پێی وت: هەندێک گۆرانییان بۆ بڵێ باشتر نییە؟

منیش وتم: لێگەڕێ هەرچی دەیڵێت با بیڵێ پاشان شریتەکە رەش دەکەمەوە زیرەکیش وتی: نە ئومێدەوارووم ئاغا نەیسڕیەوە. ئەم شریتە مەسڕەوە ئەمە یادگارییێکە بۆتۆ تەماشای قسەی رابە مەکە.

منیش وتم: باشە بەسەر چاو زیرەک گیان مادەمەکی تۆ پێت خۆشە ئەم شریتە بمێنێتەوە ئەوا منیش رەشی ناکەمەوە. بەڵام ئەتۆ لێرەدا زیاد لە پێویست رۆیشتی؟

وتی: بۆ چیم وت بۆ خاتری خودا؟؟!



**لە راستەوە حەسەن زیرەک، سەید تاهیری ئیمامی و محەمەد ئەمینی مینایی**
**١٩٦٤ز بەرامبەر ١٣٤٣ هەتاوی - کێوی بێستوون - کرماشان**

وتم: ئەی نالێی بچمە ژێر گڵەوە و بەشەری کورد نەبینم؟؟!

زیرەک پێکەنی وتی: "کاکە ئەمن لێرەدا مەقسەدم هەموو کوردێک نییە، مەقسەدی من تەنها ئەو کەسانەیە کە قەدری هونەر نازانن و بەچاوێکی تەسک و بچووک سەیری هونەرمەندەکان دەکەن..

لەو کاتەی ئەم قسەیەشم کرد رووی قسەکەم لەو جۆرە کەسانە کردبوو. هەروەک هەندێ کەس شیعر دەڵێنەوە کە مانای دێرە شیعرێکیان لێ دەپرسی دەڵێن ماناکەی وا لە دڵی شاعیرەکەدایە. کاکە ئەمنیش ئەوجارە وەک شاعیرەکەم حیساب بکەن و وابزانن ماناکەی وا لە دڵی خۆم دایە، دەبێ ئەم جارە من ببورن داوای بەخشین دەکەم".

پاشان بەتۆمارکردنەوەی خەریک بووین و هێندێ جار پێدەکەنین و هێندێ جاریش پشوومان دەداو قسەی خۆشمان دەکرد.

لەپڕ "ئاوات"ی کچم کە ئەوسا منداڵ بوو و تەمەنی چوار ساڵ تێپەڕی نەدەکرد..

تووڕێکی هەڵکەندبوو هاتە بەردەممان و لە بەرامبەر زیرەک راوەستا.

زیرەک لە رۆخ چایخانەکەی دوکانێک تووری سپی بەتایبەت بۆ خۆی چاندبوو. ئەم پەڵە تووڕەی زۆر خۆش دەویست و هەمیشە ئاگاداری بوو و نەیدەهێڵا چڵەکەش نزیکی کەوێ. کەچی ئاوات قەدەغەیی شکاندبوو تووری هەڵکەندبوو و هاتبووە بەردەمیشی..

زیرەک کاتێ ئاواتی بینی. لە گۆرانی وتن دا بوو. جا گۆرانییەکەی نەبڕی و هەر بە گۆرانی حاڵی کردم و شکاتی لە ئاوات کرد کە تووری هەڵکەندووە. وتی:.

**"بەعزە بێریان دوورە دێیە ئەمان ئەمان"**
**"بێری دێن دڵ دەبەن شیرمەشکیان پێیە"**
**"میرزا کەریم ئاوات کە خۆ تووری پێیە!!"**
**منیش وتم: ئەرێ وەڵڵا ئاوات تووری پێیە!**

گۆرانییەکانی تەواوکردو میوانەکان زۆریان سوپاس کرد.

هێندێ وێنەی ترمان گرت، پاشان زیرەک غاری دایە ئاوات و ئاواتیش بە گەمە هەڵدەهات. دوایە وتی:.

بەخوا دەبێ وێنەیەکی ئاوات بەتوورەوە بگرین. گەر دۆستان پرسیان بڵێ ئا ئەم توورەی کە لەدەمی ئاوات دایە گۆرانی بەسەردا هەڵگووتراوە!

پاش وێنەگرتنەکەی ئاوات و زیرەک میوانەکان. ماڵئاوایمان لە زیرەک خواست و هاتینە ماڵەوە.

بۆ بەیانیش میوانەکان "ئەبوو سەباح و کاک جەلال" بەرەو وڵاتی خۆشەویست گەڕانەوە.

**"ژیانی تاڵ و گیرفانی بەتاڵ"**

رۆژێک زیرەک و رابە خانمی خێزانی بۆ ماڵی ئێمە چووبوون. بەڵام داخەکەم ئێمە لەماڵ نەبووین. ماڵە دراوسێیەکەمان کە چاویان بە زیرەک و رابە خانمی خێزانی دەکەوێ بەپیریانەوە دەچن و دەیانبەنە لای خۆیان و دەڵێن:

میرزا کەریم ئێستا دێتەوە فەرموون وەرنە لای ئێمە، ئێرەش ماڵی میرزا کەریمە و هیچ فەرقی نییە!

زیرەک و رابە خانمیش دەچنە ئەوێ و دادەنیشن. خاوەن ماڵەکە زۆر بەخێرهاتنیان دەکەن. لە دەوایيدا بێ هیچ پێشەکییەک تەسجیلێکیان لەبەردەم دانا بوو هەڵبەت زیرەک بە وشکی گۆرانی بۆ ناوترێ.

کاتێ بۆ ماڵەوە دەچووین لە رێگە منداڵەکانی دراوسێکەمان هاتن و پێیان وتم:.

حەسەن زیرەک و رابیعە خانم وان لەماڵی ئێمەن. باوکم وتی زەحمەت نەبێ وەرنە ماڵی ئێمە بۆ لای میوانەکان.

منیش وتم: باشە کاکە بەسەرچاو، ئێستا دێمە لاتان.

ماشێنەکەم لەبەر دەرگای خۆمان راگرت و لەگەڵ منداڵەکان رۆیشتینە ماڵە دراوسێکەمان. لە دەرگامان داو چووینە ژوورەوە سڵاومان کردو لەبەرمان هەڵسان و زۆریان بەخێرهاتن کردین. پاشان رووم کردە زیرەک و یەکترمان ماچ کردو تۆقەم لەگەڵ رابە خانم کرد و هەموو دانیشتن.

کە سەیری پشت تەسجیلەکەم کرد دیم پەرداخێک ئیسپرتۆ هێندێکی لێ خورا بۆوە شوشەیەکی تریشی لادانرابوو. بەخێرایی شوشەکەم لابرد و پەرداخەکەشم رشت. کەمێ سوکە گلەییشم لە زیرەک کردو هەڵسام کوڕی خاوەن ماڵەکەم بۆ هێندێ شت ناردە بازاڕ. دانیشتمەوە و ئەم دیمەنە زۆر کاری تێکردم. هێندێ قسەم لەگەڵ زیرەک و خانەخوێکە کردو رووم کردە رابە خانم وتم:.

باشە تۆ چۆن شتی وا دەسەلمێنی؟

زیرەک کەزانی کاری تێکردووم وتی:

**"کاکە ئەتۆ هیچ عادز مەبە ئەمن هەمیشە ژیانی خۆم ئەوها بردۆتە سەر.**

**حەتتا لەوەختی دەوڵەمەندیشا، لە بازاڕ هەتا دەهاتمەوە ماڵ بەگیرفانی خاڵی دەگەڕامەوە. خوا خوام بوو بگەمەوە ماڵ. ئەگەر لەرێگا تووشی دۆستێک بوایەم و تەکلیفی بکردبایە، دەبوایە چاوم لە دەستی ئەو بوایە، ئەویش خۆی و ویژدانی هەرچی دەرخواردی داباما خۆم هیچم پێ نەدەکرا.**

جا کاکە ئەتۆ هیچ بۆمن عادز مەبە پاشان بەسەرهاتێکت بۆدەگێڕمەوە!"

لەو قسانە بووین کوڕی خاوەن ماڵەکە لە بازاڕ هاتەوەو ئەوەی پێم راسپاردبوو هێنابووی..

دوای ئەمە زیرەک زەوقی کرایەوە و وتی:.

کاکە کەریم ئەتۆش بنێرە با زەبتەکەت بۆ بێت.

منیش ناردم تەسجیلەکەم بۆهات و ئامادەم کردو مایکرۆفۆنەکەم لەبەردەمی زیرەک دانا. ئەویش رووی لەمن کردو وتی:.

کاکە چیت بۆ بڵێم؟

وتم: گەر زەحمەت نییە گۆرانی "شاییەک دەگەڕێ ئامۆزا".

هێندێ گۆرانی وت و پاشان تەسجیل و شتەکانمان هەڵگرتو هاتینەوە ماڵی ئێمەو دوای هێندێ دانیشتن و قسەی خۆش وتم:

زیرەک گوتت بەسەرهاتێکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە. دەی فەرموو بزانم ئەم بەسەرهاتەت چۆن بووە؟

وتی: راست دەکەی، هەر لەبیرم بوو. مەبەستم ئەمەیە کە تۆ لەسەر من عادز مەبە. بەویژدان من رۆژی وا رەشم دیوە. هەندێک جار برسی بووم پارەی یەک نانیشم نەبووەو نەشم هێشتووە کەس پێم بزانێ..

بابۆت بگێڕمەوە ..

**فرمێسکی شاییەکە!**

ئەگەر زیرەک بۆ خۆی، ژیانێکی شیاو و ئاسایی نەبووە، ئەوا خزم و کەس و کاریشی نەیانتوانیوە، ئەو ژیانەی بۆ برەخسێنن! خۆ کۆمەڵگاش بەگشتی، لەو ئاستەدا نەبووە کە ئەو ژیانە بۆ زیرەک دابین بکات، کە زیرەکی هونەرمەند شایەنیەتی، ئەوا حکومەتی ئێران و عێراقیش، نەک هەر رێزتان لێ نەناوە و ماڵ و حاڵێکی ئاساییان بۆ پێکەوە نەناوە و دەرگای نێوەندێکی هونەرییان بۆ نەکردووەتەوە! بەڵکە زۆرجار راپێچی بەندیخانەیان کردووە و گەورەترین ئازارو ناشیرینترین ئازارییان داوە! جگە لە توندوتیژییەکانی کۆمەڵگە، بەرامبەر بە هونەرمەندێک و دیکتاتۆرییەتی دەسەڵات بەرامبەرئەوهونەرمەندە!!

جار جاریش هەندێ پیاو چاک و ژن چاک، بەگوێرەی توانای خۆیان رێزیان لە زیرەک گرتووە و ئەوەی لە دەستیان هاتووە بۆیان کردووە!

هەرچەندە ئەم جۆرە کەسانە لە ئێران و لە عێراق دا هەبوون، بەڵام ئەو هێزە چاکە خوازانە! هی ئەوە نەبووە کە زیرەک لە هەموو ژیانی بتوانی پشتی پێ ببەستێ! ئەم جۆرە کەسانە دەگمەنن و ئەم جۆرە یارمەتییانەش جار جارەو بەرێککەوت بوونە، نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە لە ژیاندا بحەسێتەوە!

هەر بۆیە دواجار لەو کاسێتەی "ئەبوو سەباح" زیرەک بە دڵێکی برینداروە، بە هەستێکی پڕ لە ئازارەوە دەفەرمووێ "ماندووبووم. هیلاک بووم. شەکەت بووم!!"

هاووڵاتی خۆشەویست بۆ زانینی چیرۆکێکی تری ناخۆشی ژیانی زیرەک لە چیرۆکە ناخۆشەکان و بۆ بینینی یارمەتیدانی هەندێک لە دڵسۆزانی فەرموو چیرۆکی دێی "سیوسنان"بخوێننەوە.

**لەدێیەکی سوسنیان**

رۆژێک لە سەفەرێکی دوور

دەگەڕامەوە- پارەم پێ نەمابوو جل و بەرگێکی چڵکن و پیسم لەبەردا بوو، کراس و ژێر کراسم لەبەر چڵکو عارەقە و تۆزی ڕێگا وەک هەمبانەیان لێ هاتبوو.

لە ڕۆیشتنی زۆرو هەتاوی گەرم بەسەر سەرمەوە ڕەش داگەڕا بووم و تاقە یەک جگەرەشم نەمابوو. گێژو حۆل هەروەک شێتم لێ هاتبوو.

دەتگوت غەم لە دنیادا نەماوە هەموویان کۆکردۆتەوە و خستوویانەتە ناو جەواڵێک و بەکۆڵی منیان داداوە. بەڕاستی شەکەت بووبووم و لە ڕێگادا پێم نەدەکرا پێ هەڵبێنم.

بەهەر حاڵێکی هەبوو خۆم گەیاندە نزیک ئەو دێیە خۆشەی کە دۆستێکی زۆر خۆشەویستمی تیایە.

ئەم دێیە بەرزی و نزمی کانی و ئاوی ساردو دارو بارو سێبەرێکی زۆری هەیە، لەجوانیدا لە ناوچەکە بێ میسالە زۆر خۆشە.

کە نزیک بە یاڵکە بوومەوە دەنگی تەپڵ و دووزەلە و گۆرانی و شاباش گازەگازی منداڵان تێکەڵاو بووە.

منیش نزیک بوومەوە و لەسەر بەردێک کە بەسەر مەیدانی شاییەکەدا دەیڕوانی دانیشتم. چاوم لە ئاشناکەم دەگێڕا بەڵکەم بیبینم و بچمە ماڵەوە و هەندێک ئیسراحەت بکەم و سەرخەوێکی بۆ بشکێنم.

بەڵام بەداخەوە چەندی شایی و ناودێ و ئەم لاو ئەولام ڕوانی ئەو دۆستەی خۆم نەدی!

کە سەیری شایی دەکەم.. ڕەشبەڵەک گێڕاوەو ئافرەتان جوانترین کراس و کەواو سوخمەی ڕەنگاو ڕەنگیان لەبەر کردووەو بۆنی مێخەکبەندیان دەماغی خەڵکی دەکاتەوە، کوڕانیش ڕانک و چۆغەری تازەو خاوێنیان لەبەر کردووە و دەسماڵی گوڵینکەداریان لەبەر پشتێن ڕاکردووە.

گۆرانی بێژیش سەر گەرمی شاباش وەرگرتنە، گیرفانی لە پارەی کاغەزی گران بەها پڕبووە، هەر دەم نادەم هاورێکی لێ هەڵدەستێ و بە هەموو هێزێکی خۆی هاوار دەکات: شاباش فڵان ئاغای کوڕی فڵانی هەزار تومانی کرد بە شاباشی زاواو بووک. یان داک و بابی زاوا.. یا دۆستان بۆ یەکتر.

منیش ئەوا سەیر دەکەم یەک فلسی ئەحمەرم نییە. ئەمەش قەیناکە بەڵام خۆ یەک جگەرەشم هەر نییە.

ئەم لاو ئەو لام ژن و پیاو کچ و کوڕی لێ دانیشتبوون. لەبەر ئەوەی جێگاکەی من مسەلەت بوو بەسەر مەیدانی شاییەکەدا ئەوا هەر یەکێ لە شایەکە ماندوو بوایە یا پێویستبا سەیری شاییەکە بکا ئەوا دەهات لە لای منەوە دادەنیشت.

لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە دێهاتەکانی دراوسێوە بانگ کرابوون و خەڵکی غەوارەی زۆر تیابوو. من پێوە دیار نەبووم کە غەریبەم. یا خەڵکی دی کەس بەتەنگ ئەم قسەوە نەبوو!

کاکی گۆرانی بێژیش دەستە جلێکی لەبەردایە دەڵێی بێچووە تاجیرە! گیرفانەکانی هەروەک مار پێی وەدابێت وابوو. پوزاییەکەی بەقەدەر بوخچەیەک بوو. هەمووی کاغەزی گران بەها بوو!

دەنگەکەشی ئیڵلا ماشائەڵلا خۆ دەنگی "گوێرەکە" یەک تۆزێک لە دەنگی ئەم گۆرانی بێژە خۆشتر بوو! دەنگی نووسابوو ئەوەندەی بۆ شاباش هاوار کردبوو!

بیرم لە وەزعی خۆم دەکردەوەو سەیری ئەمانەشم دەکرد هەرچەند لە ژیانما حەسوودیم بەکەس نەبردووە، بەڵام زۆر دڵم بەخۆما دەمایەوە.

لەوانەبوو لەوکاتەدا یەکێ قسەی لەگەڵ بکردبام. بۆ حاڵی خۆم فرمێسکم لەچاو بهاتبایە خوار!

هەر ئەم داڵخەیەم لێدابوو یەکێک هاواری کردو وتی:

کوڕینە نان حازرە فەرموون..

شاییەکایان تێکداو فەرموو فەرموو دەستی پێکرد. ئەو دەستی کابرایەکی گرت و دەیگووت فەرموو بۆ ماڵی ئێمەو ئەوەی تر باسکی یەکێکی دەگرت و دەیگوت تۆش دەبێ بێیت بۆ ماڵی ئێمە..

سەبر سەبر خەڵکی گوندەکە مێوانەکانیان بردەوە. ئەوەی لە دەوروپشتی منیش بوون یەکە یەکە چوونە خوارەوە و تەنها من مامەوە.

کەس بەمنی نەگووت وەرە پاروەک نان بخۆ. ئەوا سکیشم لەبرسان ژان دەکات!

لەم دێهاتانەش وا عادەتە. ئەگەر خوانەخواستە مردوویەکیان لێ بمرێت، یا بەخێر زەماوەندێکیان هەبێت وا هەر ماڵەو بەپێی توانای خۆی چێشت لێ دەنێ ئینجا یا هەر لەماڵە خۆی مێوان بانگ دەکات. یا هەموو ئەهلی ئاوایی چێشتی خۆیان لەناو قاپی پاک و تەمیز و لەگەڵ هەندێک نانی نەرمی تیری و هەندێ نێرکە پیوازو جامێک دۆی خەست و سارد و ترش کە خوێشی تێکرێ لەسەر سینییەکی پاک و خاوێن با لەسەر سەڵەی دار کە لە سووڕەکە بێ دروست دەکرێ دادەنێن و ئەیخەنە سەر دەستیان و دەیبەنە مزگەوت..

لەگەڵ میوانەکان دادەنیشن و هەر میوانەش لەگەڵ خانەخوێکەی دەخوات.

**لێرەدا کەس خوڵقی منی نەکرد. کە زۆر ماندوو بووم زۆریشم برسی بوو. تەنها مابوومەوە مەئیوس بووم و بەدەست خۆم نەبوو غوربەتیم هەڵساو دڵم پڕبوو دەستی خۆم خستە بناگوێم و تاتێنم تیا بوو دەنگی خۆم هەڵێناو گۆرانییەکی زۆر غەریبم بۆ هات.**

هەرچەند قسەشت پێ دەبڕم بەڵام توخوا زیرەک گیان چۆن ئەم گۆرانییەت گووتووە بە ئارامی ئاوا بۆ منیشی ناڵێیتەوە؟

زیرەکیش لە دەروونێکی بریندارەوە زۆر بە عادزی و غەمباری گۆرانییەکەی بۆ وتم، کە بەڕاستی من خەریک بووم بگریم. ئەمەندەی بۆ وتم:

"**بۆچ منیش لە جوملەی عەبدی خودا نیم؟!**"

"**بۆچی سەعاتێک لەدەست میحنەت ڕەها نیم؟!**"

"**گلەیی دەکەم بەلای خوداوە**"

"**دەروازەی مەینەت بۆچ. تەنها بۆمن کرایەوە؟!**"

لەم کاتەدا یەکێک لە خەڵکی ئاواییەکە کە گوێی لەمن بوو. ئاوڕی دایەوە چاوی بەمن کەوت گەڕایەوە لام و لەسەرم وەستا و هیچ دەنگەی نەکرد بۆ ئەوەی گۆرانییەکەم کۆتایی پێ بێنم و جا لەگەڵم قسە بکا، منیش وا دڵم شکابوو عادز بوو بووم ئەگەر هەموو خەڵکی دێیەکەش هاتبوونایەو لەسەرم کۆبووبایەوە بەپای خەیاڵم دانەدەهات!

سەرت نەیەشێنم یەکە یەکە خەڵکی گوندەکە گەڕانەوە. ئەوەی گوێی لێم بوو و ئەوەی تریش کە دەیدی خەڵک بۆ لای گردەکەی سەر مەیدانی شاییەکە دەگەڕێنەوە ئەویش بەغاردان دەگەڕایەوە.

تاوای لێهات خەڵکی دێ بەگەورەو بچووک، پیرو جوان هەڵیان کردە غاردان بێ ئەوەی بزانن کە چی قەوماوە، کە دەگەیشتنە لای من وەک بزمار لە عاردەکە دەچەقین و ئیتر نەدەگەڕانەوە بەوانەی تر بڵێن شتێکی وا هەیە..

غار مەدەن.. هیچ نەقەوماوە.

تا حاڵ گەیشتە ئەوەی زۆربەی ئەهلی گوندی لەسەرم ڕاوەستان، بێ ئەوەی یەک قسە بکەن و ورتەیان لەدەم بێتە دەر!

منیش تا لێ نەبوومەوە و دڵی خۆم خاڵی نەکردەوە، گۆرانییەکەم نەبڕی.

-دوای ئەوەی گۆرانییەکەم تەواوکرد دیم زۆر ژن و پیرەمێرد دەسماڵیان بەدەستەوەیە و دەگرین.

کە ئاوڕم دایەوە پشتەوەی خۆم دۆستەکەم دی فرمێسکی دەستڕییەوە..

باوەشی تێ وەرینام و زۆری ماچ کردم بەڵام ئاوی چاوی ڕانەدەوەستا من لەو وەختەی کە باوەشم پێوە کردو ماچم کردو چاک و خۆشیم لەگەڵ کرد..

خەریک بوو فرمێسکم بێتە خوار، بەڵام بەهەموو تاقەتم خۆم گرت و هەندێک چاوم حەوا داو وەرسووڕاند نەوەک فرمێسکم بێتە خوارو بە زەعیفم بزانن، خوا لە مەیان چاک بوو یارمەتی دام.

دۆستەکەم وتی: "کاکە ئەتۆ بۆچی لێرە دانیشتووی، بۆ نەهاتییە ماڵەوە؟ ئاخر کاک زیرەک خۆت دەزانی ئەمن کەی لەحانای تۆ ساحێب ماڵ بوومە؟"

وەختێ کە دۆستەکەم وتی کاک زیرەک خەڵکی ئاوایی کەوتنە پستە پست و یەکێک دەیگوت نەمگوت ئەمە حەسەن زیرەکە؟ ئەویتریان دەیگووت بە خودای بە دەنگەکەی را دەمزانی هەوە!

دۆستەکەم وتی: فەرموو کاکە بابڕۆینەوە.

یەکێ لەولاوە هەڵی دایە: بەخوا لەگەڵ من دێت. یەکێکی تر وتی: وەڵڵا دەبێ لەگەڵ من بێ. ئەوی تر وتی: باوکم بەخۆی بڵێن ئەگەر لەگەڵ من نەهات ڕازی مەبن!

منیش وتم: "کاکە ئەی بۆچی تا ئێستا کەسێک نەی وت فەرموو بۆ ماڵی ئێمە یەک پارە نان بخۆ؟ بۆ ئەگەر بێگانەیەک بێتە دێیەکەتان کەس نەناسێ دەبێ لەبرسان بمرێ؟ ئێستا لەبەر ئەم دۆستەم نەبوایە منتان نەدەناسی و دەبوایە ئا لەسەر ئەم گردە لە برسان لینگم ڕاکێشابایە.

ئێستاش من لەگەڵ ئەمە برادەرایەتی کۆنمان هەیە. ناچارم لەگەڵی دەڕۆم!"

ڕوومان کردە ناو دێ و ئەو هەموو خەڵکەش بەدوامانەوەن.

منداڵ و جاحێڵانی گوند غاریان دەداو هاواریان دەکرد: هۆینە حەسەن زیرەکە هات!

هەرچی لەناو گوندیش مابوونەوە دەهاتنە دەرو لەپێش دەرگا ڕادەوەستان و ماندو نەبوونیان لێ دەکردم.

کە گەیشتینەوە ماڵی ئەم دۆستەم. منداڵەکانی بەپیرمەوە هاتن و بەخێرهاتنییان لێکردم. منیش ماچم کردن.

دانیشتین و خانەخوێکەم یەکسەر وتی:

هەڵسە ئافرەت نان بێنەو دوایە مەنجەڵە ئاوێکش گەرم بکە و جلکە تازەکەی منیش دەربێنە.

هەندەی پێ نەچوو چێشتێکی زۆر پاک و تەمیزیان هێناو لە پێشیان داناین. دەستمان بەخواردن کرد.

کە خەریک بوو تێربم خەوم دەهات! نان و سفرەکەیان هەڵگرت و چایەکیان لەپێشی دانام و جگەرەیەکیشی دامێ.

فرێکم لە چایەکەداو جگەرەکەم داگیرساند و یەک دوو مژی توندم لێ داو چایەکەم خواردەوە.

لەپڕ سەرم دەستی بەخولانەوە کردو زۆر چاک گێژ بووم. ناچار بە ڕووخسەتی ئەوان ڕاکشام و سەرم خستە سەر سەرین و لێی خەوتم...

تا کاتێ بەئاگایان هێنام و وتیان: زیرەک هەڵسە خۆت بشۆرەو جلکت بگۆڕە.

کە هەڵسامەوە دیم لە شێکی سووک و خۆشم هەیە. وتم:

خۆشم بشۆم؟ وتیان: بەڵێ خۆشت بشۆرە، تاوەکو لەشت سووک دەبێ.

منیش زۆرم سوپاس کردن و چوومە سەر شۆرک کە لە تەنیشت دیوەخان دروست کرابوو.

ئاوی گەرم و سارد و لیفکەو سابوونی لێ بوو خاولی لەپشت سەرمەوە بەداوێ وەکرابوو.

دەستە جلێکی زۆر پوختەو جوان و پیاوانەش لەناو سەبەتە قولێنەکەی دانرابوو.

منیش زۆر چاک خۆم شۆردو خۆم وشک کردەوە و جلکە نوێیەکەم لەبەرکرد. کە هاتمە دەر لەشێکی زۆر چاک و سووکم هەبوو.

هاتمەوە دیوەخان و سڵاوم کردو لەبەرم هەڵسان وتیان:

سحەتت بێت! وتم: سڵامەت بن زۆر سوپاس.

وتیان: تۆزێک لەشت سووک نەبوو کاک زیرەک؟!

وتم: زۆر سوپاستان دەکەم، هەرچی ماندوو بوون و پیس و پلۆخی هەبوو هەموو بەم شۆردنەم لەبەین چوو. ئێستا شووکوور بۆخودا وەک پۆڵا وام.

ئەوانیش وتیان: هەمیشە لەش ساغ بیت یاخوا.

چایی تازە ئامادەبوو چایان بۆ هێنام و پاکەت و "شەمچە" یەکیشیان لەپێش دانام.

منیش جگەرەیەکم داگیرساندو چایەکەم خواردەوە، بەڵام ئەم چایەم زۆر پێ خۆشبوو.

پاشان وتیان: ئەی تۆ بۆ سەیری ئەم زەماوەندە نایەی؟

وتم: بەڵێ زۆرم پێ خۆشە فەرموون!

هەڵساین و بۆ سەیری زەماوەند چووین..

کابرای گۆرانی بێژ کە چاوی بەمن کەوت. یەکسەر دەمی بەستراو هیچی بۆ نەدەهات کە بڵێت **وای دەزانی ئێستا منیش دەست دەدەمە تەپڵێک و گۆرانی بۆ شایی دەڵێم و شاباش لە خەڵک وەردەگرم!! نەی دەزانی من و ئەم نەوعە شتانەیان نەگوتووە!**

هەندێک سەیری شاییمان کردو پاشان بە پیاسە تا کانییەکەی ناو باخچەی ئاغای دێ ڕۆیشتین لەوێ تاوێک دانیشتین.

کابرایەک هات وتی: کاک "عەولا". ئاغا دەڵێت ئێواریٚ لەگەڵ کاک حەسەن زیرەک دەعوەتی ئێمەن.

کاک عەولاش سەیری کردم و نەیدەزانی چی بڵێ چونکە لەمنی پێ نەبوو.

منیش زوو لەباتی ئەم وتم: باشە بەسەرچاو هەر ئێستا لێرە هەڵسایین دێین بۆ ئەوێ.

کابرا گەڕایەوە لای ئاغای. ئێمەش پاش ئەوەی لەناو باخچەکە گەڕاین، هاتینەوە گوندی و ڕوومان لەماڵی ئاغا کرد.

ئێواریٚ نانێکی بەدڵی خۆم خوارد بەهەموو شتێکییەوە.

هەر لە ئێواریٚ وە دەستە دەستە خەڵک بۆ دیتنی من دەهاتنە دەیوەخان.

شەو مەجلیسمان گەرم کردو گۆرانی بێژەکانیشیان هێنابوو..

یەکێکیان "باڵەبان"ی بۆ لێ دەدام و ئەوەکەی تریان تەپڵ.

تا نیوەشەو مەجلیسمان گەرم بوو. پاشان من و کاک عەولاو ئاغا ماینەوە. ئاغا وتی:

کاکە زیرەک لێرە بنوێ جێگامان زۆرە. بەیانیش بەتراکتۆری تا سەر جادەی قیر دەنێرم!

کاک عەولا وتی: ئاغا.. زیرەک لەماڵی ئێمە جێگای بۆ دانراوە!

خواحافیزیمان لە ئاغا کردو لەوێ هاتینە دەرو بەرەو ماڵی کاک عەولا شۆڕبووینەوە.

بەیانی نان دەخورا کە تراکتۆر لەبەر دەرگا ڕاوەستاو شوفێرەکە هاتە ژووریٚ و وتی: کاک زیرەک من لە خزمەتامە. تاسەر جادەی قیرێ منیش بەپەلە نانەکەم خوارد.

هەڵسام و وتم: ئەرێ جلەکان لە کوێن تا بیان گۆڕم و هی تۆ بدەمەوە؟

خانەخوێکەم وتی: جلەکانتم دایە کاکی شوفێر و ئەمانەش دامەکەنە، فەرقی ماڵی من و ماڵی تۆ نییە و ماڵیشمان بەش نەکردووە.

ماڵاواییان خواست سواری تراکتۆر بووین.

کە گەیشتینە چایخانەکەی سەر جادە قیرەکەی منی داناو دەستی خستە باخەڵی و پاکێتێکی کاغزی. دەرهێناو بوخچەکەشی دەرهێناو وتی:

ئەم پاکێتە ئاغا دایە دەستم و وتی سڵاوی لێ بکەو بڵێ کەمی من و کەرەمی ئەو ئەم بوخچەیەش هی ماڵی کاک عەولایە.

وتم: زۆر سوپاس کاکە ئەتۆ بگەڕێرەوە زۆرتریش سڵاویان لێ بکە!

کە ئەو ڕۆیشت و زەرفەکەم کردەوە بینیم ٢،٠٠٠ دوو هەزار تۆمانی تیایە، زۆر دڵم خۆشبوو خستمە گیرفانم. کە بوخچەکەم هەڵگرت ڕەقاییەک کەوتە بەردەستم. منیش وتم: دەبێ ئەم شتە ڕەقە چیبێت؟

بوخچەکەم کردەوە بینیم یەک گڵۆز پاکێت و پاکێتێکی کاغەزیشی تیایە. کە پاکێتەکەم کردەوە بینیم ١،٥٠٠ هەزارو پێنج سەد تومانی تیایە.

لەدڵی خۆم زۆر سوپاسی خودام کرد و زۆریش لەو برادەرەی خۆم مەمنون بووم کە یارمەتی دام.

پێشتر کە لەسەر تراکتۆرەکە بووم غەمی ئەمەم لێ هاتبوو کە ئێستا دادەبەزم چۆن بڕۆمەوەو کێی ماشێن لەکوێ بێنم؟ دەمگووت لای کەم بۆ یەک دوو پاکێتم لێ نەستاندن؟ تا ئەگەمەوە جێگای خۆم گەر دڵم بچێتە جگارەیەک دەبێ داوا لە خەڵکی بکەم کە ئەمەشم زۆر لا عەیبە!

**بەڵام زۆر حەمدی خودا دەکەم کە دۆستی وا عاقل و پیاوانەم هەیە!**

جا کاکە مەخسەدم ئەمەیە تۆ بۆ من عادز مەبە و من ئەو ڕۆژگارە ڕەشانەشم دیوە.

**زیرەک و دوا ڕۆژ**

یەک لە کێشە لە مێژینە و کوشندەکانی میللەتی کورد، ئەوەیە کە لەگەڵ زەمەندا، هەمیشە لە دواوەیە، واتە ئەوەی کەپێویستە لەکاتی خۆیدا بیکات، "ساڵ" و "سەدە"ی بەسەردا دەچێ. ئەوەش هەموو پیاوە دڵسۆزو لێهاتووەکانی کورد هەستیان پێکردووە و لە وەختی خۆیدا دەریانبڕیوە، هەر لە "ئەحمەدی خانی"یەوە، تا دەگاتە "حەسەن زیرەک" ئەگەر خانی زیاتر لە چوارسەد ساڵ پێش ئەمڕۆ دەفەرمووێ:

"**قەدری هونەرامە بێتە دانین**" زیرەکیش پێش پەنجا ساڵێک: بە هەمان دەردی خانی دەناڵێنێت و دەڵێ: "**هونەر لەنێو کوردا قەدری نەما**" ئەگەر لە سەردەمی خانی دا، وەک خانی دەفەرمووێ دەوڵەتداری بە دوو شت دەکرا، یەکیان "قەڵەم!!" ئەوەکەی تریان "شمشێر!!" ئەوا خانی قەڵەمی هەبوو، قەڵەمێکی چاکیش، بەڵام، چۆن خانی قەڵەم بەدەست بو!! کەس نەبوو، لەگەڵ خانی ئاوا "شمشێر بە دەست" بێ!! بۆیە دەوڵەتی کوردی تا ئەمڕۆکەش، هەر تەنیا لەنێو خەون و هیوای، خەون بین و هیواخوازەکانی کورددایە:

میللەتی بێ هونەرو دەوڵەتی بێ هونەریش نابێ، هونەر. هونەری زیرەک ئاسا. لەنێو شیعرو وتە بەنرخەکانی زیرەک هەست بەوە دەکرێ، کە زیرەک لەسەردەمی خۆی بێ هیوابووە و لە ناخەوە قسەی لەگەڵ داهاتوودا کردووە:

ئەگەر تا ئێستا میللەتی کورد نەیتوانیوە دەوڵەتی کوردی دروست بکات و لەتەک دەوڵەتانی تری دنیا جێگای بۆ بکاتەوەو "ئاڵا"ی لەتەک ئاڵا بەرزەکانی ئەم جیهانە سەربەرزانە بشەکێتەوە: ئەوا زیرەک بە تاقی تەنیا توانی، هونەری کوردی، وەک هونەرێکی پێشکەوتوو، بباتە پێشی پێشەوەی هونەری هەموو جیهان. بەڵێ: هونەری زیرەک و هونەرمەندی زیرەک لە زۆر ڕووەوە لە هەموو جیهان تاقانەو بێ هاوتایە، هونەری زیرەک، بێ هەموو دوو دڵیەک، هونەرێکی جیهانییە، ئەوەی کە پێویست بوو، بۆ بەجیهانی بوونی هونەری کوردی، زیرەک ئەوەی کردووە بە زیادەوەش کردی، بەڵام ئەوە میللەتی کوردە، کار بۆ ئەوە ناکات و ناتوانی شریتی ئەم بە جیهانی بوونە ببڕێ!! ئێمە ئەمڕۆ "زیرەک" وەک "زیرەک" خۆی ناناسین، هونەری زیرەک وەک "هونەر"ەکە خۆی ناناسین، تا ئەو ڕۆژەی بەلێکۆڵینەوەی زانستی "تاڵ"ییەکانی ژیانی زیرەک نەچێژین و هەست پێ نەکەین، تا ئەو ڕۆژەی بەلێکۆڵینەوەی زانستی جوانییەکانی هونەری زیرەک، وەک هونەرەکە خۆی هەست پێ نەکەین و نەناسین. بەڵێ: ئەو ڕۆژە تێدەگەین، زیرەک چ هونەرمەندێک بووە، چ هونەرمەندێکی جیهانی، بەڵێ! جیهانی. هونەری زیرەک هونەرێکی زۆر بەرزە، بەڵام ئەم هونەرە بەرزە ئەو ڕۆژە چاکتر دەناسرێ، کە ئێمە چاکتر و وردتر ژیانی زیرەک و "میحنەت"ەکانی زیرەک بناسین و بزانین، بۆچی زیرەک دەفەرمووێ "**ئەو دڵەم بەحری غەمانە**" هەر لە خۆوەو بۆ "کێش و قافیە!!" ئەم ڕستەیە دەڵێ! ئایا زیرەک هەر لەخۆڕادەڵێ: "**قەت لەدنیادا نەبوو بێجگە لەناخۆشی بەشم!!**"

زیرەک پیاوێکە لە مێژووی کورد و ناوچەکە و هەموو جیهان، بێ وێنەیە! زیرەک هونەرمەندێکی داهێنەری گۆرانی بێژی بێ وێنەیە، زیرەک نەخوێندەوارو شاعیرێکی بێ وێنەیە! شاعیری ژیان و هونەری خۆی! هونەرمەندو شاعیری میللەتی کورد! زیرەک ئەگەر "لە داهێنانی ئاوازو لە گووتنی ئاوازو لە دەنگ دا بێ وێنەیە، ئەوا لە شیعریشدا، بەتایبەت لە شیعری گۆرانی دا "بێ وێنەیە!" زیرەک، لە بیرۆکەو بابەتە گۆرانییەکانیدا، هەندێ "خانە" و "گۆشە"ی کردووەتەوە، کەتا ئێستا هیچ گۆرانیبێژێکی تری کورد، نەچووەتە نێو ئەم بابەتانەوە. زیرەک چۆن لە ئاوازدا، لە ئاوازی جۆراوجۆرو داهێنراو دا دەوڵەمەندە، ئاواش لە "وشە" و "دەستەواژە" و "وێنە" و "بیرۆکە"ی شیعریشدا دەوڵەمەندە. زیرەک لە هونەر، هونەرێکی بەرزی جیهانی "هیچی کەم نەبوو!!" زیرەک هونەری کوردی گەیاندە شوێنێک، تا ئێستا هیچ هونەرمەندێکی تری کورد، نەگەیشتووەتە ئەم جێگایە، زیرەک خۆی ناسیوەو هونەرەکەی خۆی زۆر چاک ناسیوە، بەڵام زیرەک هیچ ڕۆژێک لە خۆبایی نەبووە و من نەمبیستووە و نەمخوێندووەتەوە کە زیرەک بەخۆی و بە هونەرەکەیدا هەڵگوتبێ، هەڵگوتنێکی لوتبەرزانە!! بەڵکە هەمیشە گلەیی لە ژیانی خۆی کردووە، گلەییەکەش لەوە بووە، ئەگەر ژیانێکی شیاوی هەبوایە، ئەوا زۆر چاکتر لەوەی کە هەیە، دەیتوانی خزمەتی هونەر بکات و جوانتر و ڕێکتر لەوەی گۆرانییەکانی تۆمار بکرێ، بۆیە زۆرجار لە ئاو و بایەکی ناڵەبارو بە ئامێری سادە گۆرانییەکانی تۆمار کردووە، کە ئەم ڕەوشەش بێ کاریگەر نەبووە، لەوەی کە نەیتوانییوە، هونەری زیرەک وەک هەیە ئاوا بگەیێنێتە گوێگران. ئەگەر هەر گۆرانییەکی زیرەک، چیرۆک و بەسەرهاتێکی زیرەک دەگێڕێتەوە، ئەوا هەر قسەو گۆتەیەکی زیرەکیش حیکمەتێکە! بەڵێ حیکمەت، ئەو حیکمەتەی زیرەک بە "میحنەت" فێری بووە.

**بەشی پێنجەم**

## ڕۆژێک لە سەفەرێکی دوور دەگەڕامەوە- پارەم پێ نەمابوو جل و بەرگێکی چڵکن و پیسم لەبەردا بوو، کراس و ژێر کراسم لەبەر چڵکو عارەقە و تۆزی ڕێگا وەک هەمبانەیان لێ هاتبوو



زیرەک لە تافی جوانیدا

کەلچەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولرەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com
بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان:
د.ئازاد حەمە شەریف
ژمارە ٧٦ - ١٤٧ - ٢٠١٠/٨/٢٢ی زایینی

# بۆ یەکەمینجار بەدرخان شوناسنامەی ئەمین عالی بەدرخان بڵاودەکاتەوە

## دەقی وەرگێڕدراوی شوناسی ئەمین عالی بەدرخان لە زمانی عوسمانلییەوە

**خوێندنەوەو هێنانە سەر رێنووسی کوردی:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**

ئەو بەڵگەنامە گرنگەی کە شوناسی ئەمین عالی بەدرخان پاشازادەیە لە ئەرشیفی شازادە سینەم خان جەلادەت بەدرخان پارێزراوەو ئەویش پاش زیاتر لە سەدەیەک پاراستوویەتی و بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو شوناسە و بە مەبەستی زیاتر ناساندنی "ئەمین عالی بەدرخان پاشا" کە ناو و نازناو و ناوی باوک و دایک و شوێنی نیشتەجێ بوون و رۆژی لەدایک بوون "بەداخەوە دیار نییە، بەڵام بەپشت بەستن بە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی کە کتێبی "بدرخانیو جزیره بوتان" کە لە نووسینی مالمیسانژ"ە راستی مێژووی لەدایکبوونەکەیمان خستۆتەڕوو "١٨٥١-١٩٢٦"ە، لەگەڵ خاسیەتەکانی کەسێتی کە بریتین لە:"درێژی، چاو، روخسار، ژمارەی گەڕەک و ناوی گەڕەک و کۆڵان و ..هتد" تێدا هاتووە، کە ئەو شوناسە بە مێژووی رومی نووسراوە ٢١ی تەموزی ٣٢٤" دیارە لەو رۆژە ئەمین عالی بەدرخان ئەو شوناسەی دەرهێناوە، دیاریشە کە ئەوکات سەردەمی حوکمڕانی عوسمانلییەکان بووە، ئەو لە شاری حەما ژیاوە و لە پاشان لە ساڵی ٣٣٠ی رومی چۆتە ئەستەنبوڵ لە قەزای ئوسکدار ژیاوە، کە لەبەشی رۆژئاوای ئەستەنبوڵ نیشتەجێ بووە.

لەو بەڵگەنامەیەی کە بۆ یەکەمجارە بەدرخان بڵاوی دەکاتەوە، دەقی وەرگێڕدراوی شوناسی ئەمین عالی بەردخان بە زمانی کوردی و عوسمانلی بڵاو دەکەینەوە، کە لە ئەرشیفی تایبەتی شازادە سینەم خان جەلادەت بەردخان وەرگیراوە، ئەمە دەقە کوردییەکەیەتی...

**ناسنامەی هاووڵاتی بوونی دەوڵەتی عوسمانلی**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
صلى الله عليه وسلم
ناو و نازناو: بەدرخان پاشا زادە- سەعادەتی ئەمین بەگ
ناوی باوک و شوێنی نیشتەجێ بوون: خوالێخۆشبوو بەدرخان پاشا
ناوی دایک و شوێنی نیشتەجێ بوون: خوالێخۆشبوو دەلالە خانم
شوێن و مێژووی لەدایکبوون: "دەرنەکەوتووە" بەڵام لە کتێبی "بدرخانیو جزیره بوتان- مالمیسانژ هاتووە کە مێژووی لەدایکبوونی ١٨٥١"ە و کۆچی دواییشی ١٩٢٦"ە.
پیشەو راژەو دەسەڵات: پشکنەری دادیە لە ئەنقەرە
باری هاوسەری بوون و نەبوونی فرە ژنی: ٣ ژنی هێناوە
پلەو پۆلینی سەربازی: نەیکردووە
خاسیەتەکانی کەسایەتی "اشکال"
درێژی: ناوەند
چاو: کاڵ
روخسار: سروشتی
نیشانەی جیاکاری چەسپاو: نییە

* **تۆماری ناسنامەو شوێنی تۆمارکردن**
ویلایەت: سوریە
شوێنی نیشتەجێبوون: حەما
گوند و گەڕەکەکەی: باشوورە
کۆڵان: جەمال
ژمارەی خانوو: ١٧٣
جۆری خانوو: خانوو

* **لە سەرەوە ناو و نازناو و روخساری ناوبراو "سەعادەت ئەمین بەگ بەدرخان پاشا" بووە یەکێک لە هاووڵاتیانی دەوڵەتی عوسمانی و تۆمارکرا لە تۆمارەکانی باری شارستانی و ناسنامەی پێدرا.**
٢١ی تەموززی ٣٢٤ رومی
فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ
ص فەرمانبەری تۆماری باری شارستانی حەما

* **ئەمەی خوارەوەش دەقی شوناسی ئەمین عالی بەدرخانە بە زمانی عوسمانلی**

بسم الله الرحمن الرحيم
صلى الله عليه وسلم

**دولت علیە عوسمانیە تەسکەرە سیدر**
اسم وشهرتی: بدرخان پاشا زادەا- سعادتلو امین بگ
بدری اسمیلە محل اقامتی: متوفی بدرخان پاشا
ولدەسی اسمیلە- محل اقامتی: متوفیە دلالە خانم
تاریخ ومحل ولادەسی: - دیار نییە
صنعت وصفت وخدمت وانتخاب صلاحیتی: انقرە عدل مفتشی سی
متاهل وزوجەسی وتعددی اولو اولمەسی: ٣
درجاتی وصنوفی عسکریەسی: -
* اشکال
بۆی: اوزنجە
کۆز: الا
سیما: بندا
علامتی فارقە ثابتة: تام

* **سجلی نفوسە قید اولنان محلسی**
ولایەتی: سوریە
قضاسی: حما
محلە وقریەسی: باشورە
زقاق: جمال
مسکن نومرۆسی: ١٧٣
نوع مسکن: خانە

* **بالادە اسم وشهرت وحال وصفتی محرر اولان "سعادتلو امین بگ بدرخان پاشا" دولت علیە نک تابعیتنی حائز اولوب اول صورتلە جریدە نفوسیلە مقید اولدینی مشعر تزکرە اعطا قلندی،
٢١ی تموز ٣٢٤ رومی
نظارت امور داخلیة
ص نفوسی مأموری حما**

هەروەها لە لاپەڕەی دووەمی دیارە ئەمەیان باری شارستانییە، وەرگێڕانی بۆ دەقە کوردییەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ژمارە: ٨٤
قەزای ئوسکودار: بەشی ئاسیای ئەستەنبوڵ
گوند و گەڕەک: زوهدی پاشا
کۆڵان: شەقامی بەغدا
ژمارەی خانوو: ص٢٤
وێنەی تۆماری گواستنەوە: کاتی ٢٠ی رەجەبی ٣٣٠ رومی*

* دیارە لە ساڵی ٣٢٤ی رومی شوناسی لە سوریا دەرهێناوەو لە ساڵی ٣٣٠ی رومی گواستراوەتەوە ئەستەنبوڵ.

** لە ژمارەی داهاتوو سەبارەت بە ژیان و کاری سیاسی و رووناکبیری ئەمین عالی بەدرخان زانیاری زیاتر لە بەدرخان بخوێنەرەوە..

*** بۆ ئەم بابەتە بەرێزان "سینەم خان جەلادەت بەدرخان و حوسامەدین سەرداری" هاوکاریان کردووین بۆ وەرگێڕانی بابەتە لە زمانی عوسمانلییەوە بۆ کوردی.


1


2



www.bedirxan.org

## یەکەم هەست

# قاسم شێروانی: خۆم زۆرم غەدر لەخۆم کردووە

یەکێک لەو خەوشە دیارو بەرچاوانەی هەر لەسەرەتای ژیانمەوە پێی ناسراوم، من زۆر جددی نیم لەکارەکانم بێگومان لە هەموو شتێکیش نا، بەڵام خۆم زۆرم غەدر لەخۆم کردووەو هەوڵم نەداوە بۆ پێگەیاندنی کەسێتی ئەدەبی – سیاسی – کۆمەڵایەتی خۆم بەشێوەیەکی تەندروست و ڕێکوپێک، لەگەڵ ئەوەی من سەرەتای نووسینم بۆ ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە، دوای بەیاننامەی یانزەی ئازار، کە لەو ماوە بەدواوە بە دەگمەن ئەگەر کۆڕێک، شانۆگەرییەک، پێشانگایێک یا هەر چالاکییەکی هونەری و ڕۆشنبیری هەبووبێ لە هەولێر من نەچووبم وەک گوێگرو بینەر و تەماشاکار، بەڵام نازانم بۆ هەوڵم نەدەدا لەهیچ کۆڕێک بەشدار بم و شیعر بخوێنمەوە، ئەگەرچی لەساڵی ١٩٧٢ کە خوالێخۆشبوو"حوسێن شێروانی" بەدەستی ڕژێم کوژرا، لەسەر گۆڕستان لەناو ئاپۆرەی هەزاران کەس شیعرێکی پڕ حەماس و جوان و شۆڕشگێڕانەم خوێندەوە.

بەڵام بەگوێرەی یەکەم شیعری بڵاوکراوەم من لەمەشدا جیاوازییەکم هەیە لەگەڵ خەڵکی تر وەک مەسەلە کوردییەکە دەڵێ: یان ناچێتە ئاش یا کە دەچێ ئاشەوانیش دەکوژێ، بۆ یەکەمجار دوو شیعرم پێکەوە لە یەک ژمارەی هەفتەنامەی"هاوکاری"بڵاوکرایەوە لە ژمارە"٣٧٦"ی ڕۆژی ١٩٧٧/٧/١٣، شیعرێکی کرمانجی سەروو بەناوی"خوازگینی" و شیعرێکیش بە سۆرانی بەناوی"شەوانی خۆشەویستی"، کە لە شیعرە بادینییەکە ناوی تەواوم نووسراوە"قاسم زرار عەبدولڕەحمان" و لە شیعرە سۆرانییەکەش بەناوی"قاسم شێروانی" ئەمەش مامۆستاو هەڤاڵی خۆشەویستم سەیدا فەیسەڵ مستەفا حاجی، کە پێشتر مامۆستام بوو لە دواناوەندی سەڵاحەددین و دواتر لە هاوکاری کاری دەکرد، ئەو وای ڕێکخستبوو ئەگەرنا من هەردوو شیعرم بەناوی قاسم شێروانی و لە دوو کاتی تۆزێک جیاواز ناردبوو.

بێگومان ئەمە وەک ڕووداوێکی مێژوویی بوو لە ژیانی گەنجێتی مندا، چونکە من تازە خۆم فێری شێوەزاراوەی کرمانجی سەروو کردبوو، پێشتر نەمدەزانی، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٧٢ زۆر خۆم دایە فێربوونی ئەو زاراوە دەوڵەمەندە، بەڕای من هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد پێویستە هەوڵبدا بیزانێ و بیخوێنێتەوەو تێی بگا، ئەگەر بکرێ پێشی بنووسێ. دیارە نەک هەر فێربووم، بەڵکو توانیم بە فۆنەتیکی کرمانجی قسان بکەم، لای زۆربەی هاوڕێ و برادەرانی بادینانم پێیان وایە من بادینیم و ئەمە زمانی دایکمە، ڕاستە من شێروانیم، بەڵام هەرگیز شێوەزاری بادینی زمانی دایک و باوکم بەڵکو باپیرو داپیریشم نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش توانیم دەسەڵاتم بەسەر زمانی نووسینی شیعریشدا بشکێ هەتا ئەمساڵ ٢٠١٠ شیعرێکی بادینیم لەگۆڤاری پەیڤدا بڵاوکردەوە، جا بۆیە نایشارمەوە بۆ من دوو خۆشی زۆر زۆر گەورە بوو ئەو ڕۆژە، کە لەسەر شەقام دەڕۆیشتم پێموابوو هەموو خەڵکی تەماشام دەکەن و بە یەکتر دەڵێن: ئەوە قاسم شێروانییە، کە دوو شیعری بەیەکجار و لە یەک ژمارەی هاوکاریدا بڵاوکراوەتەوە، ڕاستی خۆم وەک لەپێشدا گوتم: خۆم کەمتەرخەم بووم بەرامبەر بەخۆم ئەگەرنا ئەو شیعرانە ڕێکەوتی نووسینیان دووساڵ پێشتر بوو، بەڵام نازانم بۆ وابووم، شەرمن بووم، یا پەیوەندی بەو کێشە کۆمەڵایەتییانە هەبوو، کە ئەوسا منی تووشی شێوە تێکشکانێک و بارێکی سایکۆلۆژی نارێک کردبوو لەو دەمەداو ئیتر....!


قاسم شێروانی

# ڕۆژێکی کوردایەتی

فوئاد عوسمان

بەیانی زوو بوو لەگەڵ دەنگی قوقەی کەڵەشێرێک بە ئاگا هاتم، لێم روون بوو بە زمانێکی پاراوی کوردی پێی دەگوتم: هەستە زوکە درەنگە کاتی هەوڵ و تێکۆشانە، با جێ نەمینێی لەو کاروانە، هەر لەم دەمەدا بوو پاسارییەکانی سەر دارتێلی کۆڵانەکەمان ئەوانیش بەجریوە پێیان دەگوتم: درەنگە هەستە کاتی کارەو بەرگی تەمبەڵی فڕێدەو میللەت چاوەڕێی هیممەتە. هەستم دەکرد لەو بەرەبەیانییەدا هەموو شتێک لە دەورما بە کوردی قسەیان لەگەڵ دەکردم، منیش چوست هەستامە سەر پێ و بڕیارمدا ئەو ڕۆژە بکەمە ڕۆژێکی کوردانە و بازوی لێ هەڵبکەم و کوردانە ئینتیمایی کوردانەی خۆم بسەلمێنم و ئەوەی کوردی نەبێ بەکاری نەهێنم.

هەر زوو بە دایکی ڤەژینم کوت بەرچایەکم بۆ ئامادەبکە ئەویش چاکەی بۆ تێکردم و پێمگوت: ئەو چایە کامەیە، گوتی: بەخوا سیلانە باشەکەیە، گوتم: بەخوا نایخۆم، پەنیری هێناو داینا دەبینم جۆری کیری فەرەنسیە، پێمگوت: دەبێ هەر ئەمڕۆ پەنیری کوردیم بۆ دانێی من ئەو پەنیرە ناخۆم، گوتی: نیمانە گوتم: ئێ خۆ گوێزی کوردیمان هەیە، گوتی: بەخوا وابزانم گوێزەکەش ئەفغانیە، چونکە ئەوڕۆژە فرۆشیارەکە گوتی: ئەفغانیە، سەیری نانەکەشم کرد وەکو جاران بۆنی نانە حەیاتەکەی باوە ژنەکەمی لێ نایە هەر زوو زانیم کە نانەکەش یان بە ئاردی ئوستورالی یان تورکی دروستکراوە، بۆیە ئەو بەیانییە، لەسەر کوردایەتی بە سکی برسی ئاشپەز خانەکەم جێهێشت و رووم کردە ژووری نوستنەکەم تاکو خۆم بگۆڕم، سەیرم کرد سەرجەم جلوبەرگەکانم مۆڵکی کوردەواریان پێوە نیە، هەرلە پانتوڵ و قەمیس و تەنانەت جلە کوردیەکەشم چینی بوو، هاتەوە بیرم کە کاتی خۆی کورتەک و شەرواڵێکیم دوریبوو قوماشەکەییم لە کارگەی چنینی هەولێر کڕیبوو مام پیرۆتی بەرگدرووی بۆی دوریبوم، بیرم کەوتنەوە کە کڵاشێکی دەستکردی هەورامانم هەیەو جلەکانم کردە بەرم و کڵاشەکەشم کردە پام، ئەوجا کەمێک بەکوردان دەچووم. کاتێ ویستم سواری ئۆتۆمبیلەکەم بم بیرم کەوتەوە کە ئۆتۆمبێلەکەم ئەمریکییە، گوتم: ئێ خۆ کوردستانەکەی ئێمە تاکو ئێستا وڵات نییە تاکو ئۆتۆمبێل دروستبکات، ئێمە بەرلەوەی پێوستمان بێت ئۆتۆمبێل دروستبکەین دەبێ سەربەخۆ ببین، بەڵام داخەکەم هێشتا سەربەخۆ نین. بەناچاری بە پیادە ملی ڕێم گرت و بەرەو شوێنی کارەکەم چووم، خوا پشتیوانم بوو کە شوێنی کارەکەم نزیکبوو ئەگەرنا دەبوو سواری کەر و عارەبانەیەک بام، کە من لێم روونە هەر نەبێ تایەی عارەبانەکەی کوردی نە دەبوو بۆیە بۆ ئەمەش شوکری خوام کرد.

لەڕێگا دەڕۆیشتم خەیاڵم بۆ هەزارەها شت دەچوو، کە دەبوو ئێستا لەم وڵاتە کە تەمەنی حکومەتەکەی ١٩ ساڵە کوردی بووایە، بەڵام هەر هەموو بیانین، لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی زرنگەی موبایلەکەم بوو، ویستم وەڵامی بدەمەوە سەیرم کرد مۆبایلەکەم( ئێڵ جی)کۆرییە، بۆیە بڕیارمدا وەڵامی نەدەمەوەو گوتم بەخوا دەبێ لەو ڕۆژەدا تەنها بە مۆبایلی کوردی وەڵام بدەمەوە، سوپاس بۆ خوا لەو کاتەدا مۆبایلێکی دروستکراوی کۆمپانیای ئێڵ جی کوردیم لابوو، کە خوا خێریان بنوسێ پرۆگرامی کوردیان بۆ دانابوو، لە گیرفانمدابوو، بەم مۆبایلە داوای لێبوردم لەو هاوڕێیەم کرد، کە زەنگی بۆ لێدابووم بەڵام لەدڵی خۆمدا قەناعەتم بەبەکارهێنانی ئەو مۆبایلەش نەبوو، چونکە دەستکردی کوردی نەبوو بەڵام بێ چارە بووم.

کاتێ گەیشتمە باڵەخانەی فەرمانگەکەم بەسکی برسی ملی پلیکانەکانم گرت و سەرکەوتم جیا لەو کەسانەی کە پەیژە کارەباییەکانیان بەکاردەهێنا، چونکە من بڕیارم دابوو کە پەیژەی یابانی بەکارنەهێنم ئێ خۆ کوردیش ئەو جۆرە پەیژانەی نییە تاکو من لە ماندوبونی سەرکەوتنی پەیژە رزگار بکات.

کە گەیشتمە شوێنی کارەکەم ویستم کۆمپیوتەرەکە بەکاربهێنم بیرم کەوتەوە، کە من بڕیارم داوە ئەمڕۆ شتی غەیرە کوردی بەکارنەهێنم، و کۆمپیوتەرەکەشم ئەمریکی بوو، ویستم دانیشم بنیم مێزەکەشم مالیزییە و کورسییەکەشم چینییە، بۆیە بڕیارمدا لەسەر زەوی چوارچمکی لێی دانیشم لەجیاتی حاسیبە یابانییەکەو قەڵەم جافە بەریتانییەکەو پەیپەرە مالیزییەکە بە پەنجەکانی دەستم حیساب و کتێبی ئەو ڕۆژە بکەم.

ویستم داوای کەمێک ئاو بکەم هەر زوو بەبەردەستەکەم گوت ئاوی حەنەفیەکەم بۆ بێنە نەکەی ئاوی حەیاتم بۆ بێنی چونکە تورکیە، کە زانیم بەردەستەکەشم ئەویش کورد نەبوو، بەڵکو بەنغلادیشی بوو، بۆیە هەر خۆم چووم لە حەنەفیەکە ئاوەکەم خواردەوە.

هەندەی پێنەچوو سکرتێری سەرۆکی دەزگاکەم پێی ڕاگەیاندم کە جەنابی سەرۆکی دەزگاکەمان، کە کەسێکی بەریتانی بوو لەدەزگایەکی کوردستانی بەرپرس بوو دەیەوێ بم بینێ.

بیرم کردەوە ئێ چۆن بژیم کە منیش پێمگوت: بەو جەنابە بلێ من ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ کەسی غەیرە کورد ناکەم، هەرلەوکاتەدا بیرخەرەوەک و ئاگادارکردنەوەیەکم بەزمانی ئینگلیزی بۆ هات تێیدا هاتبوو ئەگەر جارێکی تر بەمجۆرە کوردایەتییە مامەڵە بکەی نان براو دەکرێی.

بە دڵگرانییەوە هەر بەپێیان ملی ڕێگام گرت و هاتمەوە ماڵەوە لەسەر زەوییەکە دانیشتم، چونکە نەم ویست قەنەفەی ئیتاڵی یان تورکی بەکاربهێنم و مافورە ئێرانییەکەم لاداو لەسەر زەوی راکشام. خێزانەکەم گوتی: خواردنت بۆ ئامادە بکەم گوتم چیمان هەیە گوتی یاپراخ، چونکە لێم روون بوو کە یاپراخی دایکی ڤەژین ئەقلیمییەو تەنانەت گەڵامێوەکەشی تورکییە بۆیە هەر زوو بڕیارمدا کە نەیخۆم، ویستم سەیری تیڤی بکەم بینیم ئەویش دەستکردی کۆرییە حەیاتەکەیە وازم لەویش هێنا، ویستم ڕۆژنامەیەک بخوێنمەوە هەرچەندە وشەکانی کوردی بوون بەڵام بیروڕاکان و ئەو کاغەزەی لەسەریشی نوسرابوو کوردی نەبوو، بۆیە ئەویشم وەلا نا، کتێبێکم لەناو پەرتووکخانەکەم دەرهێنا ویستم بیخوێنمەوە هەرچەندە کوردی بوو، بەڵام نووسەرەکەی ئەمریکی بوو، برا کوردێک بە سەقەتی تەرجەمەی کردبوو، تامی خۆشی نووسینەکەی نەهێشبوو هەر زوو خستمەوە شوێنی خۆی.

بیرم کردەوە ئێ چۆن بژیم کە هیچ شتێکمان کوردی نییە، تەنانەت ئاوی خواردنەوەشمان حەیاتی تورکییە تا چوومە دنیای خەیاڵەوەو خەو چاوەکانی داگیرکرد، کەوتمە خەوێکی قووڵەوە.

لە ڕۆژی دوایی کە لەخەو هەستام وەکو مرۆڤێکی ئاسایی پەنیرە فەرەنسیەکە و نانە تورکییەکەم خوارد و چایەکی سیلانم بەسەرداکرد و قاتە ئیتاڵییەکەم لەبەر کرد و پێڵاوە تورکیەکەم لەپێ کرد و سواری ئۆتۆمبیلە ئەمریکیەکەم بووم و بێ گوێدانە ڕێنمایی هاتووچۆ بە مۆبایلە کۆرییەکەم بە ڕوویێکی خۆشەوە قسەم لەگەڵ برادەرەکەم کرد و کە گەیشتمە باڵەخانەکەی فەرمانگەکەمان بە مەسعەدە یابانییەکەسەرکەوتم وکۆمپیوتەرە ئەمریکییەکەم بەکارهێناو لەسەر مێزە مالیزییەکەو کورسییەکە چینییەکەم کاکەی بەنغلادیشیش ئاوێکی سارد و سازگاری حەیاتی تورکی بۆ هێنام و لە جیاتی ئاگادارکردنەوەو نان بڕانم سەرۆکی دەزگاکە پێی گوتم: (گوت مۆرنیگ) و بە دڵخۆشی هاتمەوە ماڵەوەو لەسەر قەنەفەی ئیتاڵی پشوییەکم داو داکی ڤەژین یاپراخێکی گەرمی ئەقلیمی بۆ هێنام و وردە وەردەش سەیری تەلەڤزیۆنە کۆرییەکەم دەکرد. بەخوا مافورە ئێرانیەکەش نەبا ئەوە دەبوو قاچەکانم لەسەر زەوی سارد و سور دابنێم.

لە دڵی خۆمدا گوتم: با بژی کوردایەتی بەڵام بە کەرەستەی بیانی.

## ڕۆژانێ بوو ٥٠

موحسین ئاوارە

- بەڵێ هەفتاکان ساڵانێکی بە برشت و پڕ لە جموجۆڵی و وەرچەرخان بوو، شوێن پەنجەو ئاسەواری دیارە و شیاوی باسکردنە بە تایبەتی بە سەرهەڵدانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و پیشەییەکان و سەندیکا، کە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگای لەخۆ گرتبوو لە نێو عێراق بەگشتی و کوردستانیش بەتایبەتی..لەساڵی ١٩٧٣ لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا فێستیڤاڵی لاوان ئەنجام درا بۆ یەکەم جار بوو لەو کوردستانەی خۆماندا بە فەرمی کۆمەڵێک گەنج مێر لاو بە ناوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەشداری لەو فێستیڤاڵە جیهانیە بکەن کە چەندین دیموکراسییانە نمایشی کوردەواریان بەجل و بەرگی کوردی و داب و نەریتی کوردەواری ئەنجامیان دابوو.

* هەروەها لە کانوونی دووەمی "١٩٧٤"دا کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا لە هۆڵی مستەنسەرییە ئەنجام درا، "بەندە" بەشداریم کرد لەو کۆنگرەیە، قەت لەیادم ناچێ ئێمەی کورد لە هەولێرەوە بە کۆستەرێک بەڕێ کەوتین بەرەو بەغدا واتە نووسەرانی لقی هەولێر کە بە گاڵتەو گەپ و دڵخۆشی ڕێگای دوورودرێژی ئەو سامان بڕی لە بەغداش سێ ڕۆژی کۆنگرە زۆر گەرم و گوڕ بوو و بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات، ئەوەبوو لە کۆتاهاتنی کۆنگرە دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوول سەرکەوتە سەر دوانگەی شانۆ و گوتی: "بەر لەوەی بچین چێشتێکی دەروێشانە بخۆین لە چێشتخانەی "لۆلۆە" لە باخچەی "زەورا" کە داوەتی دکتۆر ئیحسان فوئادین ئەوکات دکتۆر ئیحسانی خوالێخۆشبوو بەڕێوەبەری گشتی دەزگای پەخش و بڵاوکراوەی کوردی بوو لە بەغدا. دکتۆر عزەدین بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی وتی: "با کۆتایی کۆنگرە بە بڕیارێک بهێنین ئەویش ئەوەیە پلەی دکتۆر شۆ ببەخشینە شاعیر ئەحمەد شوکری، ئیتر لە هۆڵەکە بەکۆی دەنگ بە چەپڵەڕێزان و ڕەزامەندی بە کۆتا هات، دوای ئەوەی لەو هۆڵە چووینە دەرەوە ئێمە گەنجانی شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەم بەدوای "ئەحمەد شوکری" دکتۆر شۆ دەڕۆیشتین ئەو پڕ بە گەرووی هوتافی دەکێشا و شیعری دەخوێندەوە وەک:

ئەوە:" بووم بە دکتۆر شۆ"
هەرچی بێتە پێشم دەیدەمە بەر قاشۆ
شەقی دەکەم وەکو گۆ

ئێمەش لە دواوەوە دەمانکرد بە چەپڵە و هات و هاوار کە سەرەنجی دەوروبەری خۆمان ڕاکێشا بوو سەیری ئەو گروپە گاڵتە فرۆشی و بەزمچیانە بکەن، کە کوردن و کوردیش لە بەغدا ئەوسا وا ناوی ڕۆیشتبوو کە کەسایەتیان بەهێزە کەچی ئەو حاڵەتەیان لێ بەدی دەکرێ پێیان سەیر بوو، هۆیەکەش دکتۆر شۆ بوو ئەم بەزمەی نایەوە، دواتر لە چێشتخانەی لوئلوئەی زەوڕا گیرساینەوە. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەوکات شەفیق کەماڵی وەزیری ڕۆشنبیریی بوو لە عێراق ئامادەی ئەو سەر خوانە بوو لەگەڵ شەهید ساڵح یوسفی و شەهید عەلی هەژار و هەڤاڵ محەمەد مەلا قادر و چەندین نووسەر و کەسایەتی لەو داوەتە ئامادەبوون بەڵام کاتێک یەک دوو پێک خورایەوە لە ناوەڕاستی خوانەکە بوو بە بەزم و شەڕە جوێن و شەڕە شیعری تەخپیسی نەک شیعری تەخمیس لە نێوانی محەمەد سەدیق و مستەفا رابەر و مەحموود زامدار.. چاوم لێبوو شەهید ساڵح یوسفی بانگی "سەعید یەحیا خەتات"ی کرد دواتر زانیم پێی گووتبوو ئەو گێرەشێوێن و بەزمچیانە بچنە هۆڵەکەی ئەو بەر لەوێ چی بە یەک دەکەن با بیکەنن هەرواش کەوتەوە بەشێکی زۆر بەخۆیان و پێکەکانیانەوە دوور کەوتنەوە لەوێش بەزمەکە گەرمتر بوو.

* هەر لەو ساڵانەی دوایی هەفتاکاندا ڕژێمی بەعس لە عێراقدا بایەخێکی زۆری بە سەندیکاکانی کرێکاران و جووتیاران دەدا بەو ناوەی کە سیستەمی سۆشیالیستی پەیڕەو دەکات بۆیە هەندێک لە کادیرەپێشکەوتووەکانی سەندیکاکان بەجۆرێک دەرکەوتن کە لە ئەنجامدا ڕۆڵی سەرکردایەتی حزبی بەعسی فاشستیان پێ سپێردرا دواتر لە ئەنجامی بەشداربوونیان لە کۆدەتایەک سەدام لە سێدارەی دان لەوانە وەک "محەمەد عایش" کە سکرتێری گشتی نەقابەکانی کرێکاران بوو لە عێراق هەروەها "فازل بەدەن" کە سکرتێری نەقابەکانی خەدەمات بوو لە عێراق، جا لە کوردستانەکەی خۆمانیش ئەو نەقابەو کۆمەڵەی جووتیاران ڕۆڵیان هەبوو هەر لە پەیوەندیەکان و پەرەپێدان و بە ڕاژەکردنی ئەو دوو چینە ئەوەبوو بۆ نموونە بەڕێز کاک کۆسرەت لەگەڵ کۆمەڵەی جووتیارانی کوردستان هاوکار لەگەڵ مەجید تەیب و ئەحمەد میرەکانی و چەند هەڤاڵێکی تر ڕۆڵی ئیداری بەرچاوی هەبوو لەو کۆمەڵەیە دواتر ڕەوانەی بولغاریا کرا بۆ ماوەی دوانزە مانگ دەورە ببینی. هەر ئەوکات فەریدزامداری شاعیر لە نەقابەی زراعین و منیش لە ڕاگەیاندنی سەندیکای گشتی کارم دەکرد ئەوە بوو بۆ ماوەی دوانزە مانگ دانرام بچم بۆ دەورە لە رووسیا یەکێتی سۆڤێتی ئەوسا بەڵام لە ئەنجامدا هەر چەندە پەساپۆڕتم درایێ بەڵام دائیرەی ئەمنی هەولێر نووسراوی ڕەزامەندی لەسەر ڤیزەکەم دوا خست، ئەو سەفەرەم بۆ دەورەیەکی تر دواخرا چەند مانگێکی پێ چوو لە ئاداری ١٩٧٤ شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسایەوە و بە ملیۆنان کوردان بەشاخان هەڵشاخان ئەوە بوو بەڕێز کاک "کۆسرەت"م لە چۆمان چاو پێکەوت کە لە ڕێگای ئێرانەوە گەڕابۆوە بۆ ناو شۆڕش و دەورەکەی لە بولغاریا تەواو کردبوو و ئامادە نەبووە لە دەرەوەی وڵات بمێنێتەوە خۆی گەیاندەوە ناو شۆڕش پرسیاری لەمن کرد ئەی تۆ لە رووسیا دەورەکەت تەواو کرد منیش گووتم نەوەڵڵا دائیرەی ئەمنی هەولێر نووسراوەی ڕەزامەندی لێ کردم بە گرفت و بۆ دەورەیەکی تر دواخرام ئەوەتە شۆڕش دەستی پێکردەوە و وا لێرەدا هەموو لایەکمان یەکترمان بینییەوە.



# عەلی حەسەن مستەفا: دوای خەباتێکی زۆر خەرمانەی خەباتم درایە بەر ڕەشەبای رق و کینە



عەلی حەسەن مستەفا

**بنەماڵەکەم و کورتەیەک لێدوان:**
دەمەوێت هەندێک زانیاری بنەماڵەکەمان لەساڵانی بیستەکان حاجی مستەفای باپیرم خۆی و خزمەکانی لە گوندی جانە نیشتە جێ بوون. کوێخای گوندەکە بوو، باپیرم پیاوێکی دەوڵەمەندو خاوەن مەڕو ماڵات و ئازاو چاونەترس بوو و خزم و کەس وکاری زۆر بوو، دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی کاربەدەستانی حکومەتی ئەوکات بەهێز بوو، وەک قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەو کاربەدەستانی گەورە، بەهۆی قسەزانی و تێکەڵی لەگەڵ پیاو ماقوڵان و کۆڕو دیوەخان و کاروبار ڕۆیشتوو بوو.
لەساڵی ١٩٤١دا عەلی بەگ کەناوبانگی بە عەلی قامچی رەش دەرکردبوو، زۆر بێ بەزەیی و دڵڕەق بوو هەموو کوێخاو ئاغاکانی ناوچەکەی ئازار دەداو تا دارکاریشی دەکردن، بەڵام لەگەڵ حاجی مستەفای باپیرم زۆر بەینی خۆش بوو.
حاجی مستەفا دوو برای هەبوو یەکیان(حاجی حوسێن) پێنج کوڕی هەیەو لە چەند خێزانێک پێک هاتوون، ئێستا لە هەولێر دەژین، دووەمیان (مەحمود حەمەد ئەمین)ە ئەویش دوو کوڕی هەیە بەناوی (مەلا خالید)و (حەمەد ئەمین) ئەوانیش هەر لە هەولێر دەژین لە ناو عەشیرەتی بڵباس بەتایەفەی ئێمە دەڵێن (پیوە).
چەند ماڵێکی تر هەن کە زۆر لەباپیرمەوە نزیکن وەک (ماڵی عەدۆی داودی و بنەماڵەی حاجی جەعفەرو بنەماڵەی حاجی حەسەن)، کە ئەوانیش چەند کوڕێکیان لە دوا بەجێ ماوەو ئێستا چەند خێزانێکیان پێک هێناوە، کاتی خۆی لەگوندی دیبەگە دانیشتوون و هەندێکیان لە گوندی جانە لای باپیرم بوو.
ماڵی حاجی باپیر عەزیز کە ئەویش دوو برای بەناوی (عومەرو عوسمان) هەبوو، ئەوانیش چەند بنەماڵەو خێزانێکیان لێ کەوتۆتەوە.
بنەماڵەی (ئەحمەدە قول و ئەحمەدە سوور) لە گوندی ساقیە لە ناحیەی گوێڕ لە زەمانی توركدا ئەوان لەو گوندە ژیاون، بنەماڵەکەیان نزیکەی بیست خێزانێک دەبن ئێستا گوندەکەیان تەعریب کراوەو بۆتە هی عەرەب.
بنەماڵەی (مەلا سەلیمی دیبەگەیی و بنەماڵەی نادر غەزاڵ) ئەوانیش هەریەک نزیکەی دە خێزان دەبن و بەوانیش دەگوتری پیوە. هەروەها ئەم چەند بنەماڵەیەش زۆر لە ئێمەوە نزیک بوون بە خزمایەتی لەوانە عومەر خەلیف و سلێمان خلیف و ماڵی حەسەن و حوسێن باڵوول، کە چەند بنەماڵەیەکیان لەدوا بەجێ ماوە لەگەڵ ماڵی مام قادر سلێمان ناسراو بە قادر پیوە.
حەسەن-ی باوکم گەورە کوڕی حاجی مستەفای باپیرمەو دوو ژنی هێناوە، دایکی من و دایکی مامۆستا سلێمانی برام و پێنچ کوڕی لە پاش خۆی بەجێ هێشت، کە گەورەکەیان من و ئەوانی تریش (ئیبراهیم)، کە بەداخەوە بەکارەساتی دڵتەزێن دنیای جێ هێشت، کە پیاوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشت بەرز بوو، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا لێپرساوی سەندیکای هەموو لیوای هەولێر بوو، سێ کوڕی بۆ کوردستان بەجێ هێشت بەناوی: (مستەفاو برزۆ و زێڕۆ). سێیەم کوڕی بابم ناوی (هادی)یە. چوارەم کوڕی مامۆستا (سلێمان)ەو پێنجەمیش (عەبدولکەریم)ە دەرچووی بەشی فیزیای کۆلیجی زانستی زانکۆی بەغدایە، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە هەولێر کردووە، لەو ماوەیەی لە بەغدا دەیخوێند لەگەڵ چەند هەڤاڵێک سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی لە زانکۆکانی بەغدا دەکرد. کەریمی برام یەکێک بوو لە کەسە دیارو چالاکەکانی ڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵەی ناو شاری هەولێر. دوای تەواوکردنی خوێندنیش گەڕاوەتەوە هەولێرو لەوێش هەر بەردەوام بوو لەکاری ڕێکخستنی نهێنی تا لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن ڕژێمەوە فەرمانی گرتنی دەدرێ، بەڵام خۆشبەختانە دەستگیر ناکرێ و پەیوەندی بە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات، دەبێت بە کادیرو پێشمەرگەی یەکێتی، کە بە هاوڕێ ئاسۆ یان ئاسۆی ڕێکخەر ناسراو بوو ماوەیەک سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی کردووە لە تیپی ٩٠ی باواجی، لە ژیانی پێشمەرگایەتیشدا سەرباری ئەوەی وەک کادیر و ڕێکخەری پێشمەرگە و جەماوەر بەشداری لە هەموو ئەو شەڕانەدا کردووە، کە لەسنووری ئەودا ڕوویانداوە، لەوانە (شەڕی بنەباوی، گرتنی سەری ڕەش، گرتنی ناحیەی دیگەلە، گرتنی ناحیەی تەق تەق، سەرەڕای داستانی رزگاری و شەڕی گۆجاڕ) تا دوای ئەنفالەکان.
پێش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بە چەند مانگێک لەگەڵ هەڤاڵە دێرینەکانیدا سەرگەرمی هاندان و کۆکردنەوەی جەماوەر بوو بۆ ڕاپەڕین و دەرپەڕاندنی داگیرکەر لە کوردستاندا، ئەوەبوو لە کاتی ڕاپەرینیشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە کۆکردنەوەی جەماوەرو هێرش بردنە سەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم. لە مانگی چواری ١٩٩٩ جارێکی تر لە هەولێر لە لایەن (پ.د.ک) فەرمانی گرتنی دەدرێ، بەڵام ئەمجارەشیان رزگاری دەبێ و خۆی دەگەیەنێتە شاری سلێمانی و تا ئێستاش لەوێ ژیان دەگوزەرێنێ.
خۆشم سێ کوڕم هەیە: یەکەمیان (کامەران)ە پێش ٣١ئاب بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی شەهید د.محەمەد باجەلان بوو، پاشان لەبەر هەندێ هۆی سیاسی وازی هێناو دەستی دایە کاری ئازاد. کاتێک پ.د.ک فەرمانی گرتنی کامەرانی دەرکرد، ماوەیەک زیندانی کراو دوای ڕاسپاردەو واستە کردن بەربوو، دووبارە گیرایەوە بۆیە ئەم جارە دوای بەربوونی لەساڵی ١٩٩٧دا بەرەو سلێمانی هاتین و ئێستا لەناو ریزەکانی (ی.ن.ک) و حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەی بە خەبات دەدا و بڕوانامەی لە کۆلیژی یاسا وەرگرتووە.
کوڕی دووەمیشم (دکتۆر بەدرخان)ە، کە دکتۆری تایبەتی بەڕێز کاک کۆسرەت بوو، ئێستا بۆ خوێندنی باڵا لە وڵاتی سوید دەژی، یەکەم کەس بوو لەساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران و ی.ن.ک لەناو کۆلیژی پزیشکی دروست بکات و ئێستاش ئەندامی کۆمەڵەی پزیشکانی کورد لە دەرەوەی وڵات و خوێندکاری دکتۆرایە.
کوڕی سێیەمم (بۆتان)ەوئەندازیارە، لەسەرەتایی ڕاپەڕینە مەزنەکەوە لەریزی خوێندکاراندایە وکاری ڕێکخراوەیی زۆر سەرکەوتوانە بەئەنجام گەیاندووە، ئێستاش لەناو دەزگاکانی حکومەت شان بەشانی هاوەڵانی لە هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و ژیانەوەی کوردستانە، بەکاری ئەندازیارییەوە خەریکە.
دایکیان ناوی (ئەسمەر دەروێش ئەحمەد)ە، لە تایفەی سارمەمییە، هەر لەسەرەتای کاری سیاسیم هاوکارێکی باشم بووە پشتگیری تەواوی لێکردووم بۆ بە ئەنجامدانی کارەکانی هەمیشەم بەسەرکەتووی وەکو کەسێکی بەرپرس و بەوپەڕی هەستکردن بە مەسئولیەت لەبەرامبەر گەلەکەی خۆی، خۆی بەسەربازی ون زانیوە، زۆر هانی داوم و هاندەرێکی باشم بووە لەو هەموو ماندووبونەی بینیوویەتی هیچ بێزاری دەرنەبڕیوە، لەگەڵ ئەوەی کە هیچ خۆشییەکی تێدا نەبوو جگە لەوەی هیوا بەکورد و دوارۆژی ڕووناک نەبێ.
لە دوای هەموو ئەوانەش من نەخۆش بووم لە ماڵ و لەسەر جێگادا بووم کە فەرمانی دەرکردنی خۆم و ماڵو منداڵم لەشاری هەولێری زێدی باپیرانم دەرکرا هەوڵی زۆرم دا، کەوا ئاوارە نەکرێم، بەڵام هەوڵەکان بێ سوود دەرچوو، دوای خەباتێکی زۆر و خەرمانەی خەباتم درایە بەر ڕەشەبای رق و کینەو بەناچاری رووم لەشارە سەربەرزەکەی سلێمانی کردو ئێستا لێرە نیشتەجێم هەتا ئەمڕۆش بە ئاواتی گەڕانەوەم بۆسەر ماڵ و حاڵو شارە خۆشەویستەکەی هەولێرو مەنزڵگای خەبات و تێکۆشانی چەندان ساڵەی رابردووم و شەنە کردنی خەرمانەی خەباتی چەندان ساڵەی گەلی کورد بەدەم شنەبای ئاشتی و تەبایی و بەبادانی هەموو کاو دانەوێڵەیەکی پووچ و هێشتنەوەی خەرمانێکی سوورو نەوەیەکی قارەمان بۆ خزمەت کردنی گەل و نیشتیمان بەیەک دەنگ و یەک دەست بازووی ماندوو هەڵکەن و ئاڵایەکی شەکاوەی سەربەرز بەسەر حکومەتێکی دەسەڵات فراوان بشەکێتەوە تا هەموو رۆڵەکانی گەلەکەمان بە یەکسانی لەبەری ئەو خەرمانە بەوپەری ئاسودەییەوە بخۆن.

**بەشی چل و کۆتایی**

**تێبینی:** ئەم یادەوەرییانە پێش کۆچی دوایی "عەلی حەسەن مستەفا" نووسراوە، لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی "خەرمانەی خەبات" بڵاوکراوەتەوە.

## عەزیز بەرزنجی سەرۆکی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان:

# پێشبڕکێی ئەمجارەی کۆمەڵەکەمان لەسەر ئاستی عێراق بوو

**ئا: بەدرخان**
لەدیمانەیەکی تایبەت بە بەدرخاندا لەگەڵ مامۆستا عەزیز بەرزنجی سەرۆکی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان، سەبارەت بەدوایین چالاکیان، کە بریتی بوو لە پێشبڕکێیەکی خۆشنووسی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، بە سپۆنسەری کۆمپانیای"کۆڕەک تیلیکۆم" بەڕێوەچوو، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی هەفتەنامەی بەدرخاندا، ئاخۆ مەبەستە لەم پێشبڕکێیە چی بوو، لەوەڵامدا گوتی:
* پاش هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە لە دوایین هەڵبژاردن لە ٢٠١٠/٣/٣١ بڕیارماندا کۆمەڵە بەگوڕ وتین بخەین، پاش ئەوەی لە ماوەیەک لە سووری سست بوون دابوو. دەستەی تازە کەوا زۆربەیان هونەرمەندی لیهاتوون و بەگیانێکی لە خۆ بووردنەوە بڕیاریاناندا چالاکی گەلێک ئەنجام بدەین، بۆئەوەی ببێتە مایەی خۆشحاڵی هەمووان.
ئەگەر چاوەڕێی مانگانەی کۆمەڵە بکەین ناتوانین چالاکی هاوشێوەی (پیشبرکێی کۆڕەک ) ئەنجام بدەین. بۆیە لەدەرگای کەرتی تایبەتمان دا و ئەمجارەیان کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆممان تاقیکردەوە و ئەوانیش بەخۆشحاڵییەوە بەدەم پێشنیازەکەمانەوە هاتن و زۆریان لا گرنگ بوو بەتایبەتی پاش ئەوەی بڕیارماندا پێشبڕکێی ئەمجارە لەسەر ئاستی سەرتاسەری عێراق بێت .
پاش ڕاگەیاندنی مەرجەکانی بەشداریکردن لە پێشبڕکێی خۆشنووسی (کۆڕەک) لەسەرئاستی عێراق لە ٢٠١٠/٦/١ و پێدانی مۆڵەتی دوو مانگ بە بەشداربووان و دواکات بۆ وەرگرتنی تابلۆکان ٢٠١٠/٨/١ بوو . لەئاکامدا (١٢٠) خۆشنووس لەسەرتاسەری عێراق بە ( ١٣٦ ) تابلۆ بەشداریان لەم پێشبڕکێیەدا کرد. پاشان لیژنەی ناوبژیوان، کە لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتبوو



مامۆستا عەزیز بەرزنجی

: مامۆستا نەجات ئەنوەر ئەربیلی (هەولێر)سەرۆک، مامۆستا ئەحمەد عەبدولڕەحمان (هەولێر)ئەندام، مامۆستا زیاد حەیدەرموهەندیس (هەولێر)ئەندام، مامۆستا موحوسێن حوسێن پیرۆ (سلێمانی)ئەندام، مامۆستا عەونی عادل ئەلنەقاش ( کەرکووک )ئەندام، مامۆستا مەحفووز زەنون عوبەیدی ( موسڵ)ئەندام، مامۆستا عەزیز عەبدوڵلا بەرزنجی (هەولێر)ئەندام (سەرۆکی کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان).
لە ٢٠١٠/٨/٧ لە شاری هەولێر کۆبوونەوە و ئەنجامی کۆتایی ئەم پێشبڕکێیەی بەم شێوەیەی خوارەوە راگەیاند:

**یەکەم : خەتی سولسی گەورە**
**ا- خەڵاتەکان**
خەڵاتی یەکەم: سامان عەبدولخالق هەورامی- سلێمانی ١٩٧٢، خەڵاتی دووەم: عەلی حەسەن ئیبراهیم -رانیە١٩٧٢، خەڵاتی سێیەم: ئەردەلان مەجید هەرکی – هەولێر ١٩٧٣.
**ب - پاداشتەکان**
١- قەیس عەبدولڕەحمان خەلیفە – هەولێر ١٩٥٧، ٢. محەمەد حوسێن خدر –هەولێر ١٩٦١، ٣. حازم فەرحان ئەلسەنجەری - زیقار ١٩٦٧، ٤ شێرزاد سەلیم بەزاز – هەولێر ١٩٦٥.
**دووەم : خەتی سولسی ئاسایی**
**ا- خەڵاتەکان**
خەڵاتی یەکەم: قاسم گاهر الخفاجی – بابل ١٩٧٨، خەڵاتی دووەم: کارزان ئەبوبەکر ئەفەندی – هەولێر ١٩٨١، خەڵاتی سێیەم: سامان عەبدولخالق هەورامی – سلێمانی ١٩٧٢.
**ب- پاداشتەکان**
١- حازم فرحان السنجری- زیقار ١٩٦٧، ٢ قەیس عەبدولڕەحمان خەلیفە – هەولێر ١٩٥٧، ٣ سدیق محەمەد عەبدولجەبار- هەولێر ١٩٦٢.
**ج- هاندەرایەتی**
١- شوکر شاکر حەمەدەمین – هەولێر ١٩٦٩، ٢. عیسا یونس سۆفی - سۆران١٩٧٢.
**سێیەم : خەتی نوسخ**
**ا- خەڵاتەکان**
خەڵاتی یەکەم: خەلیل ئەحمەد مەنتک – هەولێر ١٩٧٤، خەڵاتی دووەم: سیروان کەمال عەلی – سلێمانی ١٩٨٣، خەڵاتی سێیەم: سامان کاکە دیوانە – هەولێر ١٩٧٧.
**ب- پاداشتەکان**
١- قاسم گاهر الخفاجی – بابل ١٩٧٨، ٢. گۆران کەمال یابە - هەولێر١٩٨٤، ٣. ریاچ علی جاسم الشادی – تکریت ١٩٨١.
**چوارەم : خەتی نەستەعەلقی گەورە**
**ا- خەڵاتەکان**
خەڵاتی یەکەم: سامان عەبدولخالق هەورامی – سلێمانی ١٩٧٢، خەڵاتی دووەم: کارزان ئەبوبەکر ئەفەندی – هەولێر ١٩٨١، خەڵاتی سێیەم: خالید عەباس زەنگەنە – سلێمانی ١٩٥٩.
**ب- پاداشتەکان**
١- سامان علی جمعە المندلاوی – دیالی ١٩٧٠، ٢. فەرهاد یاسین نادر – هەولێر ١٩٨٣، ٣. سەردار ستار قادر – هەولێر ١٩٨٨.
**ج- هاندەرایەتی**
١- عومەر سەلیم فەتاح - سلێمانی ١٩٧٠، ٢. قەیس عەبدولڕەحمان خەلیفە – هەولێر ١٩٥٧، ٣. جوتیار جاسم نامیق- هەولێر١٩٨٨، ٤. شێرزاد سەلیم بەزاز – هەولێر ١٩٦٥.
**پینجەم : خەتی دیوانی گەورە**
**ا- خەڵاتەکان**
خەڵاتی یەکەم: فراس ئەحمەد نقی – کەرکووک ١٩٨٠، خەڵاتی دووەم: مەریوان ساڵح عومەر – کەرکووک ١٩٧٦، خەڵاتی سێیەم: عەدنان محەمەد حوسێن کاکەیی – کەرکووک ١٩٨٠.
**ب- پاداشتەکان**
١- هیوا حەمەساڵح حەسەن – سلێمانی ١٩٧٢.
**شەشەم : خەتی دیوانی**
**ا- خەڵاتەکان**
خەڵاتی یەکەم: عومەر سەلیم فەتاح – سلێمانی ١٩٧٠، خەڵاتی دووەم: هیوا حەمەساڵح حەسەن – سلێمانی ١٩٧٢، خەڵاتی سێیەم: زیاد محەمەد عەلی – هەولێر ١٩٦٨.
**ب- پاداشتەکان**
١- ئەحمەد یوسف تۆفیق – کەرکووک ١٩٨٨، ٢. مەریوان ساڵح عومەر – کەرکووک ١٩٧٦، ٣. تاریق سمایل عەبدولقادر - هەولێر١٩٦٨،
**ج- هاندەرایەتی**
١- نەوزاد محەمەد عەلی کۆیی – هەولێر ١٩٦٥، ٢.نەجمەدین محێدین هەورامی - سلێمانی ١٩٥٣، ٣. محەمەد فازڵ عەلی – کەرکووک ١٩٧٤.
**حەفتەم:خەتی کوفی**
**ا- خەڵاتەکان**
خەڵاتی یەکەم: فەرهاد یاسین نادر – هەولێر ١٩٨٣، خەڵاتی دووەم: سەیف ئەحمەد نەقی – کەرکووک ١٩٨٨، خەڵاتی سێیەم: سەعد ئەحمەد نەقی – کەرکووک ١٩٨٩.
**ب- پاداشتەکان**
١- عەلی حەسەن ئیبراهیم – رانیە ١٩٧٢، ٢. عەدنان محەمەد ئەنوەر – هەولێر ١٩٨٣.
**هەشتەم : خەتی روقعە**
**ا- خەڵاتەکان**
خەڵاتی یەکەم: زیاد محەمەد عەلی – هەولێر ١٩٦٨، خەڵاتی دووەم: عومەر سەلیم فەتاح – سلێمانی ١٩٧٠، خەڵاتی سێیەم: نەوزاد محەمەد عەلی کۆیی – هەولێر ١٩٦٥،
**ب- پاداشتەکان**
١- قاسم تاهیر الخفاجی – بابل ١٩٧٨، ٢. تاریق سمایل عەبدولقادر – هەولێر ١٩٦٨، ٣. رەمەزان ئەسعەد سوڵتان – سۆران ١٩٧١.
نۆیەم: نوێکاری
**ا- خەڵاتەکان**
خەڵاتی یەکەم : بەکەس نەبەخشرا - خەڵاتی دووەم: بەکەس نەبەخشرا، خەڵاتی سێیەم: بەکەس نەبەخشرا.
**ب- پاداشتەکان**
١- وسام حمید حسین – سامراء ١٩٧٠، ٢. فەرهاد یاسین نادر - هەولێر١٩٨٣، ٣. کارزان ئەبوبەکر ئەفەندی – هەولێر ١٩٨١، ٤. عەلی حەسەن ئیبراهیم – رانیە ١٩٧٢.
وابڕیارە خەڵاتەکان لەمەراسیمێکی شایستەدا لە شاری هەولێر بەسەر لیژنەکان و سەرکەوتووەکان دابەش بکرێت، هاوکات لەگەڵ کردنەوەی دوو پێشانگا یەکێکیان بۆ تابلۆ سەرکەوتووەکان و ئەوەی تر بۆ مامۆستایان و شارەزایانی هونەری خۆشنووسی. لە وادەکەی هەمووان ئاگادار دەکرێنەوە لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی پێوەکردنیان .ئێمە وێڕای پیرۆزباییمان لە سەرکەوتووان و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو بەشداربووان دەخوازین لە پێشبڕکێکانی داهاتوودا.
لەکۆتاییدا بەڵێن بەسەرجەم هونەرمەندان و هەوادارانی هونەری خۆشنووسی دەدەین، کە ئێمە تێدەکۆشین بەبێ وچان و هیچ شتیک ساردمان ناکاتەوە و هەموو ئاواتمان برەودانە بەهونەری خۆشنووسی لە کوردستانی ئازیزدا.



# پوختەیەک لە ژیاننامەی پێشمەرگەی درێن و ناوداری شۆڕشی ئەیلوول مامۆستا مەلا موسا ناسراوە بە مەلا نینە

**حەمید رەشاش**

مامۆستا موسا حامد داشوور ناسراوە بە مەلا نینە لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری "وانێ" لە باکووری کوردستان لەدایکبووە، هەڤاڵ نینە لە ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ چەند فەقێیەکی برادەرانی خۆی بۆ خوێندنی ئایینی دێنە کوردستانی عێراق لەو برادەرانەی مامۆستا مەلا موسا مامۆستا مەلا سەلاحەددین کە ئێستا لە شاری کەرکووک نیشتەجێیە، ئەوکاتەی هەڤاڵ نینە دێتە کوردستانی عێراق خاوەن ژن و منداڵ دەبێ، دوو کوڕی دەبێ بەناوی حەمەغەریب و حەمە زەکی برایەکی ناوی ئیبراهیم حامد داشووره ماوە لەگەڵ کوڕەکانی مامۆستا مەلا موسا ئێستا لە شاری "وان" دادەنیشن. خوالێخۆشبوو مەلا موسا بەردەوام دەبێ لە خوێندن و لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٧ دێتە شاری هەولێر لە مزگەوتی فاتمەخان دەخوێنێ هەر لە هەمان مزگەوت لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ناوی خۆی تۆمار دەکات لە پاشان دەچێتە قەزای چەمچەماڵ لە مزگەوتێک لە مزگەوتەکانی چەمچەماڵ دەبێتە مەلا، مەلا موسا هەر لە کاتی خوێندن دەچێتە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی، دەبێتە ئەندامی حزب، لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول مزگەوت بەجێدەهێڵێ و دەچێتە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، دەچێتە بنکەی خاڵ خالان و دەبێتە لێپرسراوی ئازووقەی بنکەکە لەگەڵ هەڤاڵ عادل عزەت ناسراوە بە عادل کەوڵ سوور، کاک عادل کوڕەکی خوێندەوارو ئازاو دڵسۆز بوو، خەڵکی شاری کەرکووک بوو. لەبەر ئەوەی هەڤاڵ نینە ئەوەندە دەستپاک و دڵسۆز دەبێت زۆر دەستکراوە نابێت و ماڵی حزب دەپارێزی، کە داوای شتی لێدەکەن زۆرجار وشەی "نینە"ی بەکاردەهێنا، ڕۆژەک مام جەلال دەچێتە بنکەی خاڵ خالان، مام جەلال داوای هەرشتێک لە مەلا موسا دەکات دەڵێ: نینە. مام جەلال دەڵێ مەلا بەردەکم بدێ لەسەری خۆمی بدەم، مەلا موسا دەڵێ: بەخودای نینە. لەو ڕۆژەوە مام جەلال ناسناوی نا "مەلا نینە". مامۆستا مەلا نینە لەلای هەموو پێشمەرگە دێرینەکان و هەموو سەرکردەکانیش ناسرابوو، ئێستاش مام جەلال لەناو قسەکانی جارو بار باسی مەلا نینە دەکات، خوالێخۆشبوو پێشمەرگەکی دڵسۆز و راستگۆو بە ئەمەک بوو، لەناو پێشمەرگەکان زۆر خۆشەویست بوو، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی خەڵکی باکووری کوردستان بوو زیاتر خۆشەویست بوو لە ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ ئێمە لە هەمەدان بوو، برادەرە هەرە خۆشەویستەکانی هەڤاڵ نینە من و مامۆستای مێژوونووس عەبدولرەقیب یوسف بوو، هەموو قسەو باسی خۆی لەلای من دەکرد، لەمن زیاتر کەسەک نەیدەزانی مەلا موسا ژن و منداڵی هەیە لە تورکیا هۆی مانەوەی لە عێراق و تا کۆچی دوایی کرد فەرمانی گرتنی هەبوو لە حکوومەتی تورکیا، نەدەوێرا بگەڕێتەوە، ئێمە ماوەی ساڵێک لە هەمەدان بووین، لەپاش گەڕانەوەمان لە هەمەدان هێزەکەمان لە دۆڵە رەقە بووین، مامۆستا مەلا موسا بۆوە لێپرسراوی ئازووقە لە گوندی قەلاسەیدە لە ساڵی ١٩٦٧ هێزەکەمان چووە



مەلا موسا ناسراو بە مەلا نینە

ناوچەی چەمی ڕێزان، من و هەڤاڵ نینە و چەند پێشمەرگەیەک بە فەرمانی م. س لەسەر کەپکان ماینەوە لای عەباس ئاغا، لەپاش مردنی عەباس ئاغا مەلا موسا بریندار کرا، من مەلا موسام گەیاندە نەخۆشخانەی شاری رانیە، لە رانیەش بردمە نەخۆشخانەی کەرکووک، لەپاش چابوونەوەی هەڤاڵ نینە گەڕاینەوە گوندی سەرکەپکان، بەڵام لەپاش برینداربوونی هەڤاڵ نینە وامان بەباش زانی بگەڕێینەوە ناو هێزەکانی خۆمان، ئەو کاتە خوالێخۆشبوو رەئیس حەمەدەمین فەرەج لەگەڵ عەریف سلێمان لە قەلادزێ بوون، ئێمە چووینەوە قەلادزێ، لە ساڵی ١٩٦٨ هێزەکەمان گەڕاینەوە بەکرەجۆ، خوالێخۆشبوو مەلا موسا داوای کرد ژنم بۆ بێنن، هەر لە شاری سلێمانی کچەکی باشی خانەدانمان بۆ مامۆستا

مەلا موسا داخوازیکرد ناوی شوکری خان بوو، بەڵام نەمانگوت مەلا موسا خەڵکی کوردستانی تورکیایە، ماڵی بووک داوایانکرد دەبێ خزمەکانی مەلا موسا بناسین، من خۆم کردە ئامۆزای مەلا موسا و خێزانەکەشم کردە خوشکی مەلا موسا، گووتیانە مەلا موسا پێشی پێشمەرگایەتی چ کارە بووی، گوتمان لە شەریکەی نەوت کاری دەکرد، بۆ رۆژی مارەکردنی هەڤاڵ نینە نفوسی نەبوو، بەبێ نفووس ژن مارە نەدەکرا. هەڤاڵ مستەفا رابەر دەفتەر نفووسەکی ساختەی لە سلێمانی بۆ دەرهێنا، بەو نفووسە ژنمان لە هەڤاڵ نینە مارەکرد، ئەو کاتە هەر پێشمەرگەک ژنی بهێنابا مام جەلال ٥٠ دینارو "١" تەنەکە رۆن و "١" فەردە برنجی دەدایێ، من ماڵم لە بەکرەجۆ بوو، دوو ژوورم هەبوو،

ژوورەکەم بۆ مەلا موسا بەتاڵ کرد بۆکاتی ژن هێنان، لە رۆژی ژن هێنانی هەڤاڵ نینە شاییەکی گەورەمان بۆ گێڕاو کەس نەبوو لەشایی مەلا موسا بەشدار نەبێ، هەڤاڵ نینە ئەندامی ناوچەی حزبی بوو لە بەکرەجۆ، لە مانگی "٧"ی ١٩٦٩ من گوازرامەوە بۆ هەولێرو بوومە فەرماندەی هێزی هەولێر لەگەڵ مامۆستا مەلا موسا لە یەکتر دابڕاین، لەپاش بەیانی ١١ی ئادار من لە هەولێر بووم لەگەڵ خوێندنەوەی بەیانی ١١ی ئادار من و خوالێخۆشبوو شێخ لەتیف بەرزنجی یەکەم کەس بووین بروسکەی پیرۆزباییمان لێدا بەبۆنەی بەیانی ١١ی ئادار، بەڵام بروسکەکەی ئێمەیان نەخوێندەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بووین، لەپاش بەیانی ١١ی ئادار حکومەت دەستی بەسەر بارەگایەکانی ئێمەدا گرت، من هێزەکەی هەولێرم بردە بەکرەجۆ لەپاش بەیانی ١١ی ئادار هێزەکانی باڵی م. س وردە وردە هەڵوەشاوەو ئەوانەی پۆلیس و سەربازو هەموو فەرمانبەرەکان گەڕانەوە سەرکاری پێشوویان بەبێ ریکەوتن ئێمە ماڵەکانی خۆمان بردە بەغدا، بەڵام هەڤاڵ نینە لەبەر ئەوەی عێراقی نەبوو ناسنامە و رەگەزنامەی عێراقی نەبوو ماڵەکەشی لە بەغدا بوو، من لەگەڵ مەلا موسا هاتمە هەولێر و چووینە دائیرەی نفوس ناوی مەلا موسامان لە سجلی ١٩٥٧ دیتەوە، لەسەر تۆماری ١٩٥٧ دەفتەر نفووسمان بۆ مەلا موسا دەرهێنا، لە بەغداش بەهۆی کاک حەمەدئەمین فەرەج رەگەزنامەی عێراقی بەناوی خەڵکی عێراقمان بۆ دەرهێناو مامۆستا مەلا عەوڵاش بە هۆی چەند برادەرەکی خۆی لەشەریکەی نەوتی عێراقی بە کرێکار دایمەزراندو هەوڵمان بۆدا گوازراوە بۆ شاری سلێمانی، هەڤاڵ نینە هەر بەردەوام بوو لە سەر کوردایەتی و دانەبڕا، مامۆستا مەلا موسا لەژنی دووەم ٣ کوڕو کچەکی بوو، هەموویان خوێندنیان تەواوکردووە لەگەڵ براو لە مامەکانی تورکیاش هاتووچۆیان هەیە، بەداخەوە ئەو پیاوە کوردپەروەرەی باکووری کوردستان لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ کۆچی دوایی کرد، هەزار رەحمەت لە گۆڕەکەی بێ.



لە راستەوە: حەمید رەشاش، عەبدولڕەقیب یوسف و مەلا موسا

## بمخەرە ناو ئەنگوستیلەت

**نزار خەیلانی**

با ئازاد بم
چاوەکانت بە ئاوێنە
روو لە گۆڕ مەکە
پشتەوە سەیرم بکەی
ڕووبەڕووبەو.. چاوم تێکە
****
ماچەکانت مەخەرەسەر
پەنجەکانت
بەهەوادا بۆم بنێری
خۆت ماچم کە
****
دەستەکانت رامەهێنە
لە های های.. بای بای کردن
دەستم بگرە
****
بە گوشینی پەنجەکانت
دڵ دیل دەکەی
دە دیلم کە
****
لەناو خەونی ئەنگوستیلەی
قامکی وردی پەنجەکانت
بەندم بکە
تاسەر بەست بم لە دەربڕین
دەربڕینی هیواو هەست و
داواکانم

## بۆ کۆنگرەی "٨"ی یەکێتی نووسەرانی کورد

نزارخەیلانی

دەڵێن نووسەر کۆدەبێتەوە
کۆنگرەیە و تا بەیانی دەخۆنەوە
هوتێل بەلاش
قسە بەمعاش
بەسەر پەیڕەو دەڕشێنەوە
وا پیسی دەکەن
کە یەکتریش نەناسنەوە
ئەمانە پێشڕەوی گەل
لە گفتوگۆ وەکو هەڵۆ
لەکرداریش هەروەکو قەل
****
**تێبینی:**
بە ڕێزێکی زۆرمەوە بۆ نووسەرە رەسەنەکانی دوور لەم پێناسەیە

## تەنز

ئەو ڕۆژەی تەلەفۆنیان بۆ کردم، دەستم گیرابوو، لەسەر ئیش بووم خەریکی بەسەر خستن و کێشانەوەی بلۆک بووم بۆ سەربانی ماڵێکی دەوڵەمەند. تەلەفۆنەکە لەلایەن کەسێکی نامۆوە کرا، یەکەمجارم بوو گوێم لە دەنگێکی وا بێت، سەرەتا قسەکانی



ئەو کابرایەم بە هەند هەڵنەگرت کاتێک بە دەنگێکی گڕی نێرانەوە وتی: تۆ باوکی ریازی؟! وتم: بەڵێ تۆ کێی؟! وتی: گرنگ نییە من کێبم یا کێ نەبم؟! ئەوەی گرنگە ئێستا کوڕەکەی تۆمان رفاندووەو هەتا دوو سەعاتی دیکە "٢" دەفتەرو پێنج دۆلارمان بۆ نەینی، کوڕەکەت دەکوژین. هەر وامزانی بە فشەیەتی و بزانە چ برادەرێکە بۆ پێڕابواردن، دەنگی خۆی گۆڕیوە، بە بزەیەکەوە وتم: قسەی قۆڕ، کوڕی من چ ئیشی لای ئێوەیە؟! کوڕی منتان بۆ رفاندووە؟! دوای ئەوە کوڕی من وا لە ماڵەوەیە. کە وتیان: دەها گوێ لە دەنگی کوڕەکەت بگرە. کاتێک ریاز بە قورگی پڕ لە گریانەوە وتی: "بابە بابە، ئەوە منم ئەو زەلامانە منیان بردووە و نازانم ئێستا لە کوێم چاویان بەستاومەتەوە بۆیە...". نەیانهێشت قسەکەی تەواو بکات، هەر ئەو کابرا دەنگ گڕە کەوتەوە قسە: "هاااا، ئێستا باوەڕت کرد کوڕەکەی تۆ لای ئێمەیە؟!". موچڕکەیەکم بەلەشدا گەڕا لە کەڵەموستی پێمەوە دەرچوو،

ئەوجارەیان دڵنیا بووم ئەو قسانە لەوە دەرچووە سوعبەت و گاڵتە بێ، خەریکبوو لە تاوا هەناسەم بگیرێ، بە هەڵپەیەکەوە وتم: "کاکە با لەیەک حاڵی بین وەرە پێمبڵێ بزانم کوڕی منت لەسەر چی گرتووە من دەناسی؟! من دەتناسم ئاخر خوا هەڵناگرێ ئەوە ئیش نییە ئێوە دەیکەن". کابرا دایە قاقای پێکەنین و وتی: "هەر دوو سەعاتت لەبەر دەمدایە ئەگەر دوو دەفتەر و پێنج دۆلارمان بۆ نەینی پێنج دۆلارەکە هەقی ئەو کارتەیە وا بەقسە لەگەڵ تۆی سەرف دەکەین و ئەگینا کوڕەکەت دەکوژین". کە وتم: "بۆ من حەمەد قەدۆم؟! من بەچی تێدەگەن؟!". وتی: "خۆت لەخەتی گێلی مەدە تۆ لە کۆشک و تەلاری خۆش دەژی، سەیارەی ئاخیر مۆدێلت لە ژێرە و بارزگانێکی گەورەی جا دوو دەفتەر بۆتۆ وەکو دوو دۆلار وایە کە هیچ قیمەتی نییە و قەناعەتمان وایە رەنگە رۆژێ بە دەفتەرێک قازانج نەڵێی پارە....". نەمهێشت قسەکانی تەواو بکات: "برا بڕوا بکە تۆ بەهەڵە لەمن

گەیشتووی، من ئەو کەسە نیم وا بەدوایدا دەگەڕێن". کابرا بە تووڕەییەوە بەسەری راخوڕیم: "بەخوای خەیاڵت خاوە بەو قسانە کڵاومان بنێیتە سەر و کەرمان بکەی ئێمە ناونیشانی تەواوی تۆمان وەرگرتووە و بەبەلاش ئەو ئیشەمان نەکردووە". دووبارە دامەوە قاقای پێکەنین و وتم: "کاکە گیان بەخودای بەهەڵە کوڕی منتان رفاندووە من کابرایەکی هەژارو کرێچیم، نان لە ماڵمان نییە بیخۆین، هەموو رۆژێ دەچمە کرێکاری ئەوجا هەر بایی ئەوەندەم دێتە دەست کرێی خانووەکەی لێ بدەم و ئەویتر نەژێ و نەمرێیە بە خواردنی بدەین و بیخۆین، رەنگە باوەڕ نەکەی ئەگەر بڵێم ریازی کوڕم ئەمساڵ بە یەکەم دەرچوو، چەندی گریاوە تا پایسکیلێکی بۆ بکرم کە پارە نەبێ بەچی بۆی بکڕم، ئێستاش ئەگەر بەتەمای منن پارەتان بدەمێ گەردەنتان خۆش و ئازابێ چی لێ دەکەن؟! دەیکوژن، دەیبەخشن، چی لێ دەکەن لێیبکەن". بەجۆرێ قسەم لەگەڵی کرد، کابرا خۆی بۆ نەگیرا

دەستی کرد بە گریان و یەکسەر تەلەفۆنەکەی لەسەر داخستم. دەستم ئیشی نەگرت، تاسام، حەپەسام بەناچاری لە جێوە هەڵکوڕمام جگەرەیەکم ئاگردا و پاش تاوێکی باش، بەناچاری روخسەتم لە وەستاکە وەرگرت و لەبەر بێ پارەیی هەر بەپێ گەڕامەوە ماڵ نزیکی سەعاتێکم پێ چوو، کاتێک چوومەوە ماڵ تەماشا دەکەم خێزانەکەم دەستی داوەتە سۆندە و لە ریاز دەدا بەتووڕەییەوە بەسەری دەنەڕێنێ: "تۆ درۆ دەکەی، دەبێ بۆمی بسەلمێنی ئەو پارە زۆرەت لە کوێ دزیوە، ئەو پایسکیلەت لەکێ کڕیوە هاواری دەکرد و لەبەری دەپاڕایەوە دەیگوت: "دایە گیان تۆبە توخوا لێم مەدە بەخوای دوو کابرا بوون منیان کردە ناو سەیارە و چاویان بەستامەوە هەر ئەوانە ئەو پارەیەیان دامێ و ئەو شتانەیان بۆ کڕیم". خێزانەکەشم وەک گاڵتەی بەو قسانە بێ زیاتر بەسۆندە لێی دەداو دەیگوت: "دیارە ناتەوێ ئیعتیراف بکەی هەی بێ ئەخلاق هێشتا هۆقەیەک

گووی وشکت بە قوونەوەیە ئەوجا دزیم بۆ دەکەی". لە دوورەوە لە ژنەکەمم راخوڕی و گوتم: "ژنەکە بەسسە، بەس لێی بدە کوڕەکەت درۆ ناکا". ژنەکەم دەستی لە لێدانی هەڵگرت و رووی وەرگێڕا، بەچاوێکی دەرپۆقەوە گوتی: "ئەوە چییە؟! ئەوە تۆش دەتەوێ بەرگری لە دز بکەی؟!" کێ بەو دوعایە دەڵێ ئامین دوو کەس بیرفێنن و پاشان ئەو شتانەی بۆ بکڕن؟!". بەسەرهاتی تەلەفۆنەکەم لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە، کە ئەو منداڵەی ئێمەیان بە هەڵە رفاندووە دواتر کەبۆم روونکردەوە من ئەو کەسە دەوڵەمەندە نیم بزانە چۆن بەزەییان بەحاڵیدا هاتۆتەوەو ئەو شتانەیان بۆ کڕیوە". خێزانەکەم هەستی بە شەرمەزارییەکی زۆر کرد رووی وەرچەرخاند توند باوەشی لە ریازدا و کەوتە ماچکردنی ئەو رووومەت و ئەو رووومەتی کە وتی توخوا لێم ببوورە. خۆی بۆ نەگیرا فرمێسک لە چاوانیدا فوارەی بەست و دەستی کردە گریان.

**شاخەوان عەلی حەمەد**

## زۆری دۆبلاژ کراوەکان لەڕاگەیاندنەکانی کوردی

# بەڕێوەبەری نیگا تیڤی: درامای کوردی نە دەتوانێ لە دایک بێ نەدەتوانێ سەرکەوتووبێ

ئا:ئاڵان ئازاد خۆشناو*


هێرش یوسف


ئالان کەریم بایز


محەمەد جەلال


بڵند مەهابادی

لەم چەند ساڵەی ڕابردوو وئێستاش خەڵکی کوردستان بایەخێکی زۆریان داوە بە بەرهەمی دۆبلاژ کراو وەکو وڵاتانی تر، کە ئەمەش بەهەنگاوێکی چاک دادەندرێت لەمەیدانی ڕاگەیاندنی کوردیدا، تارادەیەکیش پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە. کاتێک سەیری کەناڵە کوردییەکان دەکەین ڕۆژانە بەرهەمێکی زۆری دۆبلاژکراو دەبینین هەرلە زنجیرە دراماو فیلم و بەرهەمی منداڵان، تەنانەت گۆرانیش. کە ئەمانە تارادەیەک سوودێکی زۆر بەخەڵک دەگەیێنن بۆ شارەزابوون لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی تر، تێگەیشتنی زمان و شارەزابوون لە داب و نەریتی یەکتری، تارادەیەک سوودێکی چاکیشی بەراگەیاندنەکانی خۆمان گەیاندووە بەپڕکردنەوەی ئەوبۆشاییەی کە ئێستا لەبەشێکی زۆری کەناڵەکاندا هەیە.

هێرش یوسف بەڕێوەبەری گشتی نیگاتیڤی"یە و بە دامەزرێنەری یەکەم کەناڵی ئەهلی دادەندرێت لەشاری هەولێر، هێرش وەک کەسێکی خاوەن ئەزموون بەم جۆرە باسی لە ڕەوشی هونەری راگەیاندنی کوردی و زۆری بەرهەمی دۆبلاژ کراو کرد لەکەناڵە کوردییەکان"(سەبارەت بەهونەری راگەیاندنی کوردی پێشکەوتنێکی چاکی بەخۆوە بینیوە بەتایبەتی لەبواری دەنگی نەوەک لەبوای نواندن واتا دەنگ و ڕەنگ، چونکە لە بواری دەنگی کاری زۆری لەسەرکراوە بەرهەم دۆبلاژ دەکرێت و پەخش دەکرێت، بەڵام لەبواری دەنگ و ڕەنگ واتا دراما یان فیلمی کوردی زۆر لەسەرخۆین بەبەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی تر، زۆر لەدواوەیە کە دەبوو لە پێشەوەی هەموویان بووایە، بەڵام بەداخەوە زۆر لەسەرخۆ هەنگاو دەنێت، ئەمەش هۆکارەکەی لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تێچوونی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی دەنگی.

هەروەها گوتیشی پەنابردنە بەر دۆبلاژ ئەوە نییە کە مانای ئەزمەی بەرهەم بێ لە وڵات دا یان ئەزمەی نواندن یا دراما. زۆر وڵات هەیە بەرهەمی خۆشی گەلێک زۆرە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دۆبلاژیشی هەیە، ئەمە ئاساییە لەپێناو گۆڕینەوەی فەرهەنگ و دروستکردنی پەیوەندی هونەری لەنێوان وڵاتان.

دەربارەی ئەوبەرهەمانەی کەلەکاتی دۆبلاژ کردندا تێکستەکەیان دەگۆڕدرێ و مانا ئەسڵیەکەی خۆیان لەدەست دەدەن، هێرش گووتی: ئەمانە جۆرێکن لە بێ ئینسافی شێواندنی هونەری راگەیاندن، بەڵام دەربارەی کەناڵەکەی ئێمە هیچ جۆرە کارێکی لەم شێوەیە نییە، چونکە ئەوە ئیشی ئێمە نییە وەکو دەزگایەکی رۆشنبیری جیای دەکەینەوە لەو ستۆدیۆیانەی کە لەماڵان و بازاردا هەیە، ئێمە وەکو کەناڵێک ڕەنگە لەکاتی پەخشکردنی فیلمێک یان بەرهەمێک بەسەدان خەڵک و خێزان بەدیارییەوە دانیشێ، ئێمە دەبێ ڕەچاوی جەماوەر بکەین ناکرێت شتەکان بەئارەزووی خۆمان دەستکاری بکەین. بەو جۆرەی وەری دەگرین بەم جۆرە بڵاوی دەکەینەوە .

سەبارەت بە مەبەستی ئێمە لەبەخشکردنی زنجیرەدراماکانی بیانی تورکی کۆری و ئەمەریکی هیچ مەبەستێکمان نییە، بەڵام ئێمە بە پێی ناوەڕۆک کاردەکەین کام زنجیرە ناوەرۆکی لەگەڵ ئێمە بگونجێ ئەوە ئێمە ئەوە پەخش دەکەین.

بۆچی لەبری ئەوەی بەرهەمی بیانی دۆبلاژ دەکرێت وپەخش بکرێت پەرە بە بەرهەمی ناوخۆ نادرێت، هێرش گووتی (درامای کوردی نەدەتوانێ لەدایک بێ نەدەتوانی سەرکەوتوو بێ)

لەبەرئەوەی بازاڕی کوردستان بازارێکی بچووکە وەکو بازاری وڵاتانی تر نییە، درامایەک بەرهەم دێ بە سەدان شەریکە پارە دەدەن بۆ ئەوەی ریکلامیان لەم بەرهەم و وڵاتەدا دابەزێ. ئەوەسووچەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئێمە دەرهێنەرمان نییە یان ئەکتەری چاکمان نییە، بەڵام دەرهێنەر دەتوانێت تەنها دەرهێنان بکا ناتوانێت هەوڵ بدات پارە پەیدابکات، ئەکتەر دەتوانێ دەور ببینێ، بەڵام بەخۆڕایی کار ناکات، لێرەدا بازار بچووکە و دراما نافرۆشرێت.

بلّندمهابادی بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەی ڤی لاین و تەلەفزیۆنی نیولاین دەربارەی ڕەوشی دۆبلاژ لە هەرێمی کوردستاندا گووتی: بەپێی ئەو تەمەنە کورتەی دۆبلاژ لەو بازارە تەسکەی کە لە هەر سێ شاردا خۆی دەبینێتەوە مستەوای دۆبلاژ مستەوایەکی زۆر زۆرباشی هەیە، ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ دۆبلاژی وڵاتانی دیکە ڕاستە جیاوازی هەیە لەڕووی پێشکەش کردنی دەنگ و کوالێت و تەکنیکەوە، بەڵام مستەوایەکی زۆرباشی هەیە.

بلند گووتیشی ئێستا راگەیاندنە کوردییەکان بەشی زۆری پەنایان بردۆتە بەر دۆبلاژ، ئەمەش هۆکاری زۆرە یەکێکیان پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە لە راگەیاندنەکاندا هەیە جا بۆشایی بەرهەمە یان درامایە یان بەرنامەیە، دووەمیان تێچوونە تۆزنجیرەیەکی ١٢٠ ئەڵقەیی دۆبلاژ دەکەی ڕەنگە ٢ دەفتەری تێ نەچێ، بەڵام کە تۆ زنجیرە درامایەک بەرهەم دەهێنی ڕەنگە بە١٠ دەفتەریش تەواو نەبێ، ڕەنگە ئەو کوالێتیەشی نەبێ لەڕووی دەنگ و سیناریۆ و تێکست کەزنجیرەیەکی بیانی هەیەتی.

سەبارەت بەچۆنیەتی بەدەست هێنانی ئەم بەرهەمانەش گووتی ئێمە لەگەڵ کەناڵە سەتەلایتەکانی دەرەوەو ناوەوە کارمان کردووە و لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی دەرەوە بەرهەممان کڕیوە و دۆبلاژمان کردووە داومانەتە سەتەلایتەکان، بەڵام بۆ کەناڵە لۆکاڵییەکان بەرهەم وەرناگیرێ، بەڵکو لە کەناڵە سەتەلایتەکاندا وەردەگیرێ و کۆپی دەکرێت یانیش لەدەرەوە بەنوسخەیەکی ٥٠$ دۆلاری بۆمان دێت یانش لەبازار پەیدای دەکەین.

بلند گووتیشی دەربارەی گۆڕینی دەقی ئەم بەرهەمانەی کەکڕیومانە تارادەیەکی سنووردار مافی خۆمانە دەستکاری دەقەکەبکەین ئەمە لەستەلایت بەڵام لەکەناڵەکانی ناوخۆ ئەمەنییە چونکە مادام بەرهەمەکە وەرگیراوە نەکراوە ئەوە دەتوانم تێکستەکە بگۆڕم جوانترو بەسوودتر بێت و زیاتر خۆماڵی تربێ.

سەبارەت بە وەڵامی ئەو قسانەی کەلای بەشێک لەخەڵکان هەیە دەڵێن ئەم بەرهەمانە لەگەڵ ئێمە ناگونجێ ووتی مەرج نیە سەداسەد لەگەڵ خۆمان بگونجێ وابزانم هیچ سوودێکی نییە بەم جۆرە ئەوەندەی دەگونجێنین کەدژی نەتەوەکەی خۆت نەبێ و دژی ئاداب و تەقالیدی تۆ نەبێت.

محەمەد جەلال جێبەجێکاری دەنگی لە کۆمپانیای ئەی ڤی لاین گووتی (زۆری بەرهەمی دۆبلاژکراو لەکەناڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان نەبوونی زنجیرە درامای کوردی یاخود فیلمی کوردییە، فیلمی کوردی جاران زۆر زۆر باشتر بوو لە ئێستا، کە ئێستا بەرێژەیەکی زۆر پاشەکشەی کردووە، پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری و حکومەت بایەخ و گەرم و گوڕی بەم بوارە بدات و بتوانێت زنجیرە دراما یاخود فیلمی کوردی بەرهەم بهێندرێت بۆ ئەوەی کوردیش تارادەیەکی باش لەکاری ئەم دۆبلاژ کردنە رزگاری بێت، چونکە بەراستی سەراپای کوردستانی گرتۆتەوە.

ئالان کەریم بایز گووتی ئەگەر ئێمەی بینەر سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان نەکەین ئەی سەیری چی بکەین، نە زنجیرەیەکی کوردی هەیە نە فیلمێک. وابزانم ئەمە شتێکی ئاساییە بۆ کورد و پێویستیشە بۆی لەکاتێکدا میسر خاوەن ئەو هەموو بەرهەمە سینەماییەو زنجیرە درامایەیە، سەرەڕای ئەوەش دێ زنجیرەی تورکی دۆبلاژ دەکات بۆکورد نەیکا. بەرهەمە دۆبلاژکراوەکان لای من کارێکی باشە چونکە ئەوەیە کە شارەزای کەلتوری وڵاتانی تر دەبی.

ئەگەر هەروا بەرهەمی دۆبلاژ کراو لەکوردستاندا زۆر بێ تەنها کەناڵەکان داگیر ناکات، بەڵکو بگرە هێدی هێدی بەرهەمە کوردییەکان کەم دەبنەوە لەناودەچن دەبێ وەزارەتی رۆشنبیری چ کاردانەوەیەکی بۆ ئەم بابەتە هەبێ و پلانی چی بێ.

*** دەرچووی بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ٢٠٠٩-٢٠١٠**


دیمەنی یەکێک لە دراما دۆبلاژکراوەکان

# ئایا کچانی دەرچووی ڕاگەیاندن، تاچەند ئامادەن خزمەت بەبوارەکەیان بکەن؟

ڕێزان سادق عومەر*

ئاشکرایە ڕاگەیاندن وەک دەسەڵاتی چوارەم، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بووەتە بەشێکی گرنگ لەژیانی هەر تاکێک، ئافرەتان وەک چینێکی دیاری کۆمەڵگا بەدەر نین لەکارکردن لەم بوارەدا، بەمەبەستی خزمەتکردن و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە بەنەبوونی ئافرەت لەڕاگەیاندنەکاندا دروست بووە، گەیاندنی پەیامی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی دروست پێویستی بەکادیرانی شارەزا و ئەکادیمی هەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی و دوور لە هەڕەمەکی خزمەت بەم بوارە بکەن، چونکە گومانی تێدانییە هەر پەیامێک کە ئاڕاستە دەکرێت شوێنکاری جیا بەشێوەیەکی خراپ یاخود باش لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵێ، بەڵام ئایا ئەکادیمی بوون بەبێ بوونی ئارەزووی کارکردن لەم بوارەدا، دەتوانێت خزمەت بەڕاگەیاندن بکات؟ سەبارەت بەوەی کە تا چەند کچانی دەرچووی ڕاگەیاندن ئامادەن دوای دەرچوونیان لە ڕاگەیاندندا کاربکەن، بۆچوونی چەند دەرچوویەک و سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر دەخەینەڕوو..

(سەیران) یەکێکە لەو دەرچووانەی کە ئامادەنییە لە بواری ڕاگەیاندندا کاربکات، بەم جۆرە باس لەهۆکاری کارنەکردنەکەی دەکات و دەڵێت:(بەحەزی خۆم لە ڕاگەیاندن وەرنەگیراوم و بەهیچ شێوەیەک ئامادەنیم دوای دەرچوون لەبواری ڕاگەیاندندا کاربکەم، چونکە وادەزانم ئەو کارە لەتوانای مندا نییە، بەهۆی بوونی ئەو هەموو گەڕان و ماندووبوون و سەرئێشەیەی کە لەوپیشەیەدا هەیە، پێشموایە ئەو کارە زیاتر بۆ کوڕان گونجاوە نەوەک بۆ کچان).

یەکێکی دیکە لە دەرچووان کەبەبێ ئارەزووی خۆی لەڕاگەیاندن وەرگیراوە و ئامادەیە لەبواری ڕاگەیاندندا کاربکات، (نوسەیبە عەزیز)ە دەڵێت :( زۆر دڵگران بووم بە وەرگیرانم لەبەشی ڕاگەیاندن، چونکە ئەوەی بیرم لێی نەکردبووەوە ڕاگەیاندن بوو، کەچی بەناچارییەوە بەردەوام بووم لە خوێندن، بەڵام لەماوەی ئەو دووساڵەی خوێندندا حەزی کارکردنی ڕاگەیاندنم لەلا دروست بوو، لەبەرئەوە بەنیازم لەداهاتوودا لەیەکێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاربکەم، بەئومێدی ئەوەی بتوانم گەنجان ڕزگاربکەم لەو گێژاوەی کە لەم ڕۆژگارەدا تێیکەوتوون).

دکتۆر (دلێر ئەحمەد) سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، هۆکاری کارنەکردنی دەرچووانی ڕاگەیاندن لەبوارەکەیاندا دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕەچاونەکردنی ئارەزووی قوتابیان لەکاتی وەرگرتنیاندا و دەڵێت:(ئەو قوتابیانەی کە ساڵانە لەڕێگەی فەرمانگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیانەوە ڕەوانەی لای ئێمە دەکرێن، تاک و تەرایان نەبێت ئارەزوویان لەم بەشە نییە، چونکە لەکاتی وەرگرتنیاندا ڕەچاوی حەزەکانیان نەکراوە، ئەمەشە وایکردووە کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێکی زۆر لەدەرچووانی بەشەکەمان ئامادەنەبن بچنە ناو بواری ڕاگەیاندنەوە، بەڵکو بەفەرمانبەر لە دامودەزگاکانی حکومەت کاردەکەن).

هەرلەبارەی کارکردنی دەرچووانی ڕاگەیاندن لەبوارەکەیاندا (جوان جەمیل)یش وەک دەرچوویەک قسەی خۆی هەیەو دەڵێت:(بە وەرگیرانم لە بەشی ڕاگەیاندن زۆر دڵخۆش بووم، چونکە بەرلەوەی لەو بەشە وەربگیرێم لەڕاگەیاندندا کارم دەکرد، زۆر حەزیشم دەکرد لە شوێنێک وەربگیرێم کە پەیوەندی بە کارەکەمەوە هەبێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی شارەزای شتەکان بم، نەوەک بەهەڕەمەکی کاربکەم، بەهۆی ئەم حەزەشمەوە بڕیارم داوە لەداهاتوودا درێژە بەکارکردنم بدەم لەبواری ڕاگەیاندندا).

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم کارکردنی ئافرەتان لەڕاگەیاندندا، بوونی هەندێ لە بۆچوونە هەڵەکانی ناو کۆمەڵگایە، کە ئەو بۆچوونانە زۆر جار وا لە تاکی کۆمەڵگا دەکات دەستبەرداری بەشێک لە ئارەزووەکانی بێت، وتەکانی (خەرمان بورهان)یش بەڵگەیەکە بۆ ڕاستی ئەم قسانە، کە دەڵێت:(لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ئارەزووە زۆرەی کە بۆ ڕاگەیاندن هەمە، بەڵام بەنیاز نیم لەم بوارەدا کاربکەم، چونکە ئەو ئافرەتەی کەلە ڕاگەیاندن کار بکات، لە کۆمەڵگادا تێڕوانینێکی خراپی بۆ دەکرێت، بەشێوەیەک سەیری دەکرێت وەک ئەوەی کارێکی خراپ و نەگونجاوی کردبێت، بەتایبەتیش ئەگەر لە شاشەی تەلەفزیۆن بەدیار بکەوێت، ئەمەش هۆی تێنەگەیشتنە لەو ڕاستییەی کە ڕاگەیاندن کاری خزمەت کردنی خەڵکە، ئەو کەسەشی کە لە ڕاگەیاندن کار دەکات ئەوە ئامانجەکەیەتی نەوەک کات بەسەر بردن).

سەبارەت بەوەی تاچەندهەوڵیانداوە ئەو قوتابیانە لە ڕاگەیاندن نزیک بکەنەوە، کە ئارەزوویان لەم بەشە نییە، دکتۆر (دلێر ئەحمەد) گوتی:(ئەوەی لەتوانامان دا بووبێت کردوومانە،بۆ ڕەچاوکردنی ئەو قوتابیانەی کە خولیایان لەم بەشە نەبووە، ئەوەی زانیومانە و پێمان بووە، وەک کوردەواری دەڵێ ئەوەی لەهەگبەکەماندا هەبووە خاڵیمان کردۆتەوە بۆ قوتابیان، بەو ئامانجەی کە ئەوەی حەزی لێنەبووە، هەر هیچ نەبێ ئەگەر زۆریش نەیەتە سەر خەتی ڕاگەیاندن نزیکی بخەینەوە لەخەتەکە، بەڵکو بەئومێدی ئەوەی لە دوارۆژدا کارمەندێکی باشی لێدەربچێ)،

هەروەها گوتیشی: (لەو ماوەیەدا تارادەیەک هەوڵەکەمان سەرکەوتوو بووە، چونکە قوتابی واهەبووە دوور و نزیک حەزی لەئیشەکە نەبووە، بەڵام لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا لەڕێگەی توانای مامۆستاکانەوە، تواندراوە وای لێبکرێت حەزێکی لەلا دروست بکرێت، ئێستاش لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا کاردەکات، بەڵام ئەو قوتابییەی بەتەواوی باوەڕی وابووە کە ئەو بۆ ڕاگەیاندن دروست نەبووە و ناشتوانێت کاری تێدا بکات، سەرباری ئەو هەموو هەوڵەی کەلەگەڵی دراوە نەبووە بەکادیری ڕاگەیاندن، بەڵکو لەدەزگاکانی حکومەت بەفەرمانبەر کاردەکات).

بۆ ڕەچاوکردنی ئارەزووی قوتابیان و زیاتر خزمەت کردن بەڕاگەیاندن بۆ پێگەیاندنی کادیرانی سەرکەوتوو، بڕیارە لەم ساڵەوە بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، تەنها ئەو قوتابیانە وەربگرێت کە بەحەزی خۆیان دێنە ئەم بەشەوە، سەبارەت بەم بڕیارە دکتۆر (دلێر ئەحمەد) دەڵێت:(بۆ ئەوەی ئێمە لەو قەیرانە دەربچین، قوتابیانیش ڕەچاوی ئارەزووەکانیان بکرێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان پێمان باش بوو بۆ خوێندنی ساڵی (٢٠١٠-٢٠١١) سیستەمی وەرگرتن بگۆڕین، ڕێککەوتین بەوەی کە ئێمە لای خۆمانەوە فۆڕم دابەش بکەین، ئەو قوتابیانەی کەئارەزوویان هەیە لەم بەشەدا بخوێنن، دەتوانن بێن فۆڕم وەربگرن و خولیا و ئارەزووەکانیان لەم بەشەدا مومارەسە بکەن، بەمەرجێ کۆ نمرەکەیان لە (٦٠) کەمتر نەبێت).

لەم ڕیپۆرتاژەدا دەردەکەوێ کەلەساڵانی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیان بەبێ ڕەچاوکردنی ئارەزوویان ڕەوانەی بەشی ڕاگەیاندن کراون، ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆریان ئامادە نەبن خزمەت بەبواری ڕاگەیاندن بکەن، بەڵام بەهۆی ئەم بڕیارە تازەوە چاوەڕوان دەکرێت لەداهاتوودا ژمارەیەک لەکادیرانی سەرکەوتووی ڕاگەیاندن لەم بەشەدا پێبگەیەندرێن، دیارە هەر ئەوەشە بۆتە هۆی دەرچوونی ئەو بڕیارە،کە ئیدی پێویستە هەموو خوێندکارێک بە ئارەزووی خۆی کاربکات و لەو بوارەی خۆی دەیەوێ بڕوانامە بەدەست بێنێ.

*** دەرچووی بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ٢٠٠٩-٢٠١٠**

BEDIRXAN

Hefitenameyekî Hunerîy Rojnamewanîy Giştîy Azade. Jimare (0)î le 22/10/2000 da Derçuwe

# Sînemxan Bedirxan Nexşerêya Bedirxaniyan Yekitiya Kurd û Kurdistane

Roja 29.06.2010 demjimêr 12:00 a nîvro, li hola civîna Mala Swêdiyan(Sweden House) a li Washingtona paytexta Wîlayetê Yekgirtiyên Emerîka bi navê ji Kurdistan berev Emerîka ve festîwala Bedirxaniyan7. bi beşdariya çendîn siyasetmedar û rewşenbîrên biyanî û Kurd birêve çû.

Di destpêka festîwalê de siruda Bedirxaniyan ya bi navê (Bedirxanî Xakperwerim Rojnamenusî Rêberim) hate xwendin û piştî wê Qubad Talebanî Nûnerê Hikûmeta Herêma Kurdistan li Wîlayetê Yekgirtiyên Emerîka bi axaftineke kurt festîwalê destpêkir. Talebanî di destpêka axaftina xwe de nûçeyeke nexweş(Nûçeya koçkirina Azad Sidiq) gihand beşdarvanan û bi amadebûna beşdarvanan peyama xwe ya serxweşiyê gihand malbata Sediq.

Her wiha Qubad Talebanî di derbarê vê festîwalê de got: Em dixwazin Kurdistanê bi awayeke çandî û hunerî li rêya nûnertî û Kurdên li Emerîka bidin nas kirin û ji bo vê mebestê jî Birêvebiriya beşa Çandî û Huneriya Nûnertiya Hikûmeta Herêma Kurdistan li Wîlayetê Yekgirtiyên Emerîka xwest festiwala Bedirxaniyan7. li Washington saz bike. Her wiha Talebanî da bi zimanê Kurdî û Ingilîzî da zanîn ku dê bi mebesta nasandina Kurdistanê de xebatên xwe yê bi vî awayî bidomînin.

Piştî axaftina Talebanî


Sînemxan Bedirxan

firavîneke Kurdewarî pêşkêşî mîhvanan û beşdarvanên festîwalê kirin.

Li beşa duyema festîwalê de Feryal Haco bi navê Sînemxan Celadet Alî Bedirxan, peyama wê ya Festîwala Bedirxaniyan7. xwend ku eve jî naveroka peyama Sînemxan Celadet Ali Bedirxane:

Ji Hewlêra Paytext Silavekî Germ!

Beşdarvanên birêz û lîjneya amadekarê Festîwala Bedirxaniyan7.

Bi mixabinî ji ber rewşa tendirustiya xwe ya nebaş, min nekarî li gel we beşdarî vê festîvala pîroz bikim. Her çende niha ez ne li gel we jî bim, lê bizanibin ku dilê min bi we re ye û ez jî wekî we dilgermî û coşiya vê festîvalê li Hewlêra Paytexta Herêma Kurdistanê bi we re dijîm.

Helbet wekî Bedirxaniyek, ez naxwazim li vir behsa kar û çalakî û rola Bedirxaniyan ya tevgera rizgarîxwaziya gelê Kurd da bikim. Lê belê ez dixwazim wekî têbîniyek bi bîr bînim ku nexşerêya Bedirxaniyan li ser Yekîtiya Kurd û Kurdistanê hatiye dariştin. Di dema Mîr Bedirxan de, xebata wî ya yekîtiya Kurdan li gel mîrekên dinên Kurdistanê destpêkir û piştî têkçûna wî ya li gel Osmaniyan, kur û neviyên wî jî li ser wê nexşerêya yekîtiyê xebitîn û berhemên xwe yên giranbiha, ji bo vê yekîtiyê pêşkêşî gelê Kurd kirin.

Derxistina rojnama Kurdistan, kovara Hawar, Ronahî, Roja Nû û Stêrk delîla vê nexşerêyêne. Her wiha gotina Rewşen Bedirxan ya: (Yekîtiya Kurdan bide min, ezê Kurdistaneke azad bidim te.) eşkere kirina vê nexşerêya yekîtiyêye. Hêvîdarim ku em hemû bi pêkve vê yekîtiyê geş bikin û bidomînin.

Li vir ez dixwazim ji bo alîkarîkirina ji nûve çapkirina berhemên Bedirxaniyan sipasiya birêz Celal Talebanî Serok Komarê Iraqa Federal û xanim Hêro Îbrahîm Ehmed Xanima Yekema Iraqa Federal û birêz Nêçîrvan Barzanî Cîgirê Serokê Partiya Demokrata Kurdistan bikim. Ji ber ku bêyî alîkariya wan ev berhem nedihatin çapkirin.

Ez dixwazim spasî û destxweşiyeke taybet ji bo Kak Qubad Talebanî Nûnerê Hikûmeta Herêma Kurdistan li Wîlayetê Yekgirtiyên Emerîka bikim ku Festîvala Bedirxan 7. li Washington saz kirin.

Li vê festîvala rêzgirtina Bedirxaniyan de, ez spasiya Hemîd Ebubekir Bedirxan dikim ku bi berdewamî derxistina rojnama Bedirxan û ji sala 2004 ve rêkxistina festîvalên Bedirxaniyan de ked û xebateke mezin kiriye. Ez hêvî dikim ku Festîvala Bedirxaniyan 7. jî wekî wan festîvalên din bi awayekî rêk û pêk bête saz kirin.


Firyal Haco

Her wiha spasî lîjneya amadekar û spasî hemû beşdarvanan dikim ku ji her deverên cîhanê bi beşdariya xwe reng û xweşiyê dane vê festîvalê.

**Li gel silavên germ**

**Sînemxan Celadet Bedirxan**

Piştî xwendina peyama Sînemxan Celadet Ali Bedirxan, bi navê Dezgeha Çap û Weşanên Bedirxan Hemîd Ebubekir Bedirxan di derbarê kar û çalakiyên dezgeha Bedirxan û derbarê sazkirina festîwalên Bedirxaniyan axaftinek pêşkêş kir.

Bedirxan li gel çap û belavkirina rojnameya Bedirxan bi kurtî behsa çapkirina berhemên dezgeha Bedirxan kir û paşê armanca sazkirina festîwalên Bedirxaniyan ji bo beşdarvanan xiste rû û Bedirxan got: Armanca me eweye ku em pêwendiyek di navbera çand û kultura gelê Kurd û gelên cîhanê de pêkbînin û bi vê mebestê jî her sal em festîwalên xwe li derveyê Kurdistanê saz dikin.

Di dema amadekirina vê nûçeyê de festîwal berdewam dikir û ji bo vê yekê jî emê nûçeya berdewamiya festîwalê di demeke pêşde dîsa belav bikin.


Dimenêk le 7 Festivali Bedirxan le Washinton



# ئەمریکا ... دنیای شتە یەکجار جیاوازەکان

## مۆزەخانە و ئەرشیفخانەکانی ئەمریکا



یەکێک لە تابلۆ دانسقەکانی مۆزەخانەی هونەری نوێی ئەمریکی



کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی - ٢٠١٠/٧/١٣

**د. ئازاد حەمە شەریف**

ئەوەندەی مۆزەخانە و ئەرشیفخانە لە ئەمریکادا هەن باوەڕناکەم لە هیچ وڵاتێکی دیکەی دنیا هەبێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەمریکای بێ مێژوو دەیەوێت مێژوویەکی بایەخدار بۆ خۆی و نەوەکانی دوارۆژ دروست بکات. لە واشنتۆن مۆزەخانە لە رادەبەدەر زۆرن. هەر لە مۆزەخانەی خانوو و ماڵی (جۆرج واشنتۆن) و (لینکۆلن)ەوە بگرە تا دەگاتە مۆزەخانەی مۆمی (مادام توسۆز) و مۆزەخانەی (فڕینکاری و بۆشایی ئاسمان) و مۆزەخانەی نەتەوەیی (ژنان لەبواری هونەر)دا و مۆزەخانەی (هونەری نوێ ی ئەمریکی و پۆرترێت) و مۆزەخانەی (مێژووی سروشتی) و مۆزەخانەی (یادگارەکانی هۆڵۆکۆست)مۆزەخانەی (سیخوڕکاری) و مۆزەخانەی (نوچە و هەواڵ) و مۆزەخانەی نەتەوەیی (تاوان و سزا)و ... هتد. لێرە بەدواوە زۆربەخێرایی گەشتێک بەناو مۆزەخانە و ئەرشیفخانەکانی ئەمریکادا دەکەین، ئەگینا باسکردنی هەریەکێک لەوان وتارێکی دوورودرێژی پێویستە.

### ١- مۆزەخانەکانی ئەمریکا

**١,١ مۆزەخانەی (مادام توسۆز)**

یەکێک لە مۆزەخانە هەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکایە کە بە شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێن پەیکەری مۆمینی هەموو ناودارانی ئەمریکات پێدەناسێنێت. هەر لە سیاسەتمەداران و سەرۆکەکانی ئەمریکاوە بگرە تا دەگاتە ئەستێرە دیارەکانی بواری وەرزش و مۆسیقا و سینەماو بزاڤی کۆمەڵایەتی و... هتد. لەوێدا هەر لەبەردەرگاوە تووشی سەرسوڕمان دێیت کە پەیکەرێکی گۆرانیبێژی پۆپ (مایکڵ جاکسن) لەبەردەمت قیت راوەستاوە. ئەم پەیکەرە مۆمینانە هێندە هونەرییانە دروستکراون هەردەڵێ راستییە. لە ژوورەوەی مۆزەخانەکەشدا پەیکەری جۆرج واشنتن، لینکۆڵن، جێفرسن، کلینتن، بۆش، تا دەگاتە ئۆبامای سەرۆکی ئێستا دەدۆزیتەوە. لە بواری مۆسیقاشدا پەیکەری (ئێلڤیس پرێسلی) و (بیۆنسە) و دەیان ناوداری تر هەن. لەبواری وەرزشکاریشدا پەیکەری مۆمینی (تایگەر وودس) و (بێب رۆس) بەجوانترین شێوە دروستکراون. ئەمریکییەکان لەڕێگای ئەم پەیکەرانەوە ناو و ناوبانگ و بەسەرهات و یادەوەری گەورەپیاوانی خۆیان دەپارێزن. هەڵبەتە چوونەژوورەوەی ئەم مۆزەخانە بە پارەیە و دەستەکەوتێکی دارایی باش لەم مۆزەخانەوە پەیدا دەبێت.

**١,٢ مۆزەخانەی (فڕینکاری و بۆشایی ئاسمان)**

ئەمەش مۆزەخانەیەکی یەگجار سەرسوڕهێنی ئەمریکایە. مێژووی فڕینکاری بە وێنە و هەیکەلی ئەو فڕۆکە و مووشەکە ئاسمانییانە بە سەردانکەران ئاشنا دەکات. لەم مۆزەخانەیەدا بە قەبارەی جیا جیا هەر لە فڕۆکەی دووباڵەوە هەیە تا دەگاتە فڕۆکەی یەکباڵ و هەلیکۆپتەر و ئەو مووشەکانەی هەڵدراونەتە ئاسمان بۆ دۆزینەوەی نهێنی مانگ و ئەستێرەکان. رۆژانە قووتابییانی خوێندنگاکان دەستە دەستە و پۆل پۆل بەخۆڕایی سەردانی ئەم شوێنە دەکەن و شت لەبارەی ئەم زانستەوە فێر دەبن.

**١,٣ مۆزەخانەی نەتەوەیی (ژنان لەبواری هونەر)دا**

ژن و هونەری ژن مایەی بایەخ پێدانی گەلی ئەمریکایە. هەربۆیەش دەستکەوت و داهێنانەکانی ژنان بەدرێژایی مێژوو و هی هەموو نەتەوەکان لەمۆزەخانەیەکدا بەخۆڕایی پیشانی هونەردۆستانی دنیا دەدرێت. لەوێدا سەدان بەرهەمی جۆراوجۆری شێوەکاری، سیرامیکی، پەیکەرسازی و چنینکاری و ... هتد بەشێوەیەکی رێکوپێک، تاک تاکە یاخود بە کۆمەڵ لە هۆڵی جیاجیادا یان پێکەوە دڵ و دەروونی هونەردۆستان رۆشن دەکاتەوە.

**١,٤ مۆزەخانەی (هونەری نوێ ی ئەمریکی و پۆرترێت)**

لەم مۆزەخانەیەدا کە لە دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە دوو جۆرە هونەر خۆیان بە سەردانیکەران ئاشنا دەکەن. یەکەمیان هونەری



گوندی ئالقۆش لە مۆزەخانەی سروشتی

(پۆرترێت)ە کە هێندە دانسقە و جوان و هونەرین کە ناتوانیت بەئاسانی چاو لەیەکێکیانەوە بگوازیتەوە سەر یەکێکی تریان. ئەوەی تریش هونەری نوێیە بەگشتی کە هەر پەنایەک یان کەلێنێک یان هەیوانێک یان ژوورێک بۆ کارە هونەرییەکانی هونەرمەندێک یان گرووپە هونەرمەندێکی هاوشێوە تەرخانکراوە. لەپاڵ زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکاندا نووسینی فەلسەفییانەی پڕمانا و سەرنجڕاکێش هەن کەوا لەبینەران دەکات مێشکیان بکەوێتە جووڵەو بزاوت. بەرهەمە هونەرییەکان لە زۆر کەرەستە دروستکراون هەرلە قووڕەوە بیگرە تا دەگاتە کانزا و ریشاڵ و شووشە و تەختە. زۆر لایەنی هونەری نوێ ی ئەمریکی بە ئاشکرا کاریگەری هونەری کۆنی هیندییە سوورەکانی پێوە دیار ماوە. ئەمەش ئەگەر شتێکمان پێبڵێت ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەگەرچی زۆربەی هیندییە سوورەکان مردن، بەڵام هونەر شتێکی زیندوو و نەمرە.

**١,٥مۆزەخانەی (مێژووی سروشتی)**

لەم مۆزەخانەیەدا مێژووی گیانەوەر، باڵندە، خشۆک، ماسی، کرم، ڕووەک، کانزا، بەرد و هەرچی لەسەر خاکی ئەمریکادا هەیە، بەخۆڕایی پیشانی سەردانیکەران دەدرێت. وەنەبێت ئەم مۆزەخانەیە تەنها تایبەت بە ئەمریکا بێت، لەوێدا بە فیلم و بە تابلۆ و بە وێنە مێژووی عێراق و کوردستانیش هەیە. ئەشکەوتی شانەدەر و گوندی ئالقۆش جێگای تایبەتییان لەناو ئەم مۆزەخانەیەدا هەیە و رۆژانە سەدان سەردانیکەران دێنە ناو ئەم مۆزەخانەیە و لەوێدا زانیاری سوودبەخش بەخۆڕایی وەردەگرن.

**١,٦ مۆزەخانەی (یادگارەکانی هۆڵۆکۆست)**

نەتەوە زوڵملێکراوەکانی دنیا کە زۆر ستەمکارانە لەناوبراون بۆ خۆیان لە ئەمریکادا مۆزەخانەی بەسەرهاتە جەرگبڕەکانی خۆیان بەخۆڕایی پیشانی گەلانی دنیا دەدەن. لەهەموو میللەتانی دنیا چالاکتر بۆ پاراستنی یادەوەری و مێژووی پڕکارەساتی خۆیان نەتەوەی جوولەکەن. لەم مۆزەخانەیەدا سەدان بەڵگەنامەی وێنەیی چۆنیەتی لەناوبردنی جوولەکەکانی ئەوروپا پارێزراون. هەر لەوێدا چۆنیەتی لەناوبردنی کەمینەکانی یۆگۆسلاڤیا و رەشپێستەکانی (دارفۆر) بەفیلم و وێنە بە دۆکیومێنت کراون. بەڵام ئەوەی لەوێدا نەمبینی نەبوونی هیچ شتێک، بەڵگەنامەیەک، دۆکیومێنتێک بوو لەبارەی (جینۆسایدکردنی) کورد. کاتێک چوومە لای بەڕێوەبەری بەشی میللەتانی قڕکراو و لێم پرسی بۆچی هیچ شتێکتان لێرە لەبارەی ئەنفالی کوردان نییە، وەڵامەکەی ئەوەبوو کورد بۆ خۆیان کەمتەرخەمن و هیچیان لەسەرخۆیان لەوبارەیەوە ئامادە نەکردووە ئەگینا ئێمە هیچ لارییەکمان لەوبارەیەوە نییە. پرسیار: ئایا کاری وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانی کوردستان چییە؟

**١,٧مۆزەخانەی (سیخوڕکاری)**

ئەمەش بە مۆزەخانەیەکی گرنگی ئەمریکا دادەنرێت کە لەوێدا مێژووی سیخوڕکاری ئەمریکی و جیهانی و ئەو کەرەستە و کەلوپەلانە و ئەو رێگایانەی کە لەبواری سیخوڕکاریدا بەکاردەهێنرێن و فیلم و بەڵگەنامەی سیخوڕکاری پیشانی دەدرێن. ئەمەش یەکێکە لەو مۆزەخانانەی کە دەستکەوتێکی دارایی باشی لێدەکەوێتەوە چونکە چوونەژوورەوە لەوێدا بەپلیتە.

**١,٨مۆزەخانەی (نوچە و هەواڵ)**

ئەم مۆزەخانە تایبەتە بە جۆرەها نوچە و هەواڵ لەبوارە جیاجیاکانی رۆشنبیری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، هونەری و گەشتوگوزار و هتد. لەوێدا بەشێوەی فیلم، وێنە، دۆکیومێنت رووداوە زۆر گرنگە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە. لەو کەسایەتییە وەرزشییانەی کە لەم مۆزەخانەیەدا پیشان دەدرێن (مایکڵ گۆردن)، (سیرینا ویلیامز)، (محەمەد عەلی کلای) و هیتر. ئەوانەی (خەڵاتی پۆلیتزەر)ی ئەمریکیان لەبواری فۆتۆگرافی نووسین وەرگرتووە لەوێدا هەن. گۆرانیبێژە دیارەکان وەکو (ئێلڤیس پرێسلی) و (مایکڵ جاکسن) و هەواڵی هونەرییان لەم مۆزەخانەیە و چۆنیەتی دروستکردنی هەواڵ پێشکەش بە سەردانیکەران دەکرێت.

**١,٩ مۆزەخانەی نەتەوەیی (تاوان و سزا)**

ئەم مۆزەخانەیە تایبەتە بە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوان و چۆنیەتی ئاشکراکردنی تاوان لەئەمریکادا.لەوێدا بەسەرهاتی پڕکارەساتی تاوانباران و قوربانیان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێشکەش بە سەردانیکران دەکرێت لەپاڵ ئەو سزایانەی هەر تاوانبارێک شایستەیەتی بۆ کردنی هەر تاوانێک دژ بە خەڵکانی بەسەزمان و بێگوناه. چوونە ژوورەوە لەم مۆزەخانەیە بە پلیتە.

### ٢- ئەرشیفخانەکانی ئەمریکا

وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ئەمریکا وڵاتێکە زۆر بایەخ بەو کەمە مێژووەی هەیەتی دەدات بۆیە هەمیشە هەموو شتێک بە نووسراو هەڵدەگرێت و سەرەنجامیش بەم رێگایە بۆتە خاوەنی چەندان ئەرشیفخانەی گەورە کە لە دنیادا وێنەیان کەمە. لەوێدا لە کۆنترین دەستنووس وبەڵگەنامەوە تا نوێترینیان بەشێوەیەکی رێکوپێک پۆلینکراون و هەڵگیراون. ئەرشیفخانەی کتێبخانەی (کۆنگرێس) و ئەرشیفخانەی (نەتەوەیی) دووانن لە گرنگترین ئەرشیفخانەکانی ئەمریکا کە بارەگاکانیان لە (واشنتۆن دی سی) یە.

**٢,١ ئەرشیفخانەی کتێبخانەی (کۆنگرێس)**

ئەم کتێبخانە و ئەرشیفخانەیە لە ساڵی ١٨٠٠ دامەزراوە کە سەرەتا بایی ٥٠٠٠$ کتێب و نووسراوی تێدا بووە. بەڵام دوای ئەوەی ساڵی ١٨١٤ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە سووتێنراوە (تۆماس جێفرسن) کتێبخانە تایبەتیەکەی خۆی کە زۆر فراوانتر بوو لە کتێبخانە سووتێنراوەکەی جاران پێشکەش بە وێ کردووە و ئەم کتێبخانەیە سەرلەنوێ بۆژاوەتەوە. ئێستا ساڵانە ١,٦ ملیۆن کەس سەردانی ئەم شوێنە دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری بەخۆڕایی و لەوێدا مێژوو و کەلتووری هیندییە سوورەکان تارادەیەکی باش بەرچاو دەکەوێت.

رێکەوتی ٢٠١٠/٧/١٣ شاندی (دەزگای بەدرخان) بۆ جاری دووەم سەردانی کتێبخانەی (کۆنگرێس)ی کردەوەو هەر لەو سەردانەشدا (ئینسکلۆپیدیای هەولێر) و (شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی) و (رۆژنامەی کوردستان) و چەندین کتێبی دیکەی کوردی پێشکەش بەبەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کتێبخانەکە کرد کە زۆر بەسوپاسەوە ئەم دیارییانەیان لێوەرگرتین و بەڵێنی پەیوەندی و هاوکاری کەلتووری لەنێوان هەردوولا درا بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە کەلتوور و ناسنامەی کورد و کوردستان.

**٢,٢ ئەرشیفخانەی (نەتەوەیی)**

ئەم ئەرشیفخانەیە لە ساڵی ١٩٣٤ بە پێ ی بڕیارێکی یاسایی دامەزراوە کە سەرجەم بەڵگەنامە و دۆکیومێنتە گرنگەکانی ئەمریکا لەخۆ دەگرێت. لەنێوان ئەم بەڵگەنامانە گرنگترینیان بەڵگەنامەکانی (پەیماننامەی ئازادی)، (دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، (یاسای مافەکان)، (ماگنا کارتا)، (شەڕی ناوخۆ)، (مافی دەنگدانی ژنان)ن. هەڵبەتە هەموو ئەو بەڵگەنامانە لە چەکمەجەی قایم و تقەت پارێزراون و تەنها لەکاتی پێویست و لەسەر داواکاری پێشوەخت هەر هەمووی بەخۆڕایی دەخرێتە بەردەستی سەردانیکەران یان توێژەران.

**بەشی سێیەم**



د. ئازاد حەمە شەریف لەگەڵ پەیکەری مۆمینی مایکڵ جاکسۆن



باوەڕ دەکەی یان نا؟ حەمید بەدرخان لە نێوان ئۆباماو میشێلی هاوسەری


بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان** (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
**عەبدولڕەحمان مەعروف** (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: **کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.**
نەخشەساز:
**ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
- بەشی کۆمپیوتەر:
**ئەیوب یوسف ئەبوبەکر**

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- راوێژکاری زمانەوانیی: **د.وریا عومەر ئەمین**
- راوێژکاری رووناکبیریی: **د. ئازاد حەمە شەریف**
- راوێژکاری کەلتووری: **د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی**
- راوێژکاری مێژوو: **د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور**
- راوێژکاری هونەری: **محەمەد زادە**
- راوێژکاری یاسایی: **پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری**

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٠٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ ٩٦٤ +